ڕۆژنامە ٧
www.rozhnama.com
ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەیە کۆمپانیای وشە دەریدەکات
ژمارە 476 سێشەممە 26/ 5/ 2009 | نرخ 500 دینار | No.476 Tue 26/ 5/ 2009

مەترسی سەرەکی.. دەرەکی یان ناوەکی
ئۆپۆزسیۆنو دەسەڵات کامیان لەسەر حەقن
سۆران عەبدولقادر کۆستە
ل ٧

کێشەی هەڵبژاردنی کەرکوک گەڕایەوە خاڵی سفر
ل ٤

# دەربارەی دەرکردنو نانبڕینی لایەنگرانی باڵی ریفۆرم

# ئاسۆ عەلی: بەرپرسیارێتییەکی ئەخلاقی لەئەستۆی حکومەتو سەرۆکایەتی هەرێمدایە

محەمەد ساڵح حەمەلاو

ئاسۆ عەلی ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ئاماژە بەوە دەکات: دەرکردنی کادیرانی یەکێتیو نانبڕاوکردنیان دژ بەبنەما سەرەکییەکانی کارکردنی یەکێتییە.

لەماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا چەندین بەرپرسی حیزبیو حکومیی، کە تیایدایە ڕاگری کۆلێژە، بەبیانووی لایەنگیرییان بۆ باڵی ریفۆرمی ناو یەکێتی کە دەنگ بەلیستی گۆڕان دەدەن لەسەرکارلابراونو پۆستەکەیان لێوەرگیراوەتەوە، جگە لە دەرکردنیانو ناچارکردنیان بۆ دەستلەکارکێشانەوە، بێبەشیان دەکەن لەو ئیمتیازاتانەی کە ئێستا هەیانە.

ئاسۆ عەلی لە لێدوانێکیدا بۆ (KNN) ئاماژەی بەوە کرد، نانبڕینی کادیرو فەرمانبەران لەکاتێکدایە ئەو مووچەیەی کە فەرمانبەران وەریدەگرن، مافێکی تایبەتی خۆیانەو خێری کەس نییە، ئەو پارەیەش لەوبڕە پارە زۆرە تەرخاندەکرێت کە بەناشەفافیانە لەبودجەی گشتیی هەرێم بۆ حیزب دەبڕێتو بەشێکی کەمی بۆ کادیرەکان تەرخاندەکرێت.

هەروەها وتیشی: سیاسەتی نانبڕینی فەرمانبەرانو کادیران درێژەپێدەری هەمان سیاسەتی ڕژێمی پێشووە، کە خەڵکی دەبەستەوە بەمووچەوە، بۆئەوەی هەرکاتێک ویستی ئەو مووچەیە وەک پەتێک بیکاتە گەردنیو پێی ببەستێتەوە، وتیشی: «بەرپرسیارێتی پاراستنی ژیانو گوزەرانو پاراستنی کەرامەتی هاوڵاتییان، بەرپرسیارێتییەکی ئەخلاقیەو لەئەستۆی حکومەتو سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستاندایە».

لەلایەکی دیکەوە تەها عومەر شارەزا لەبواری سیاسیدا ئەوەی خستەڕوو کە لەڕووی یاساییەوە حیزب بۆی نییە فەرمانبەری حکومیی دەربکات، چونکە جیاوازی ڕاوبۆچوون ناچێتە چوارچێوەی سەرپێچی ئیدارییەوە، وتیشی: «دەرکردنی فەرمانبەران دەبێت لەسەربنەمای سەرپێچیکردنی ئیداریی بێتو جیاوازی بیروبۆچوونو ئینتیمای حیزبی بەسەرپێچیکردنی ئیداریی دانانرێتو لەحاڵەتێکیشدا ئەگەر حکومەت حکومەتێکی (دامەزراوەییو یاسایی) بێت ئەوا فەرمانبەر دەتوانێت پەنابەرێتە بەر دادگای کارگێری».

**لەوبارەیەوە ڕاپۆرتێک لە ل ٢ دا بخوێنەرەوە**




## بەرپرسی لقی دووی پارتی: بەهیچ شێوەیەک هێرشم نەکردووەتە سەر نەوشیروان مستەفا

سامان بەشارەتی

پشتیوان سادق بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەوقسانە رەتدەکاتەوە کە ئەو لەکۆڕێکیدا هێرشی کردبێتە سەر نەوشیروان مستەفاو چوار حیزبەکە، وتیشی: «ڕێزم هەیە بۆ خەباتو تێکۆشانی کاک نەوشیروانو بەهیچ شێوەیەک هێرشم نەکردووەتە سەر ئەو، کێشەی کاک نەوشیروان مستەفا پەیوەندی بەناو یەکێتییەوە هەیە من خۆم ناکەمە تەرەف لەوکێشەیەدا».

ڕۆژی (٥/١٣) بەرپرسی لقی دووی پارتی لەکۆڕێکیدا کە لەبارەگای لق بۆ ژمارەیەک لەخوێندکاری زانکۆو پەیمانگاکان سازیکردبوو، بەوتەی هەندێک لەئامادەبووانی کۆڕەکە بەرپرسی لقی دووی پارتی لەهەولێر هێرشی کردووەتە سەر لیستی گۆڕانو نەوشیروان مستەفاو لیستی چوار حیزبەکە.

لەبەرامبەردا پشتیوان سادق بەرپرسی لقی دووی پارتی لەهەولێر ئاماژەی بەوەکرد، کە لەو کۆڕەی خوێندکاراندا کە لەناو بارەگای لقی دوو سازیداوە «بەهیچ شێوەیەک ناوی نەوشیروان مستەفا نەهاتووە»، هەروەها باسی لیستی گۆڕانیشی نەکردووە، وتیشی: «ئازادییو دیموکراتی لە هەڵبژاردنو فرە لیستیدایە، بڕوای تەواوم بەفرەلایەنی هەیەو پێشموایە پرۆسەی سیاسی بەوشێوەیە سەردەکەوێت، کە موونافەسە هەبێت بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات، هاتنەکایەی ئەم لیستانەش ئەو موونافەسەیە دروستدەکات، هەموو لایەکیش هەوڵدەدەن زیاتر خزمەتی هاوڵاتییانو هەرێمی کوردستان بکەن».

## ستافی گۆڤاری ڕۆشنگەری لەبەشی ڕووناکبیری مەڵبەندی سلێمانی دەست لەکار دەکێشنەوە

بەرهەم خالید

دوێنێ سەرنووسەرو چوار کەسی دیکە لەستافی گۆڤاری ڕۆشنگەری، کە کادیری بەشی ڕووناکبیری مەڵبەندی (١)ی ڕێکخستنی یەکێتی بوون، دەستیان لەکارکێشایەوەو سەرنووسەری گۆڤارەکەش دەڵێت: «ئێمە بەخواستی خۆمان دەستمان لەکارکێشایەوە، لەبەرئەوەی باوەڕمان بەوە هەیە کە پێویستە گۆڕانکاریی ڕووبدات».

مەریوان عەلی، سەرنووسەری گۆڤاری ڕۆشنگەری لەلێدوانێکدا بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لەبەر هەڵوێستی خۆمان دوێنێ بڕیاری دەستلەکارکێشانەوەمان داوەو بڕیارمانداوە چیتر وەک کادیری بەشی ڕووناکبیری مەڵبەند کارنەکەین. وتیشی: «لەسەر هەڵوێستی خۆمان کە بڕوامان بەگۆڕان هەیە، بۆیە دەستمان لەکارکێشایەوە لەبەشی ڕووناکبیری مەڵبەندو ئێستا هیچ ئیمتیازێکمان لەوێ نەماوە، ئێمە بێئەوەی بانگبکرێین خۆمان ئەو بڕیارەمان داوە».

کادیرە دەستلەکارکێشاوەکانی گۆڤارەکە بریتین لەهەریەک لە، مەریوان عەلی، سەرنووسەرو بێستون مەحمود، بەڕێوەبەری نووسینو تەها عومەرو هەردی عەلی ئەندامانی دەستەی نووسەرانو ئومێد ئەمین، سەرپەرشتیاری چاپو سۆران قادر کۆستە، کە ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکەیە، بەڵام کادیری مەڵبەند نەبووە پێشتریش شەماڵ عەبدولوەفا، کە خاوەن ئیمتیازی گۆڤارەکەو بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی یەکێتی بوو، پۆستەکەی لێسەندرایەوە.

«بودجەی حیزب شێوازێکی گۆترەکاریی وەرگرتووە»
ل ٣

## حکومەتی هەرێم بە نهێنی سازشێکی گەورە دەکات
## پارەی کۆمپانیاکان لەسەر بەشی ١٧٪-ەکەی بودجەی هەرێم دەدرێت

ڕۆژنامە

توێژەرێکی بیانی کە ئاگاداری ناوەڕۆکی ڕێککەوتنی نێوان بەغداو هەرێمە لەسەر گرێبەستە نەوتییەکانی کوردستان، ئاماژە بەوە دەکات کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕازیبووە، حکومەتی بەغدا نەوتی هەرێم دابەشبکات، لەهەمانکاتدا پارەی کۆمپانیا بیانییەکانیش ١٧٪ی لەسەر بودجەی کوردستان دەدرێت، بە بڕوای ئەو توێژەرە کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت، «ئەوە سازشکردنە کە حکومەتی هەرێم کردوویەتی، بەڵام گرفتەکە لەوەدایە حکومەتی هەرێم ئەم کارانە بەنهێنی دەکاتو لەمیللەتەکەی دەشارێتەوە».

بەرزان محەمەد پەرلەمانتاری کوردستان وتی: «گرفتێکی گەورەی حکومەتە کە ئێمە وەک پەرلەمانی کوردستان بەهیچ شێوەیەک ئاگاداری ناوەڕۆکی گرێبەستەکان نین».

**وردەکاری لە ل٢دایە**

www.rozhnama.com

# تاڵەبانی بانگەشە بۆ بارزانی دەکات

## «تا هەڵمەتی هەڵبژارن بەڕەسمیی دەستپێنەکات، نابێت بانگەشە بۆ سەرۆکی هەرێم بکرێت»

پشتیوان سەعدوڵڵا

لە کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ پێشمەرگە دێرینەکاندا، جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، بانگەشەی بۆ مەسعود بارزانی کردو وتی: «ئەوە هەڵبژاردنمان لەپێشەو پێشمەرگەیەکی دێرینی خۆشەویستو تێکۆشەرو کۆڵنەدەر جەنابی کاک مەسعود بـارزانـی کـە هەموومان پاڵاوتوومانە، بۆئەوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بە دەنگی ئێوەو کۆمەڵانی خەڵک جارێکی دیکە دووپات ببێتەوە». ئەمە لەکاتێکدایە تائێستا بەڕەسمیی هەڵمەتی هەڵبژاردن دەستی پێنەکردووەو بەرپرسانی کۆمسیۆنیش هەر پڕوپاگەندەیەک بەپێشێلکردنی یـاسـاو ڕێنماییەکانی کۆمسیۆن دادەنێن.

بڕیارە ٢٠٠٩/٧/٢٥ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانو سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە یـەک کاتدا ئەنجامبدرێن، لەگەڵ ئەوەشدا (٥) کـەس خۆیان بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم کاندید کردووە، کە دیارترینیان مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانە.

پـێـرێ ٥/٢٤ لـە تـەلاری هونەر لەشاری سلێمانی جـەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ ژمارەیەک لە پێشمەرگە دێرینەکان سازکرد، لە کۆبوونەوەکەدا بەئاشکرا بانگەشەی بۆ مەسعود بارزانی کردو داوای لە ئامادەبووان کرد دەنگی پێبدەن.

وتیشی: «دیـارە خۆتان گرنگیو ڕێـزی کـاک مەسعود دەزانـن وەک تێکۆشەرو پێشمەرگەیەکی دێرینو ڕۆڵـەی بنەماڵەیەکی سـەروەری پرشنگدارە لە مێژووی گەلی کورددا، دیارە من دڵنیام کە کاک مەسعود لەناو دڵی هەمووماندایە، نەک هەر دڵمان، بەڵکو لەکاتی پێویستدا دێتە سەر زارو زمانیشمان».

بـانـگـەشـەکـردن بـۆ مەسعود بـارزانـی لـەلایـەن تاڵەبانییەوە بۆ بەدەستهێنانەوەی پۆستی سەرۆکی هـەرێـم، لەکاتێکدایە بەرپرسانی کۆمسیۆنی بـالای سـەربـەخـۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق جەخت لەسەر ئـەوە دەکـەنـەوە، لەئێستادا هەر پڕوپاگەندەو بانگەشەکردنێک لادانە لە یاساو ڕێنماییەکانی کۆمسیۆن.

سـەردار عەبدولکەریم، ئەندامی ئـەنـجـومـەنـی بـالای کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق، بـە ڕۆژنـامـەی ڕاگـەیـانـد: هێشتا بانگەشەکردنو هەڵمەتی هەڵبژاردن دەستی پێنەکردووەو دوای ڕاستاندنی نـاوی پـاڵـێـوراوەکـان، ئـەو قۆناغە دەستپێدەکات، کۆمسیۆن کۆمەڵێک ڕێنماییو مەرجی بۆ ئەوە داناوەو دەبـێـت هـەمـوولایـەک پابەندبن بە ڕێنماییەکانی کۆمسیۆنەوە.

ئاماژەی بۆئەوەشکرد، ئەگەر هەر کەسو لایەنێک ڕێنماییەکانی کۆمسیۆن پێشێل بکاتو بانگەشە بکات، کۆمسیۆن ئیجرائات دەکات، جگە لەوەش قەوارە سیاسییەکان دەتوانن پەنابەنە بەر دادگا.

وتیشی: «بانگەشەکردن بۆ سەرۆکی هـەرێـم هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ بانگەشەی قەوارە سیاسییەکاندا نییە، تا دەستپێکردنی هەڵمەتی هەڵبژارن بەڕەسمیی، نابێت بانگەشە بۆ سەرۆکی هەرێم بکرێت».

لەماوەی چەند ڕۆژی ڕابـردوودا زۆرێـــک لـە بـەرپـرسـە حیزبیو حکومییەکانی پـارتـیو یەکێتی بانگەشەیان بۆ لیستی کوردستانی دەستپێکردووە. ئەوەش لەکاتێکدایە تائێستا بـەڕەسـمـیـی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان دەستی پێنەکردووە.





# «بودجەی یەکێتیو پارتی مانگانە ٣٠ ملیۆن دۆلارە»

## پەرلەمانتارێک: بودجەی حیزب شێوازێکی گۆترەکاریی وەرگرتووە




محەمەد ساڵح حەمەلاو

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی دەڵێت، بودجەی هەریەک لە یەکێتیو پارتی مانگانە ٣٠ ملیۆن دینارەو ئەندامێکی لیژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستانیش ئاماژە بۆئەوە دەکات، تائێستا پێوەرێک بۆ دیاریکردنی بودجەی حیزبەکان دانەنراوەو بـودجـەی حیزبەکانیش شێوازێکی گۆترەکاریی وەرگرتووە.

لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی ئاوێنە مەلا بەختیار، کارگێڕو وتەبێژی مەکتەبی سیاسی یەکێتی ئاماژەی بەوە کردووە، هەریەکە لە یەکێتیو پارتی مانگانە (٣٠) ملیۆن دۆلار بودجە لە حکومەت وەردەگرن.

بایز تاڵەبانی، وەزیری دارایی هەرێم بە وەکالەت بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئەوەی کە دەڵێت بودجەی یەکێتیو پارتی (٣٠) ملیۆن دۆلارە، ڕاست نیە. هاوکات ناوبراو ئامادەنەبوو ڕاستیو دروستی بودجەی یەکێتیو پارتی ئاشکرابکات، وتیشی: «لە ڕۆژی ٥/٧-ەوە وەزارەتی دارایی بودجەی ئەمساڵی هەرێمی ڕەوانەی لیژنەی دارایی پەرلەمان کـردووە، ئەمساڵیش ساڵی شەفافیەتەو پێویستە پەرلەمان بودجەی حیزبەکان ئاشکرابکات».

هیوا میرزا سابیر، ئەندامی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان، ئەوەی بۆ ڕۆژنـامـە خستەڕوو «یەکێک لەو کێشانەی کە تائێستا ناشەفافیەتێکی ڕوونو ئاشکرای تێدا بەدیدەکرێت، بودجەی حیزبو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنییە». وتیشی: «دوای ئەوەی لەساڵی ١٩٩٣-ەوە یاسای حیزبەکان دەرچوو، پێویستبوو هەر لەو ساڵەدا پەرلەمانی کوردستان یاسایەکی بۆ بودجەی حیزبو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دیاری بکردایەو تێیدا کۆمەڵێک پێوەری بۆ ئەو مەبەستە دابنایە»، بەڵام وەک ئەو باسیکرد، لەوکاتەوە تائێستا پەرلەمان خۆی لەو مەسەلەیە نەداوە، بەوپێیەی ئیرادەیەکی سیاسیی لەپشتەوەیەو نایەوێت ئەو پێوەرانە دیاری بکات.

نزیکەی دوو سـاڵ لەمەوبەر (٥٧) پەرلەمانتاری کوردستان پرۆژە یاسایەکیان پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمان کرد، بۆئەوەی پەرلەمان کۆمەڵێک پێوەر دیاری بکات بۆ بودجەی حیزبەکان، بەڵام تائێستا ئەو هەوڵە سەرینەگرتووە.

هیوا میرزا وتیشی: «تائێستا بودجەی حیزبو دامەزراوەکانی دیکەی کۆمەڵگای مەدەنی شێوازێکی گۆترەکاریی وەرگرتووە، حیزبی دەسەڵاتدار بـەئـارەزووی خۆی چۆنی بوێت وا دیاریدەکات».

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، هەر پـرۆژە یاسایەک (١٠) پەرلەمانتار واژۆی لەسەر بکەن، پێویستە پەرلەمان بیخاتە چوارچێوەی بەرنامەی کاری خۆیەوە.

ئەو پەرلەمانتارە باسی لەوەشکرد، سەرەتا کە ئەو (٥٧) پەرلەمانتارە داوایانکرد پێوەرێک دابنرێت، حکومەت خۆی لێ لادا، هەربۆیە جاری دووەم هەمان پرۆژە یاسامان پێشکەشکردەوە، هەرچەندە خوێندنەوەی یەکەمیشی بۆکرا، بەڵام بەداخەوە پەرلەمان پەیڕەوی نەکرد.

ئەو ئەندامەی لیژنەی دارایی ئاماژەی بەوەشکرد ماوەی دوو ساڵە بـەردەوام جەخت لـەسـەر ئـەوە دەکـەمـەوە، کە پێوەرێک بۆ بودجەی حیزبەکان دابنرێت، بەڵام ئەمساڵ لە بەرامبەر جێبەجێنەکردنی دواکـاریـیـەکـانـی لـیـژنـەی دارایـیو یەکنەگرتنەوەی وەزارەتەکانی دارایـی، بایکۆتی کۆبوونەوەکانی لیژنەی داراییم کرد.

دەربـارەی ئـەوەش کە بایز تاڵەبانی باسی لـەوەکـردووە لە پـرۆژە یاسای بودجەی ئەمساڵدا بودجەی حیزبەکان دیاریکراوە، ئەو ئەندامەی لیژنەی دارایی ڕەتیکردەوە کە تائێستا بودجەی حیزبەکان دیاریکرابێت.

هیوا میرزا ئەوەشی ئاشکراکرد، کە «حیزب هەیە (٩) کورسی لە پەرلەماندا هەیەو جەماوەرێکی زۆریشی هەیە، بەڵام حیزب هەیە (٣) کورسی لە پەرلەماندا هەیەو بودجەکەشی لە بودجەی ئەوان زیاترە».

ئەوەشی ڕوونکردەوە، بانگەشەکردنی ئـەوەی کە یەکێتیو پارتی مانگانە ٣٠ ملیۆن دۆلار وەردەگرن شتێکی زۆر کەمە، پێیوابوو تەرخانکردنی ئەو (٣٠) ملیۆنە وەک نەسریەیەک وایە بۆ ژمارەیەک لە بارەگاکانیان، وتیشی: «داهاتی هەرێمی کوردستان لەژێر ناوی جۆراوجۆردا بۆ حیزبی دەسەڵات تەرخاندەکرێت، هەربۆیە بە ڕێگای جۆراوجۆر خۆیان لە یاسای حیزبەکان دەدزنـــەوەو لە پەرلەمانیش ڕێگای پێنادەن».

دەربارەی بودجەی حیزبەکانیش وتی: «(٪٦٠)ی بودجەی هەرێم کە نزیکەی زیاتر لە (٥) تریلیۆن دینارە، ساڵانە بۆ مووچەی فەرمانبەران دەڕوات»، بە بۆچوونی هیوا میرزا ٪٢٠ی ئەو فەرمانبەرانەش فەرمانبەری فیعلی نینو وەک ئەو وتی: «ئەوانە مووچەخۆری دەمامکدارن بۆ کادیرانی حیزبیو لایەنگرانی ئەو دوو حیزبە خەرج دەکرێن».

## دەركردنی لایەنگرانی لیستی گۆڕان بەردەوامە

# دەیان كادیری مەڵبەندی (١و ٢١)ی سلێمانی دەستیان لەكار كێشایەوە

دلێر عەبدولخالق
نیان مەجید

جێبەجێكردنی بڕیارەكانی جەلال تاڵەبانی لەدەركردنی ئەو كادیرانەی لەناو ئۆرگانەكانی یەكێتیدا لایەنگری لیستی گۆڕان، بەردەوامە، دوێنێش دەیان كادیری مەڵبەندەكانی (١)و (٢١)ی سلێمانی ناچاركران دەست لەكاربكێشنەوە.

لەمەڵبەندی یەكی سلێمانی زیاتر لە (٥٠) كادیر ناچاركران ریزەكانی حیزبەكەیان جێبهێڵن، كە پلەی كارگێڕی مەڵبەندو لێپرسراوو جێگری كۆمیتەو لێپرسراوی كەرتەكانی ڕێكخستنی تێدایە.

ئاسۆ عەبدولڕەحیم كارگێڕی مەڵبەندی یەكی سلێمانی بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: دوای ئەوەی داوایان لێكردین خۆمان یەكلایی بكەینەوەو ئەوانەی دەنگ بەلیستی كوردستانی نادەن بچنە دەرەوەی یەكێتی، ئێمەش بڕیاری خۆماندا بەهاتنە دەرەوەمان لەناو یەكێتی. وتیشی: «ساڵانێكە دەمانەوێت لەناو یەكێتیدا چاكسازی بكەین، بەڵام دەسەڵاتدارانی یەكێتی ڕێگرییان كـردووەو دژی هەوڵەكانمان وەستاونەتەوە».

لەكۆمیتەی (٦)ی چوارباخو (١٥)ی تووی مەلیك (١٣) كادیر ناچاركران دەست لەكاربكێشنەوە، كە هەردوو لێپرسراوی كۆمیتەكەو جێگری كۆمیتەو لێپرسراوی كەرتەكانی ڕێكخستنی تێدایە.

هیوا كۆمەڵە، لێپرسراوی كۆمیتەی (١٥)ی تووی مەلیك ڕایگەیاند: پێشتر لێپرسراوی مەڵبەندی یەكی ڕێكخستنی سلێمانی پێیوتوون پێویستە لەكۆبوونەوەی ئەنجومەنی كۆمیتەدا خۆیان یەكلایی بكەنەوەو ئەو كادیرانەی دەنگ بەلیستی كوردستانی نادەن مووچەكانیان دەبڕدرێت. وتیشی: «ماوەیەكە بەبەرچاوی خۆمانەوە كەتوونەتە نانبڕینی هەڤاڵانی دیكەمان، ئێمەش وەك هەڵوێستوەرگرتنێك دژی ئەو كارە بڕیارماندا لەڕێكخستنەكان بێینە دەرەوە، چونكە چارەنووسی هەموو هەڤاڵانمان بەیەكەوەیە، بەوهۆیەی پێكەوە بڕیاری چاكسازیی و گۆڕانمان داوە».

لە كۆمیتەی (٢)ی بازیانی سەر بەمەڵبەندی (٢١)ی سلێمانیش، زیاتر لە (١٠) كادیریان ناچاركران دەست لەكاربكێشنەوە، كە لێپرسراوی كۆمیتەكەو هەردوو جێگرەكەیو لێپرسراوی چەند كەرتێكی تێدایە، هاوكات ماوەی (٢٠) ڕۆژە نەسرییەی كۆمیتەكەو مووچەی ئەندام كەرتەكان لەلایەن یەكێتییەوە ڕاگیراوە بەبێ پرسی لێپرسراوی كۆمیتەكە.

سالار ڕەفیق حەسەن بەرپرسی كۆمیتەی ڕێكخستنی بازیان بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: بیروڕای ئازادو ڕەخنەو ڕەخنە لەخۆگرتن لەناو یەكێتی نیشتمانیدا ڕێگاو جێگای نەماوە، دروستبوونی لیستی گۆڕان هیوامانە، دەخوازین ئەو لیستە یەكێتی بكاتەوە یەكێتییەكەی جاران، كە بتوانێت بەرنامەو پلانی بۆ ئایندە هەبێت. وتیشی: «یەكێتی بەو گۆڕانە تەنگەنەفەس بووە، بۆیە بڕیاریداوە هەموو ئەو كادیرانەی پشتگیریی ئەو لیستە دەكەن دەربكرێن، ئێمەش لـەگـەڵ چاكسازیی و گۆڕانین‌و پاڵپشتیمان بۆئەو لیستە دەربڕیوەو وازمان لەپلەكانی خۆمان هێناوە».

# د. فوئاد مەعسوم: لەگەڵ پارتی باسی هاوپەیمانێتیمان نەكردووە بۆ پەرلەمانی عێراق



بەرهەم خالید

ئەندامێكی مەكتەبی سیاسیی یەكێتی ئـەوەی ڕەتـكـردەوە، كە حیزبەكەی لەگەڵ پارتی بڕیاریدابێت كە بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقیش بەیەك لیست بەشداریی بكەن.

د.فوئاد مەعسوم ئەندامی مەكتەبی سیاسی یەكێتیو سەرۆكی لیستی هاوپەیمانی كوردستان لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند، تائێستا لەگەڵ پارتی باس لەهیچ هاوپەیمانێتیەك نەكراوە بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراق.

هەروەها وتەكانی نوری مالیكی، سـەرۆك وەزیـرانـی عێراقی بە «نەگونجاو» وەسفكرد، كە داوای گەڕانەوەی كردبوو بۆ سیستمی زۆرینە لەبری تەوافوق، وتیشی: «پێشوازی لەهەر لایەنێك دەكەین كە لەگەڵ بنەماكانی ئێمەدا بگونجێت‌و داوای هاوپەیمانی بكات، هەروەها دەبێت ئەو لایەنە بەسیستمی فیدراڵی ڕازیبێت بـۆئـەوەی هاوپەیمانی لەگەڵ ببەستین».

# تـاریـق هـاشـمـی دەسـتـبـەرداری پۆستە حیزبییەكەی بوو

بەهادین یوسف

تارق هاشمی، جێگری سەرۆك كۆماری عێراق، دەستبەرداری پۆستە حیزبییەكەی دەبێت لەبەرامبەر خۆتەرخانكردنی بۆ كاروبارە حكومیی‌و سیادییەكانی.

لە كۆبوونەوەی ڕۆژی یەكشەممەی ئەنجومەنی شـورای حیزبی ئیسلامی عێراقی، تـارق هاشمی دەستبەرداری پۆستەكەی بوو لەجێی ئەو ئوسامە تكریتی بە ئەمینداری گشتیی حیزبی ئیسلامی عێراقی هەڵبژێردراو ئەیاد سامەڕایی سەرۆكی پەرلەمان وەك جێگری سەرۆكو موحسین عەبدولحەمید بە سەرۆكی ئەنجومەنی شورای حیزبەكە هەڵبژێردرا.

بەپێی بەیاننامەیەكی ڕەسمیی مەكتەبی سیاسی حیزبی ئیسلامی كە وێنەیەكی دەست ڕۆژنامە كەوتووە، تاریق هاشمی داوای لە ئەنجومەنی شورا كـردووە لە پۆستە حیزبیەكەی ببەخشین تا خۆی تەرخان بكات بۆ پۆستی جێگری سەرۆك كۆمار، ئەنجومەنی شوراش داواكەی قبوڵ كردووە.

عەبدولكەریم سامەڕایی، یەكێك لە سەركردەكانی حیزبی ئیسلامی ئەوەی ئاشكراكردووە، ئەوە جاری یەكەم نییە كە هاشمی داوایكردووە دەست لە پۆستە حیزبیەكەی هەڵگرێت‌و خۆی بۆ كاری حكومیی تەرخانبكات، بـەڵام داواكـەی دواخـراوە، دوای لێكۆڵینەوە ئەنجومەنی شورا ڕەزامەندی نیشانداوە.

لە كۆبوونەوەی ڕۆژی یەكشەممەی ئەنجومەنی شورا، جگە لە هەڵبژاردنی ئەمینداری گشتیی حیزبی ئیسلامی (١١) ئەندامیش بۆ مەكتەبی سیاسی هەمان حیزب هەڵبژێردران.

# دانیشتووانی شارۆچكەی پیرەمەگروون لەبەر بێئاویی ڕێپێوان دەكەن

فاخیر تەلانی

ژمارەیەك لە دانیشتووانی شارۆچكەی پیرەمەگروون لەبەر بێئاویی، دوێنێ ڕێپێوانێكی هێمنانەیان ڕێكخست بۆ بەردەم بەڕێوەبەرێتی ناحیەی شارۆچكەكە.

نەجیم ڕەسـوڵ، یەكێك لە بەشدارانی ڕێپێوانەكە، ئاماژەی بەوەكرد «شارۆچكەی پیرەمەگروون ماوەی چوار ساڵە پڕۆژەی ئاوی بۆ كراوە، بەڵام تائێستا كەس سوودی لێی نەبینیوە، خۆمان لەسەر حسابی خۆمان بیرمان لە ماڵەكانماندا هەڵكەندووە، هەموو ماڵێك لانیكەم (١٠٠٠) دۆلار مەسرەفی كردووە تا لە بێئاویی ڕزگارمان بێت، بەڵام ئێستا زۆرێك لە بیرەكان وشكیان كردووە، بەوشێوەیە بـڕوات دەبێت شارۆچكەكە چۆڵ بكەین»، وتیشی: «ئەگەر چارەیەكمان بۆ نەدۆزنەوە، ناچاردەبین ڕێگایەكی دیكە بگرینەبەر».

لە بەرامبەردا سەلام عومەر، بەڕێوەبەری ناحیەی پیرەمەگروون، نكۆڵی لە كێشەی بێئاویی شارۆچكەكە نەكردو وتی: «ئەم شارۆچكەیە پێش ساڵێك لەمەوبەر تۆڕێكی ئاوی كۆنی هەبووە لە گوندی كرژەوە بۆی دەهات، بەڵام لەبەر فراوانیی‌و كەمبوونی ئاوی كرژە، ئێستا هاوڵاتیان كێشەی بێئاوییان هەیە»، ئاماژەی بەوەشكرد، پارێزگاری سلێمانی ڕەزامەندیی دەربڕیوە لەسەر بڕی (٤٠٠) ملیۆن دینار بۆ چارەسەری كەمئاوی شارۆچكەكە لەگەڵ بەردانەوەی شەش ئینچ ئاو لە پڕۆژەی ئاوی دوكان- سلێمانی‌و لەماوەی (١٥) ڕۆژی دیكەدا دەستبەكار دەبن.

## حكومەتی هەرێم بە نهێنی سازشێكی گەورە دەكات

# توێژەرێكی بیانی: پارەی كۆمپانیاكان لەسەر بەشی ١٧٪-ەكەی بودجەی هەرێم دەدرێت

نامۆ عەبدوڵڵا

تـوێـژەرێـكـی بیانی كـە ئـاگـاداری ناوەڕۆكی ڕێككەوتنی نێوان بەغداو هەرێمە لەسەر گرێبەستە نەوتییەكانی كوردستان، ئاماژە بەوە دەكات كە حكومەتی هەرێمی كوردستان ڕازیـبـووە حكومەتی بەغدا نەوتی هەرێم دابەشبكات، لەهەمانكاتدا پارەی كۆمپانیا بیانییەكانیش ١٧٪ی لەسەر بودجەی كوردستان دەدرێـت، بە بڕوای ئەو توێژەرە كە نەیویست ناوی ئاشكرا بكرێت «ئەوە سازشكردنە كە حكومەتی هەرێم كردوویەتی، بەڵام گرفتەكە لەوەدایە حكومەتی هەرێم ئەم كارانە بە نهێنی دەكات‌و لە میللەتەكەی دەشارێتەوە».

لەدوای ڕووخانی ڕژێمەوە ساڵی ٢٠٠٣، حكومەتی هەرێمی كوردستان تاكلایەنە دەستیكردووە بە ئیمزاكردنی گرێبەست لەبواری پشكنین‌و دەرهێنانی نەوتدا لە هەرسێ پارێزگای هەولێرو سلێمانی‌و دهۆك، لەكاتێكدا حكومەتی هەرێم وتوویەتی گرێبەستەكانی دەستوورین‌و لە نەبوونی یاسای نەوت‌و غازدا لەعێراق مافی خۆیانە كە ئیدارەی نەوتی ناوچەكانیان بكەن، بەڵام وەزیری نەوتی عێراق ئەو گرێبەستانە بە نایاسایی لەقەڵەمدەدات.

دوای شەڕێكی ساردو ململانێیەكی توند لەنێوان هەرێم‌و بەغدا لەسەر گرێبەستە نەوتییەكان، لـەمـاوەی دوو هەفتەی ڕابردوودا لە میدیاكاندا ئەوە بڵاوكرایەوە، كە بەغدا ڕێگا بە هەولێر دەدات لە مانگی حوزەیرانەوە نەوت لە ڕێگای بەندەری جیهانی توركییەوە هەناردەی بازاڕەكانی ئەوروپا بكات.

بـەرزان محەمەد، ئەندامی پەرلەمانی كوردستان، وتی: «عێراق بە پلەی یەكەم پشت بە نەوت دەبەستێت‌و بەهۆی ئەو قەیرانە ئابوورییەوە كە نرخی نەوت لە دابەزیندایە، بۆ پڕكردنەوەی ئەم گرفتە عێراق ناچارە بەرهەمی خۆی زیادبكات، بۆیە ناچار بە داواكەی هەرێم ڕازیبووە»، بەڵام توێژەرە بیانییەكە لەلێدوانێكدا بۆ ڕۆژنامە ئاماژە بـەوە دەكـات، «ئـەوەی حكومەتی هەرێم كردوویەتی، جێبەجێكردنی تـەواوی ویستەكانی بەغدایەو بەرهەمی هەموو گرێبەستە نەوتییەكانی كوردستان وەك ئـەوانـەی نـاوەڕاسـت‌و باشووری عێراق لەلایەن حكومەتی ناوەندییەوە دابەشدەكرێت»، وتیشی: «ئـەوەی ئەم سازشە گەورەتر دەكـات، دانـی پارەی كۆمپانیا بیانییەكانە لە بەشی ١٧٪-ەكەی بودجەی حكومەتی هەرێم».

ئەم ڕێككەوتنەی هەرێم‌و حكومەتی ناوەندی لەكاتێكدایە پەرلەمانی كوردستان ئاگاداری ڕێككەوتننامەیەكی لەو شێوەیەو ناوەڕۆكی گرێبەستە نەوتییەكان دەزانێت.

بـەرزان محەمەد، وتی: «ئێمە بەهیچ شێوەیەك ئـاگـاداری ئەوەنین، ئەگەر حكومەتی هەرێم بەو مەرجەی شەهرستانی قایل بێت، ئەوا زەرەرێكی گەورە لە ئابووری هەرێمی كوردستان دەدات».

هەرێمی كوردستان ئێستا توانای هەناردەكردنی زیاتر لە (١٠٠,٠٠٠) بەرمیل نەوتی هەیە لە ڕۆژێكدا.

بـەرزان محەمەد دەڵێت: «من بەهیچ شێوەیەك تەسەور ناكەم كە حكومەتی هەرێم قبوڵ بكات پارەی كۆمپانیاكان لە داهاتی نەوتەكە نەدرێت، چونكە هیچی بۆ نامێنێتەوە».

حكومەتی هەرێم دوو جۆر گرێبەستی نەوتی ئیمزاكردووە، یەكەمیان (گرێبەستی خـدمـە)ی پـێـدەوتـرێـت‌و دووەمـیـان گرێبەستی (هاوبەشی بەرهەمهێنان)ە، كە جـۆری دووەمـی گرێبەستەكە زۆربـەی گرێبەستەكانی حكومەت پێكدەهێنێت، لەمجۆرەیاندا حكومەتی هەرێم (١٥٪) لە نەوتی دەرهێنراو دەدات بەو كۆمپانیایەی كە بە كارەكە هەڵدەستێت، ئەمجۆرە گرێبەستە لەسەر ئەو شوێنانە دەبەسترێت، كە جۆرێك گومان هەیە ئایا نەوت بوونی هەیە یان نا.

پەرلەمانتارەكەی كوردستان نارەزایی دەردەبڕێت‌و دەڵێت: «گرفتێكی گەورەی حكومەتە كە ئێمە وەك پەرلەمانی كوردستان بەهیچ شێوەیەك ئـاگـاداری ناوەڕۆكی گرێبەستەكان نین»، وتیشی: «چەندینجار بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیـران نێچیرڤان بارزانی، بەڵێنیداوە كە ناوەڕۆكی گرێبەستەكان بۆ ڕای گشتیی ئاشكرا دەكرێت، بەڵام تائێستا ئەوە نەكراوە». هـەروەك ئاماژە بەوەشدەكات، ئەگەر گرێبەستێك بەرژەوەندیی هاوڵاتییان‌و بەرژوەندیی گشتی تێدا ڕەچاوبكرێت، پێویست ناكات وردەكاریی ئەو گرێبەستانە لە هاوڵاتییان بشاردرێنەوە.

## د.محەمەد ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامی:

# یەکێتیو پارتی هەوڵی زۆریاندا تا پێکەوە بەشداریی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بکەین

سازدانی: پشتیوان سەعدوڵڵا

**سەرۆکی لیستی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، پێیوایە هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان بوارێکی گەشەسەندووی باشتر لە قۆناغی ئۆپۆزسیۆنبوونو کاراکردنی زیاتری پەرلەمانو حکومەتو دەزگا نیشتمانییەکانی دیکە دەهێنێتە ئاراوە، لەپێناو چاکسازییو پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکاندا، بەشداریکردنی یەکگرتوو لەنێو هاوپەیمانێتییەکدا دەبەستێتەوە بەوەی بتوانێت فشارێکی شیاو کۆبکاتەوە لەسەر دەسەڵات تا زیاتر ملبدات بۆ خواستەکانی خەڵک.**

**د.محەمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامییە، لەم چاوپێکەوتنەی ڕۆژنامەدا دەڵێت: «بەشداریکردنمان لەم هەڵبژاردنەدا بۆ ئەوەیە پێکەوە کاربکەین لەپێناو قوتارکردنی دەزگاکانی دەوڵەت لە حیزبیبوونو گۆڕانیان بە دەزگای نیشتمانیی».**

**ڕۆژنامە: لە هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی کوردستاندا بۆچی یەکگرتوو سەربەخۆ بەشداریی ناکاتو لەگەڵ چەند حیزبێکدا هاوپەیمانێتی دروستکرد؟**

* بۆئەوەی بتوانێت فشارێکی شیاو کۆبکاتەوە لەسەر دەسەڵات، تا زیاتر ملبدات بۆ خواستەکانی خەڵک بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانو چاکسازیی لەبوارە سیاسییەکاندا بهێنێتەدی، چونکە بەردەوام لە هەوڵی پێشکەشکردنی پرۆسەیەکی نیشتمانیداین کە لەسەر بنەمای هاوڵاتیبوون مامەڵە بکات لەگەڵ هاوڵاتییاندا، نەک لەسەر بنەمای ئینتیمای سیاسی یان ئایینی یان مەزهەبی، لەبەرئەوەی هەموو هاوڵاتییان هەر ئینتیمایەکیان هەبێت، دەبێت لەبەردەم یاسادا یەکسانبن، چونکە هەموو بێ جیاوازیی، ئەرکو بەرپرسیارێتیان لەئەستۆدایە، هەروەها لەپێناو قوڵکردنەوەو بەهێزکردنی گیانی پێکەوەژیانو پێکەوە کارکردنی نێوان لایەنە جیاجیاکانی هەرێم بە خواستی خۆیان، گەشەپێدانی ئەو بوارەی ڕەخساندنی بۆ جۆرێک لە ئۆپۆزسیۆنبوون لە قۆناغی پێشوودا، چونکە باوەڕی بە گۆڕانەکان قۆناغ بەقۆناغە، تا پێکەوە کاربکەین لەپێناو قوتارکردنی دەزگاکانی دەوڵەت لە حیزبیبوونو گۆڕانیان بە دەزگای نیشتمانیی، تا لە هەمووانەوە بۆ هەموانبن بەبێ جیاوازیی.

**ڕۆژنامە: ئەی بۆچی بەجیا لەگەڵ یەکێتیو پارتی بەشداریی دەکەن؟**

* چونکە ئەم دەسەڵاتە پێویستی بە چاکسازیی هەیە تا بتوانێت کارابێتو لە خزمەتی خەڵکدا بێت، بۆئەوەی بوارێک بڕەخسێنین بۆ ئۆپۆزسیۆن، ئەگەر ئۆپۆزسیۆن نەبێت، دەسەڵات چەقبەستوو دەبێتو گەندەڵی بۆگەنی دەکاتو لە سروشتی خۆی لایدەدات.

**ڕۆژنامە: بەشداریکردنتان لەدەرەوەی یەکێتیو پارتی بە ویستو ئارەزووی خۆتان بووە؟ یان وەکو دەوترێت یەکێتیو پارتی پشتیان لە هاوپەیمانەکانی هەڵبژاردنی ڕابردوو کردووە؟**

* بەڵێ زۆر زۆر بەویستی خۆمان بوو، هەرچەندە هەردوو حیزبی دەسەڵات زۆر هەوڵیاندا تا پێکەوە بەشداریی هەڵبژاردنەکان بکەین، بەڵام خۆمان ئەم شێوازەی کارکردنمان پێ باشبوو بۆ هەڵبژاردنەکان.

**ڕۆژنامە: بەوپێیەی یەکگرتوو زۆر کات باسی چاکسازیی دەکات، بەشداریکردنتان لەدەرەوەی لیستی یەکێتیو پارتی لەم هەڵبژاردنەدا تا چەند پەیوەستە بە چاکسازییەوە؟**

* هەر بۆ ئەو مەبەستەیە بەجیاو لەگەڵ چەند حیزبێکی خەباتگێڕی سەر گۆڕەپانی سیاسیی دەرەوەی دەسەڵات، بەویستی خۆمان بۆ مەبەستی پێشکەشکردنی پرۆسەیەکی نیشتمانیی لەپێناو چاکسازیی سیاسیو فشار دروستکردن لەسەر دەسەڵات، تا لە خزمەتی خەڵکدابێت، ئەم هاوپەیمانێتییەمان پێکهێنا.

**ڕۆژنامە: ئەگەر وایە بۆچی لە ڕابردوودا بیرتان لەم شێوازی بەشداریکردنە نەکردووەتەوە؟**

* قۆناغی پێشوو تازە لە شەڕی ناوخۆ دەرچووبووین، وڵات دابەش بووبوو بەسەر دوو ناوچەی دەسەڵاتدا، حکومەتی هەرێم یەکی نەگرتبووەوە، بۆیە کۆکردنەوەو یەکخستنی تواناکانو هاوکاریکردنی هەموو لایەنە جیاجیاکان لەپێناو یەکگرتنەوەی حکومەتو سەرخستنی دەستوور، بەدەستووریکردنی مافە ڕەواکانی ئەم گەلەو ڕەواندنەوەی گرژییەکانی دوای شەڕی نەگریسی ناوخۆ، بەشداریکردن لە یەک لیستی هاوبەشدا زۆر پێویستبوو، داواکارییەکی هەنووکەیی پێویستی ئەو قۆناغە بوو، بەڵام کە بچووکترین هەل ڕەخسا دوای یەکگرتنەوەی حکومەتو دروستبوونەوەی پەرلەمانی یەکگرتوو و سەرخستنی دەستوور، لە هەڵبژاردنی عێراقدا بە خوێنی شەهیدەکانمان یەکەم هەنگاوی جیاییو سەربەخۆییو ڕۆڵی تەواوکاری گێڕانمان لەپێناو چاکسازییو دژایەتی گەندەڵیدا نەخشاندو چەسپاند، هەر ئەمجۆرە لە قبوڵکردنی لیستی جیاجیا لەلایەن دەسەڵاتەوە لەئێستادا بەرهەمی ئەو هەنگاوە پیرۆزەبوو، چونکە هەموو ئەو چاوڕاو چەواشەکارییانەی لەدەوری لیستی جیاواز هەبوو، پوچەڵی کردەوەو سەلماندمان کە لیستی جیا ڕۆڵی تەواوکاری دەبێت نەک دژایەتی.

**ڕۆژنامە: بەشداریکردنتان لەگەڵ دوو حیزبی عەلمانیو حیزبێکی ئیسلامیی، تا چەند پەیوەندی بە پێکهێنانی هێزێکی گەورەی نێو گۆڕەپانی سیاسی کوردستانەوە هەیە؟**

* بۆ ئەو مەبەستەیە بۆئەوەی بتوانین هێزێکی نیشتمانیی کارا لەپێناو چاکسازییو خزمەتگوزاریدا بەدەستبهێنین.

**ڕۆژنامە: بەڕای تۆ هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان چ گۆڕانکارییەک دەهێنێتە ئاراوە؟**

* بوارێکی گەشەسەندووی باشتر لە قۆناغی ئۆپۆزسیۆنبوونو کاراکردنی زیاتری پەرلەمانو حکومەتو دەزگا نیشتمانییەکانی دیکە، یەکخستنی تواناکان لەپێناو چاکسازییو پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکاندا.

**ڕۆژنامە: دەتوانیت بڵێین ئەم هەڵبژاردنە هێزێک دەڕووخێنێتو لەهەمانکاتیشدا هێزێک دروستدەکات؟**

* مەرج نییە باسی ڕووخانو دروستکردن بێت، بەڵکو باسی چاکسازییو گۆڕانی ئیجابیو گەشەکردنی دیموکراسیو کاراکردنو ڕزگارکردنی دەزگا نیشتمانییەکانە لە حیزبیبوون.

**ڕۆژنامە: ئایا لەئێستادا دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان پێویستی بە ئەلتەرناتیف هەیە؟**

* دەسەڵات پێویستی بە چاکسازیی هەیە تا بتوانێت خزمەت بکاتو کارابێتو لە گەندەڵییەکان ڕزگاربکرێت، نەک باسی بەدیلو بەدیلبوون.

**ڕۆژنامە: ئەی لەم قۆناغەدا بەدیلێک بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات هەیە؟**

* ئاڵوگۆڕکردنی دەسەڵات بەشێوازێکی دیموکراسی پێویستی بە زەمینەسازییەکی باش هەیەو پێویستی بە گەشەو نەشونمای دیموکراسیانەی کۆمەڵگاو پرۆسە سیاسییەکان هەیە، هەرکات ئەوەش هاتەدیو دەوڵەت دەوڵەتی یاساو دەزگاکان بوو، ئەوجا گۆڕان گۆڕانی ئیجابی دەبێت لە دەسەڵاتدا خزمەتدەکات، بەرئەنجامێکی ئاسایی کێبڕکێکان دەبێت، بەڵام لەئێستادا پێویستە کاربکەین تا ئەو زەمینەیەو ئەو زەمینەسازییە دێتەئاراوە.

**ڕۆژنامە: ئەو هێرشانەی دەکرێنە سەر لیستەکانی دەرەوەی یەکێتیو پارتی، چۆن پێناسەیان دەکەیت، بە بۆچوونی تۆ لەسەر چ بنەمایەک ئەو هێرشانە دەکرێن؟ یان چ عەقڵیەتییەک ئەوەی دروستکردووە؟**

* ئەو هێرشانە هەندێکی بەرئەنجامی ئاسایی ململانێکانە، هەندێکیان بەهۆی کاڵوکرچی دیموکراسی عەقڵیەتەکانە، چونکە تائێستاش لە ناخماندا نیشتووی دەستی کاریگەریی دیکتاتۆریەت بوونی هەیە، هەندێکیشیان هەڵقوڵاوی دیدی موڵکدارییبوونی دەسەڵاتە، بۆیە هەرکەس لە دەسەڵاتدا بێت، مادام بە موڵکی ڕاستەقینەی خۆی دەزانێت، هەرکەس باسی گۆڕان بکات بە دوژمنو داگیرکەری ئەو میراتی باووباپیرانەی دەزانێت، بۆیە ڕێگا بەخۆیان دەدەن هەموو جۆرە ئاوەڵناوێکی نەشیاوو نەخوازراو لە خیانەت، دوژمنکاری، ناپاکیو.. هتد، بدەنە پاڵ هەرکەسێک باسی گۆڕانو چاکسازیی گەندەڵی بکات.

**ڕۆژنامە: ئەی بەشداریکردنتان بە لیستی سەربەخۆ لە هەڵبژاردنی ڕابردووی پەرلەمانی عێراقدا لەسەر چ بنەمایەک بوو؟**

* قوڵکردنەوەی زیاتری دیموکراسیەت بوو تا هاوڵاتی کاتێک دەچێتە پای سندوقەکانی دەنگدان، زیاتر لە خیارێکی لەبەردەستدا بێت، ئەگەر نا، دەبێتە ڕیفراندۆم نابێتە هەڵبژاردن، بۆئەوەی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان گەرموگوڕ بکرێن، چونکە کێبڕکێ نەبێت پرۆسەکە بە ساردوسڕی دەگوزەرێت، هەروەها بۆ بەهێزکردنی گیانی کێبڕکێی ئیجابی لەپێناو پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکاندا، لەلایەکی دیکەوە بۆئەوەی ڕەهەندێکی ئیسلامیش بدەینە خەباتی سیاسیی کورد، چونکە گەلێکی مسوڵمانی وەک کورد گونجاو نەبوو پرۆسە سیاسییەکەی خاڵی بێت لە ڕەهەندی ئیسلامیی، هاوکات وەک مومارەسەکردنێک بوو بۆ مافێکی سیاسیو دەستووریی خۆمانو هەنگاوێک بۆ ڕەخساندنی بوارێک بۆ ئۆپۆزسیۆنبوونو بۆ چەسپاندنی فرەیی سیاسیی ڕاستەقینە، لەگەڵ ئەوەشدا هەنگاوێک بوو بۆ فشار دروستکردن لەسەر دەسەڵات لەپێناو گرنگیدان بە خواستەکانی خەڵکو پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانو سازدانی بوارێک بۆ ناساندنی گەندەڵییەکانو دژایەتیکردنی بە هەموو شێوازەکانییەوە.



**ئەوەی لە دەسەڵاتدا بێت، مادام بە موڵکی ڕاستەقینەی خۆی دەزانێت، هەرکەس باسی گۆڕان بکات بە دوژمنو داگیرکەری ئەو میراتی باووباپیرانەی دەزانێت، بۆیە ڕێگا بەخۆیان دەدەن هەموو جۆرە ئاوەڵناوێکی نەشیاوو نەخوازراو لە خیانەت، دوژمنکاری، ناپاکیو.. هتد، بدەنە پاڵ هەرکەسێک باسی گۆڕانو چاکسازیی گەندەڵی بکات**

**ئەگەر ئۆپۆزسیۆن نەبێت، دەسەڵات چەقبەستوو دەبێتو گەندەڵی بۆگەنی دەکات**

## لیژنەی مادەی (٢٣) شکستیهێنا

# کێشەی هەڵبژاردنی کەرکوک گەڕایەوە خاڵی سفر

بەهادین یوسف

بەر لە کۆتاییهاتنی ماوەی کارکردنیان لیژنەی مادەی (٢٣) شکستی کارەکانی ڕاگەیاند، بەهۆی ڕازینەبوونی عەرەب بە هاوتاکردنی ژمارەی فەرمانبەرانو دانەمەزراندنی فەرمانبەری کوردەوە.

ڕۆژی ٢٠٠٩/٥/٢٤و پێش کۆتاییهاتنی ماوەی دووەمی کارکردنیان، لیژنەی پەرلەمانی تایبەت بەلێکۆڵینەوەی ڕاستییەکانی کەرکوک شکستهێنانو ڕێکنەکەوتنی خۆی ڕاگەیاند، بەوپێیەش چارەسەرکردنی کێشەی هەڵبژاردنی کەرکوک دەسپێردرێت بە سێ ئەنجومەنی سەرۆکایەتی عێراق، تا ڕێوشوێنو مەرج بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک دابنێت.

یونادم یوسف کەننا، نوێنەری مەسیحییەکان لە لیژنەی مادەی ٢٣، لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە هۆکاری ڕێکنەکەوتنی پێکهاتەکانی گەڕاندەوە بۆئەوەی، «خاڵی سەرەکی دەربارەی وەزیفە گشتییەکانەو عەرەبو تورکمانەکان ڕازینەبوون بە پێشنیازێکی ئەندامە کوردەکان بۆ هاوتاکردنی ئەو خاڵەو گواستنەوەی میلاکی زیاتر لە (٢) هەزار مامۆستا لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ سەر ئیدارەی کەرکوک، کە ئێستا لە کەرکوک دامەزراون».

وتیشی: «لیستی هاوپەیمانی کوردستان داوای زەمانەتی یاسایی دەکرد سەبارەت بە یەکسانکردنی پلە ئیدارییو وەزیفیو ئەمنییەکان، دەربارەی لابردنی تەجاوزاتیش، کورد داوای دەکرد ئەو حاڵەتەی لە کەرکوک هەیە، وەک هەموو پارێزگاکانی دیکەی عێراق چارەسەربکرێت».

ڕاگەیاندنی شکستی کاری ئەم لیژنەیە دوای ئەو کۆبوونەوەیە لەسەر پێشنووسی یاساکە هات، کە لیستی هاوپەیمانی کوردستان پێشکەشی ئەندامانی دیکەی لیژنەکەی کردبوو سەبارەت بە هاوتاکردنی خزمەتە گشتییەکانو پلە ئیدارییو وەزیفییەکان.

بەپێی مادەی (٢٣) لە یاسای ژمارە ٣٦ی ساڵی ٢٠٠٨ی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق، هەڵبژاردن لە کەرکوک دواخراو لیژنەیەکی (٧) کەسیی لە دوو نوێنەری هەریەکە لە کوردو عەرەبو تورکمانو یەک نوێنەری مەسیحی پێکهات بۆ دابەشکردنی پۆستەکانی کەرکوکو لێکۆڵینەوە لە تۆماری دەنگدەرانو ڕەگەزنامەو زیادەڕەوییەکان، بڕیاربوو ٢٠٠٨/١١/١ پێکبێتو تا کۆتایی مانگی ئازاری ٢٠٠٩ دوا ڕاپۆرتی خۆی لەوبارەیەوە پێشکەش بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەران بکات.

خالید شوانی، ئەندامی لیستی هاوپەیمانیو نوێنەری کورد لە لیژنەکە، دوای شکستی کۆبوونەوەکەیان ڕایگەیاند: نوێنەرانی پێکهاتەکان نەگەیشتوونەتە هیچ ڕێککەوتنێک لەبارەی جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی مادەی (٢٣)، «دابەشکردنی پۆستە ئیدارییەکان لە فەرمانگەو دامەزراوەکانی دەوڵەتدا گەورەترین ڕێگرە لە گەیشتن بە ڕێککەوتنێک، عەرەبەکان نایانەوێت هیچ زەمانەتێک بدەنە کوردو تورکمانو کلدۆ ئاشوورییەکان، لەبارەی دابەشکردنی ئەو پۆستانەوە».

شوانی جەختی لەسەر ئەوەشکردەوە، ماوەی کارکردنی لیژنەکەیان لەکۆتایی ئەم مانگەدا کۆتایی پێدێتو بە نەگەیشتنی لیژنەکەش بەهیچ ئەنجامێک مەسەلەی کەرکوک ڕەوانەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەکرێت، ئەم کارەش دەبێتە هۆی ئاڵۆزبوونی پرسەکە بۆ جارێکی دیکە.

دەربارەی ئەوەی ئەگەر لیژنەکە نەگەیشتە دەرئەنجامێک لەماوەی ئەم چەند ڕۆژەدا بەدیل چی دەبێت، یونادم کەننا وتی: «ئەگەر ڕێککەوتین باشترە، ئەگەرنا ئەوە ڕایدەگەیەنین کە لیژنەکە سەرکەوتوو نەبووەو ڕاپۆرتی خۆمان دەنووسین بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان، ئەوکاتە مەسەلەکە دەچێتە بەردەستی سێ ئەنجومەنی سەرۆکایەتییەکەی عێراق (کۆمار، نوێنەران، وەزیران)، جگە لەوە ڕێگاچارەی دیکە نییە».


ژمارەیەک لە ئەندامانی لیژنەی مادەی ٢٣

لیژنەی مادەی (٢٣) پێکدێت لە (سیروان کاکەییو خالید شوانی نوێنەری کورد، عومەر جبوریو محەمەد تەمیم نوێنەری عەرەب، سەعدەدین ئەرگیچو محەمەد بەیاتی نوێنەری تورکمانو یونادم کەننا نوێنەری کلدانو ئاشووری)، دوای دوو مانگ لە پێکهێنانی ڕۆژی ٢/٢ لیژنە حەوت کەسییەکەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق سەردانی کەرکوکیان کردو یەکەم کۆبوونەوەیان ئەنجامدا، تورکمانو عەرەبەکانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک داوایانکردووە وەک پەیامێک بۆ کەرکوکییەکان لەسەرەتاوە ڕاستەوخۆ پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا بدرێتە تورکمانەکان، ئەمەش بکرێتە خاڵی دەستپێکردنی کارەکانی لیژنە پەرلەمانییەکە، بەڵام ڕاستەوخۆ ئەم پێشنیازە لەلایەن کوردەوە ڕەتکرایەوە، دوای ئەو ماوەیەش هیچ کۆبوونەوەیەکی دیکە ئەنجامنەدرا.

پێشترو لە وەڵامی نووسراوێکی لیژنە پەرلەمانییەکەدا بۆ ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، لیستی برایەتی کەرکوک، ئامادەیی خۆی نیشاندا دەستبەرداری پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا بێتو پارێزگار هەڵبژێرێت، پێشتریش جێگری پارێزگاریش درابووە عەرەبەکان.

ڕۆژی ٢٠٠٩/٣/٧ لیژنەکە بەیەکجاریی چوونە کەرکوک بۆ تەواوکردنی کارەکانیانو ئامادەکردنی دوا ڕاسپاردەکانی لەسەر ئەو مادەیە، لەو بەروارە بەدواوە چەندین کۆبوونەوەی هاوبەشو بە بەشداری کونسوڵی ئەمریکاو نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان کرا، بێئەوەی بە ئەنجامێکی ئەوتۆ بگەن کە بکرێتە ڕاسپاردە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی هەڵبژادنی کەرکوک تا کۆتاییهاتنی کارەکانیان لە ٢٠٠٩ /٣/٣١، لەو سەروبەندەشدا لیژنەکە بەشێوەیەکی ڕەسمیی داوایانکرد ماوەی کارەکانیان بۆ دوو مانگ درێژبکرێتەوە، بۆئەوەی قەرەبووی دوو مانگی لەدەستچوویان بکەنەوە.

ڕۆژی ٢٠٠٩/٤/١٦ لە دانیشتنی دوای پشووی زستانەی پەرلەماندا، لیژنە پەرلەمانییەکە بەڕەسمیی داوایانکرد ماوەی کارەکانیان بۆ ماوەی دوو مانگ بۆ درێژبکرێتەوەو ئەنجومەنی نوێنەرانیش داواکەی پەسەندکرد، بەوپێیەش مۆڵەتی ٢٠٠٩/٥/٣١ درایە لیژنەکە بۆ تەواوکردنی کارەکانیان.

بەپێی بڕگەی حەوتەم لە مادەی (٢٣)ی یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان: بەپێی ئەو ڕاسپاردانەی لیژنەکە بەرزیدەکاتەوە بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانو بەپێی ئەو ئەنجامەش یاسایەکی تایبەت بۆ یەک خولی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک دەردەچێت، ئەگەر لیژنەکەش نەگەیشتنە ئەنجام، ئەوکاتە هەرسێ (سەرۆکایەتی کۆمار، سەرۆکایەتی وەزیران، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەران) بەهاوکاری نێودەوڵەتی لەڕێی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، مەرجی گونجاو دادەنێت بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە کەرکوک».

# کورد لە نەهێشتنی تەوافوقی سیاسی دەترسێت

محەمەد ساڵح حەمەلاو

نوری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی عێراق، ڕایدەگەیەنێت کە سەردەمی تەوافوقی سیاسی بەسەرچووە، ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستانیش پێیوایە، کورد هەمیشە بە ئاگری شێوازی حوکمڕانی عێراق سووتێنراوە، هەربۆیە «ترسی لە گۆڕینی سیستمی تەوافوقی سیاسی هەیە».

دوای ئەوەی لیستەکەی نوری مالیکی لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییانەی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە چەند ناوچەیەکی عێراق سەرکەوتنی بەدەستهێنا، ئێستا جۆرێک لە بێمنەتی لەلایەن نوری مالیکییەوە دروستبووە، بەوەی کە دەیەوێت سیستمی تەوافوقی سیاسی بگۆڕێت بۆ سیستمی سەرۆکایەتی وەک خۆی دەڵێت (کێ لە هەڵبژاردنەکاندا زۆرینەی دەنگەکانی بەدەستهێنا، حکومەت پێکبهێنێت).

د.ناسح غەفور، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، ئەوەی بۆ ڕۆژنامە خستەڕوو کە یەکێک لە هەڵە گەورەکانی سەرکردایەتی کورد ئەوەیە، کە لەکاتی تەنگانەدا هەرلایەنێک ڕووی لێکردبێتو چیان ویستبێت بۆیان کردوون، وتیشی: «زۆرێک لەوانە کە پێشتر ئامادەبوون دیموکراتیی تەوافوقی لە عێراقدا پەیڕەو بکرێت، ئێستا کە لە تەنگەژەکان ڕزگاریان بووە، پەشیماندەبنەوە لە سیستمەکە».

لێدوانەکانی نوری مالیکی سەرەک وەزیرانی عێراق، دەربارەی هەڵوەشاندنەوەی سیستمی دیموکراتیی تەوافوقی، لەکاتێکدایە کە زۆربەی لایەنە سیاسییەکانی کەرکوک بۆ بەڕێوەبردنی ئیدارەی شارەکە داوای پەیڕەوکردنی سیستمی تەوافوقی دەکەن، بەڵام دوای هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە نەینەوا، لیستی حەدبا تاکڕەوانە ئیدارەی ناوچەکە دەگرێتەدەستو کورد لە بەڕێوەبردنی ئیدارەی ناوچەکە بێبەش دەکات.

د.ناسح ئاماژەی بەوەکرد، ئەگەر بەوشێوەیە بێت، کێشەی کەرکوک چارەسەر ناکرێت، هەربۆیە کوردیش پێداگیری دەکات لەوەی لە کەرکوک زۆرینەیەو ڕێگا بە بەشداریکردنی پێکهاتە سیاسییەکانی دیکەی پارێزگاکە نادات.

وتیشی: «لێدوانەکانی مالیکی پێچەوانەی دەستوورەو ئەو لێدوانانەش تەنیا بۆ ئاژاوە نانەوەیە، چونکە هەرێمی کوردستان ئێستا لە چەندین ڕووەوە پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، هەربۆیە چاویان بەو پێشکەوتنانەی هەرێم هەڵنایەت، دەیانەوێت بەهەر شێوەیەک بێت ئەم ئەزموونەی هەرێم بشێوێننو جارێکی دیکە دەسەڵاتی مەرکەز بەهێز بکەنەوە».

بەپێی مادەی (١٤٢)، پێویستە دوو لەسەر سێی، سێ پارێزگای عێراق دژی گۆڕینی دەستوورنەبن، ئەگەر نا گۆڕینی دەستوور سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت.

د.ناسح ئەوەی ڕوونکردەوە، کە گۆڕینی سیستمی فەرمانڕەوایی بە گۆڕینی دەستوور دەبێت، لێدوانەکانی مالیکیش وێڕای ئەوەی پێچەوانەی دەستوورە، هاوکات جگە لە بانگەشەکردنی هەڵبژاردن هیچ لێکدانەوەیەکی دیکە هەڵناگرێت.

موحسین سەعدون، ئەندامی لیستی هاوپەیمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لێدوانەکانی نوری مالیکی پێچەوانەی واقیعی سیاسیی عێراقە، ئەگەر تەوافوقی سیاسیی نەبێت، ئەوا عێراق بەرەو هەڵگیرسانی جەنگی ئەهلی دەڕوات، ئاماژەی بەوەشکرد، کۆمەڵگای عێراق کۆمەڵگایەکی فرەنەتەوەو فرەئایین بۆیە سیستمی تەوافوقی باشترین شێوازە بۆ بەڕێوەبردنی وڵات.

ئەو ئەندامەی لیستی هاوپەیمانی دەڵێت: زۆربەی پێکهاتە سیاسییەکانی عێراق واژۆیان لەسەر ئەوە کردووە، کە سیستمی بەڕێوەبردنی عێراق سیستمێکی سیاسی تەوافوقی نیشتمانی بێت، هەربۆیە سیستمی سەرۆکایەتی لە واقیعی ئێستای عێراقدا جێی نابێتەوە.

د.فوئاد بابان، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، پێیوایە، لێدوانەکانی مالیکی دەربارەی گۆڕینی سیستمی تەوافوقی بۆ سیستمی سەرۆکایەتی، ئامادەکارییە بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو کە سیستمی فەرمانڕەوایی وڵات بگۆڕدرێت بە سیستمی سەرۆکایەتی، وتیشی: «ئەو هەنگاوەش ئەوە دەگەیەنێت کە دەیانەوێت عێراق بگەڕێننەوە بۆ سەردەمی تاکڕەوی، وەک چۆن لە سەردەمی ڕژێمی پێشوودا پەیڕەو دەکرا».

د.فوئاد بابان وتیشی: «هەرچەندە مەسەلەی تەوافوق لە دەستووری عێراقدا ناوی نەهاتووە، بەڵام تەوافوق ڕێککەوتنێکە لایەنە سیاسییەکانی عێراق لەسەری ڕێککەوتوون، هەر ئەوەش تەنیا بەهانەیەکە کە مالیکی پەنای بۆ دەبات، بەوەی کە تەوافوق بنەمایەکە دەکرێت چاوی پێدا بخشێنرێتەوە»، پێشیوابوو دوای سەرکەوتنی لیستەکەی مالیکی لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە چەند ناوچەیەکی عێراقدا، جارێکی دیکە مالیکی دەیەوێت سیستمێکی تاکڕەوی بێنێتە کایەوە، بەڵام ئەمجارەیان بە جلوبەرگێکی مەدەنیانەوە.

دەربارەی ئەوەش کە سەرکردایەتی کورد ترسی هەیە لە پەیڕەوکردنی سیستمی سەرۆکایەتی لە عێراقدا، د.ناسیح غەفور پێیوابوو ترسی کورد هەمیشە لە ئارادایە، ئەوەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە هەمیشە کورد بە ئاگری شێوازی حوکمڕانی عێراق سووتێنراوە.

ئاماژەی بەوەشکرد، لە یەکەم بەیاننامەی دامەزراندنی حکومەتەکەی مالیکییەوە لە ساڵی ٢٠٠٥، بەڵێنیدا مادەی (١٤٠) جێبەجێ بکات، بەڵام جێبەجێشی نەکرد، هەربۆیە ئەو بێبەڵێنیانە هەمیشە ترسو دڵەڕاوکێ لای سەرکردایەتی کورد دروستدەکات، کە ئاخۆ تاچەند حکومەتی ناوەندیی پابەند دەبێت بە بەڵێنەکانی خۆیەوە.





# مەترسیی سەرەکی.. دەرەکی یان ناوەکی
# ئۆپۆزسیۆنو دەسەڵات کامیان لەسەر حەقن

سۆران عەبدولقادر کۆستە

**(١-٢)**

باس لەدوو گوتاری جیاواز دەکرێت سەبارەت بەمەترسیی دەرەکی لەسەر هەرێمی کوردستان. گوتارێکیان، گوتاری ئۆپۆزسیۆنە، کەخۆی لەلیستی گۆڕانو چوار پارتە کوردستانیەکەو بەشێکی بچووکی چەپەکاندا دەبینێتەوەو باوەڕیان وایە: ((مەترسیی دەرەکی لەسەر هەرێمی کوردستان زۆر لاوازەو بەهیچی نازانن لەچاو ئەو مەترسییە ناوەکییەدا، کە سەراپای جەستەی کۆمەڵگای کوردی گرتووەتەوەو بەشی هەرە گەورەی ئۆباڵەکەشی دەخەنە ئەستۆی هێزە سیاسییەکان کەئەمڕۆ لەدەسەڵاتدان، بەدیوێکیش لەدیوەکاندا ئەمە یەکێکە لەگوتارەکانی ڕکابەریکردنی دەسەڵات لەپرۆسەی هەڵبژاردندا)). گوتاری دووەمیان، گوتاری دەسەڵاتە، کەخۆی لەهەردوو پارتی سەرەکی کوردیدا دەبینێتەوە ئەوانیش (پ.د.ک)و (ی.ن.ک)ن، ئەمان پێیانوایە: ((هەرێمی کوردستان هێشتا لەبەردەم مەترسییە دەرکییە ترسناکەکاندایەو مەترسییە ناوەکییەکان ئەو سەنگەیان نییەو لەدرێژماوەدا چارەسەر دەکرێن، یان ڕاسترە بڵێین مەترسییە دەرەکییەکان لەبەر زهنیەتی هاوڵاتیاندا گەورە دەکەنەوەو خۆیانی لەمەترسییە ناوەکییەکان پێ دەپارێزن، لایەنی کەم چونکە داننان بەمەترسییە ناوەکییەکاندا بەرۆکی خۆیان دەگرێت)).

لەم تێکستەدا ئەوەندەی مومکین بێت هەوڵدەدەم شیکردنەوەیەکی بێلایەنانەی زانستیانە بۆ ئەم دوو بۆچوونە بکەمو بەمافی هاوڵاتیشی دەزانم بەرچاوی ڕۆشنبێتو ئاستی واقیعیەتی ئەم دوو گوتارە سیاسییە لەبازاڕی هەڵبژاردنەکاندا وەک خۆی بکرێتو کاریگەریی هەژموونو لایەنداری لەخۆی دووربخاتەوە، بۆ ئەوەی بتوانێت باشتر دەنگی خۆی ببخەشێتە ئەو سیاسەتەی کەنوێنەرایەتی ئەو دەکات.

## مەترسییە دەرەکییەکان لەسەر هەرێمی کوردستان:

مەترسییە دەرەکییە سەرەکییەکان بریتین لە، مەترسی سیاسیو ئابووریو ستراتیژی لەسەر هەرێمی کوردستان، ئەو هێزانەش کە ئەمجۆرە مەترسییە دروستدەکەن چەند وڵاتێکی دراوسێی وەک ئێرانو تورکیاو سوریا دەگرێتەوە بەپلەی یەک، پاشان زلهێزو هێزە بەرژەوەندیدارەکان لەناوچەکەدا. گومانی تێدانییە لەماوەی ڕابردوودا هەمیشە ئەم وڵاتانە لەهەموو جۆرەکانی خودموختاریو ئۆتۆنۆمیو فیدراڵی کوردەکانی عێراق ترساونو ئەوەی ویستبێتیان کردوویانە بۆ ئەوەی کوردەکانی هەرێمی کوردستان کەمترین دەستکەوت بەدەست بهێنن. لەهەمان ژینگەو بارودۆخیشدا کە کوردەکان دەستکەوتێکیان بەدەست هێنابێت ئەم وڵاتانەش پیداچوونەوەیان بۆ باری ژیانی سیاسی خۆیان کردووەو هەوڵیانداوە سوود لەچارەسەری عێراقییەکان وەربگرن بۆخۆیان. گەر سەیری ڕەگەزی شەڕانگێزی ئەم سیستمانە بکەین هەرگیز درێغییان نەکردووە لەسەرکوتکردنی خەڵکی کوردستانو تائێستاشی لەسەربێت کەی دەیانەوێت هێز بەکاردەهێننو کەسێکیش ناتوانێت ڕێگایان پێ بگرێت. بۆ ئەو دوو بارەی باسمانکردن نموونە زۆرن: کەمنین ئەو هێرشە سەربازیانەی ساڵانەو مانگانە دەکرێنە سەر هەرێمی کوردستان، هەروەها دەبێت ئەو هەوڵەی ئەمدواییانەی تورکیا بەهەند وەربگرین، کە دەخوازێت بەشێوازێکی دیکە مامەڵە لەگەڵ کوردەکاندا بکات، یان ئەو گوتارەی ئەمڕۆ ڕیفۆرمیستەکان لەئێراندا باسی لێوەدەکەن سەبارەت بەچارەسەری کەمینەو ئاییناو نەتەوەکانی دیکە بەتایبەتیش مەسەلەی کورد.

بۆ چارەسەری مەترسیی سیاسی هێزە دەرەکییە دراوسێکانی هەرێمی کوردستان، زمانی گفتوگۆو سەلماندن کەمترین تێچوونی مرۆیی هەیەو پێویستی بەکاتێکی زۆرتر هەیە، کە ئەگەر بێتو ئەمکاتە زۆرە لەمپەربێت لەبەردەم چاکسازییە ناوخۆییەکاندا، ئەوا هەرێمی کوردستان بەرەوڕووی قووڵبوونەوەی قەیرانەکان دەچێت. تائێستاش هێزە دراوسێکانی هەرێمی کوردستان دەیانەوێت هەژموونێکی کولتووریو مەعریفیو سیاسی لەسەر هەرێمی کوردستان مومارەسە بکەنو ڕەگی مێژوویی ئەم هەژموونگەراییەش بۆ سەردەمی هەردوو ئیمپراتۆریەتی سەفەویو عوسمانیو هەروەها بۆ هەژموونی ڕۆشنبیریی ئیسلامی سیاسی لەلای عەرەبەوە دەگەڕێتەوە. هەمیشەش گوتاری کوردەکانی عێراق لەمێژووی نوێی شۆڕشو خەباتی مافی نەتەوەییەوە خوازیاری سیستمێکی تەواو عیلمانیو مۆدێرن بوون کە لەڕووی فیکرییەوە لەگەڵ هێزە دراوسێکاندا بەبەردەوامی لەململانێدا بووە.

نامەوێت بچمە تێڕوانینێکی زۆر قووڵەوە، بەڵام دەڵێین ئەم مەترسییە دەرەکییە زۆر دەخایەنێتو بەردەوامیش دەبێت، ئەوەی جێی خۆشحاڵییە ئەمڕۆ لەجیهاندا ژمارەی ئەو هێزە نێودەوڵەتیانە زیادیانکردووە کە پارسەنگی گوتارو ئاراستەی سیاسیانەیان لەبەرژەوەندی خەباتی عەقڵانیدایە زیاتر لەوەی لەبەرژەوەندی ململانێی عەزەڵیدا بێت. بۆیە گوشاری ئەوروپاو ڕێکخراوە نێودەوڵەتیو نێونەتەوەییەکان کاریگەرییان لەسەر هێزە ناوچەییەکان هەیە، بۆ ئەوەی کەمترین هێز بەکاربهێنن. لەلایەکی دیکەوە پێویستە دەسەڵاتی سیاسی ئەوەندە بەهێزبێت لەڕێی پەیوەندییەکانیەوە بتوانێت بەرامبەر بەپرسێکی ئاوا کێشەکە بەجیهانی بکاتەوەو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لێبەرپرسیار بکاتەوە. ئەگەرنا پرسیارێک دەکەین: ((بەپێی دەستووری عێراقیو یاساکانی کاروباری دەرەوەی عێراق ڕێگەیدراوە نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لەباڵیۆزخانەکانی عێراقدا بکرێتەوە، ئەگەر ئەم باڵیۆزخانانە بەئەرکی پەیداکردنی پشتیوانی نێودەوڵەتیو ناوچەیی بۆ هەرێمی کوردستان هەڵناستن، ئەی چی دەکەن؟))

لەڕووی ئابوورییەوە، هەرێمی کوردستان، بەردەوام بەرەوڕووی مەترسیی قۆرخکردنی بازاڕی ناوچەییو گرفتی ئاوو هاتوچۆی هێزی کارو بەکارهێنانی ڕێگا بازرگانییەکان بووەتەوەو دەبێتەوە. لەم بوارەدا هێزە سیاسییەکانی کوردستان تەواو پاسیڤو بێپێزن.. بازاڕەکانی کوردستان باشترینو لەبارترین زەمینەن بۆ ساغکردنەوەی شمەکی دەوڵەتە دراوسێکان، تەنانەت ئاستەنگە لەژوورێکدا، لەپارکێکدا، لەبەڕێوەبەرێتیەکدا یان لەسووپەرمارکێتێکدا بگەڕێینو سەرانرێژ نەبێت لەشمەکی بەرهەمهاتووی ئەم وڵاتانە. تەنانەت ئەگەر دەوڵەتێکی وەک ئێران یان تورکیا خۆیان حوکمی کوردستانیشیان بکردایە هەر هێندە دەیانتوانی کاڵای بازرگانی بخەنە بازاڕەکانییەوەو هەر هێندە دەیانتوانی کار بۆ کۆمپانیاکانیان بدۆزنەوە، بۆیە هێزە دەرەکییەکان ترسیان لەهەرێمی کوردستان نییە لەم ڕووەوە. کاتێکیش دێتە سەر گرفتێکی وەک ئاو، بەپێی سیاسەتەکانی ئەمڕۆ دەسەڵاتی کوردی ڕۆژێک لەڕۆژان بەرەوڕووی داواکارییەکانی خۆی نابێتەوە لەبەرامبەر دراوسێ ئازیزەکانداو داوای مافەکانی خۆی لەبەشە ئاویی ناوچەیی ناکات. بەتایبەت کە تائێستا هیچ پلانێکی کشتوکاڵی فراوان نییە لەکوردستاندا. ئەوە باس لەهێزی کار ناکەین، گومانی تێدانییە هێزی کار ئازادە لەهاتووچۆداو گرفتێکی ئەوتۆی لەسەر نییە، مەسەلەی سامانە سروشتییەکانی وەک نەوتیش بۆدوایی.

ئێستاش پرسیاری سەرەکی ئێمە دەرفەتی مێژووییە، لەماوەی چەندساڵی ڕابردوودا، ژمارەی ئەو هاوڕێو دۆستانەی بۆ کوردو هەرێمی کوردستان زیادیان کردووە چەندە؟ یان چەند کەمیانکردووە؟ لەنزیکەوە ئەو هاوڕێ بیانیانەی بەگرفتی گەندەڵیو خروقاتەکانی مافەکانی مرۆڤ دەزانن بەبەردەوامی لەهەرێمی کوردستان دووردەکەونەوە. گومانی تێدانییە ئەمانەش پرسو گرفتی مەترسییە ناوەکییەکانن، نەک دەرەکییەکان. گەر پرسیارێکی دیکە بکەین دەڵێین: ((ئایا لەماوەی ڕابردوودا لەهەموو ئەودەرفەتانەی لەعێراقو کوردستاندا هەبوون چەندێک توانرا بقۆزرێنەوە بۆئەوەی مەترسیی دەرەکی لەسەر هەرێمی کوردستان کەمبکرێتەوەو هێزە ستراتیژیو نێونەتەوەییەکانی وەک ئەمریکا بکرێنە هاوپەیمانی کوردەکان لەهەرێمدا؟)) ئەم پرسیارە زۆر هەڵدەگرێتو باشترین وەڵامیش ئەو گلەییو گازندانەیە، کە بەڕێز سەرۆکی هەرێم لەهەڵوێستی ئەمریکای دەکات لەدوا ساتەکانی ئەم چوارساڵەی حوکمی خۆیدا.

## مەترسییە نیمچە دەرەکییەکانی سەر هەرێمی کوردستان:

مەبەستمان لەمجۆرە مەترسییە سەرجەم ئەو بەرەوڕووبوونەوەو ململانێیانەیە کە لەگەڵ حکومەتی فیدراڵیدا بەرەوڕووی هەرێمی کوردستان دەبێتەوە. ئەمانەش دەبنە دوو بەشەوە: یەکەمیان مەترسییە سیاسییە ڕاستەوخۆکان کە پێنج کێشەی سەرەکی دەگرێتەوە: مەترسییەکان لەسەر فیدراڵیزم، مەترسییەکان لەسەر ناوچە دابڕاوەکان، مەترسییەکانی نەوتو سامانی سروشتی، مەترسییەکانی بودجەی هەرێمی کوردستان، مەترسییەکانی گۆڕانکاری لەدەستووری عێراقیدا. دووەم مەترسیش، مەترسییەکانی سەنگو قورسایی کوردە لەتێکڕای عێراقدا: کەخۆی لەسەنگو قورسایی زانستیو بیروڕاو پێشینەی مێژوویيو هێزی کوردیو هەڵوێستی کورددا لەچوارچێوەی عێراقدا دەبینێتەوە.

با لەیەکەم مەترسییەوە بابەتەکان بخەینە بەر باسو لێکۆڵینەوە، مەترسی فیدراڵیزم مەترسییەکی بەردەوامە، چونکە هەندێک لەهێزە سیاسییە غەیرە کوردەکانی عێراق باوەڕیان پێی نییەو ئەوانەی باوەڕیشیان پێیەتی زۆرباش هەستیان بەگرنگیەکەی نەکردووە، یان ڕاسترە بڵێین لەپاشهاتەکانی دەترسن. فیدراڵیەتی دەوڵەتی عێراقی لەدەستووردا جێگیرکراوە، بۆیە کاتێک ئەم مەسەلەیە دەکەوێتە بەر مەترسی ئەگەرهاتوو دەستوور هەڵوەشێنرایەوەو دەستوورێکی دیکە خرایە شوێنی، کەبەپێی چەندین بڕگەی دیکە لەو دەستوورەدا کوردەکانی کوردستان دەتوانن بڕیاری جیاوازو یەکلاییکەرەوەیان هەبێت.

لەیەک باردا ئەم مەترسییەش ڕاستە ئەگەرهاتوو دەوڵەتی عێراقی دووچاری سیستمێکی دیکتاتۆری دیکە بووەوە کە بەئاشکرا پەنا بۆ هێز بەرێت لەبری چارەسەری سیاسی، ئەمەش لایەنی کەم (١٠-١٥) ساڵی دیکەی دەوێت لەڕووی سیاسیو ئابوورییەوە بۆ ئەوەی خۆی بگرێتەوە.. بەڵام کاتێک دەرفەتی دیموکراسیو چارەسەری سیاسی هەبێت، ئەوا گوناهەکان ناوخۆیی دەبنەوە لەنەسەلماندنو نەچەسپاندنی خواستە سیاسییەکانی خەڵکی کوردستاندا. بەتایبەت لەجیهانێکی وەک ئەمڕۆدا کە بەهۆی بەرفراوانی تۆڕەکانی پەیوەندییەوە دیکتاتۆریەتێکی تر مەحاڵە، ئەگەرچی باڵادەستی نەتەوەیەک بەسەر نەتەوەیەکی دیکەدا مەحاڵ نییە، بەتایبەت لەگەمە دیموکراسیەکاندا. بۆ بەرەوڕووبوونەوەی ئەم جەنگە مەترسیدارە بەردەوامە، دەبوو کورد لەعێراقدا پێگەی سیاسیو ئابووری خۆی بەهێزبکات، بەڵام هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان پێچەوانەی ئەمەیان سەلماندو دەوڵەمەندبوونی حیزبە باڵادەستەکانیش جارێکی دیکە ئەوەی سەلماندووە، کە کورد نەیتوانیوە پێگەی ئابووری خۆی وەک نەتەوەیەک لەعێراقدا بەهێز بکات.

مەترسییەکان لەسەر ناوچە دابڕاوەکان، مەترسییەکن هێشتا یەکلایی نەکراونەتەوە، کە خەڵکی کوردستانو بەتایبەت هێزی سیاسی دەسەڵاتدار دەیتوانی لەماوەی ڕابردوودا زۆری لێ چارەسەر بکات. من لێرەدا تەنیا باس لەچەند بۆنەیەک دەکەم، لەکاتی ڕزگارکردنی عێراقدا ساڵی ٢٠٠٣، خەڵکی کوردستان ئەنجامی نەبوونی پەروەردەیەکی سیاسی دروووست لەبری پەنابردنە بەر دەسەڵاتگرتنە دەستی ئەو ناوچانەو خزمەتکردنی خەڵکەکەی بەکوردو عەرەبو تورکمان... تاد، بەردەوام لەدالغەی پەیداکردنی ئۆتومبێلی بێ ڕەقەمو دەستکەوتی مادیو تالانیدا بوون، هێزی سیاسی کوردیش هیچ ئیجرائاتێکی نەگرتەبەر بۆ بەرگرتن لەمجۆرە ڕەفتارانە نەک لەسەر خەڵکی عەوام، بەڵکو لەسەر ئەندامو لایەنگرو تەنانەت بەرپرسەکانی خۆشیان. بۆنەیەکی دیکە بۆنەی مەجلیسی حوکم بوو، کە من لێرەدا باس لەڕاستیو دروستی یاداشتەکانی پۆل بریمەری حاکمی مەدەنی ئەوسای عێراق ناکەم، بەڵکو پرسیاردەکەم ئەگەر ئەو یاداشتانە هەمووی ناڕاستن ئەی چی ڕاستییەکەیەتی؟ هەروەها گەر بێینە سەر خواستەکانی کوردو دانوستاندنەکانیان بەگشتی کەسایەتییە سیاسییەکانی کورد دابەشبووبوون بەسەر دوو بەش، بەشێکیان بەپلەی یەک لەڕاکردنی خێرادابوون بەدوای دەستکەوتە مادییە تاکە کەسییەکانداو بەشێکیشیان بەهەمان خێرایی بەدوای پۆستو تۆمارکردنی مێژووی تاکەکەسیدا ڕایاندەکرد. قۆناغی هەڵبژاردنو هەڵنووتانی عەرەبی سوننەش سوودی لێوەرنەگیرا بۆ بەهێزکردنی پێگەی سیاسی کورد، چونکە ئەو بارە دەگمەنەو جارێکی دیکە دووبارە نابێتەوە کە سوننەکان نەهاتنە هەڵبژاردنەوەو کورد ژمارەیەکی زۆری کورسییەکانی پەرلەمانی برد، بەمجۆرەش گرفتی جێبەجێنەکردنی مادەی ١٤٠و زۆر هەلی دیکە لەدەستدران.

لەوانەیە هەندێک کەس بڵێت گرفتی نەوتو سامانی سروشتیش بەهەمانشێوەی گرفتەکانی دیکەیە، بەڵام من دەڵێم لەهەموو مەسەلەکانی دیکە باشتر چووەتە پێش، چونکە ئەم بابەتەیان پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەپارەو هەناردەکردنو دەستکەوتە مادییەکانەوە هەیە، کە تەواوی کوردستان بۆ چەند کۆمپانیاو خەڵکێکی دیاریکراو قۆرخکراوە. مەترسیی بودجەی هەرێمیش لەهەموو بارێکدا بەهۆی سەرژمێری دانیشتووانەکەیەوە چارەسەر دەکرێتو مەترسیی ڕاستەقینە مەترسیی ژمارەییە لەئێستای کوردستانداو گەڕانەوەی ناوچەکانی ترە لەداهاتوودا. واتە ئەم مەترسییە لەداهاتوودا بەمجۆرەی ئێستا نابێت ڕێژەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان لەچاو ڕێژەی دانیشتووانی عێراقدا ئەو مەسەلە ئەساسییە چارەسەر دەکاتو چیتر مەترسییەک نییە لەدەسەڵاتی کەسدا بێت، جگە لەچارەسەری ناوچە دابڕاوەکان.

گرفتی دەستوورو مەترسییە دەستوورییەکان، پێشتر ئاماژەیەکمان پێداو هەمیشەش ئەو مەترسییە هەیە، کە حکومەتی عێراقی یان دەسەڵاتی سیاسی لەعێراقدا بیەوێت جارێکی دیکە بەو دەستوورەدا بچێتەوەو ژمارەیەک لەوبەندانە بگۆڕێت، کە باوەڕی پێیان نییە، ئینجا ئەم بەرەوڕووبوونەوەیە پەیوەندی بەلاوازیو بەبەهێزی سیاسی هێزە کوردییەکانەوە هەیە، چونکە ڕێژەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان نابێتە هێزێکی یەکلاییکەرەوە لەمەسەلەی گۆڕانی دەستووریدا بەبێ بەکارهێنانی ئیعترازێکی بەهێزو بەندەکانی دیکەی هەمان دەستوور، بەڵکو دەبێت ئەم بەرەوڕووبوونەوەیە بەتەکنیکی سیاسی جیاواز چارەسەر بکەینو پرسە ناوخۆییەکان چارە بکرێن بۆئەوەی گوڕوتینمان تێدابێت بۆ بەرەوڕووبوونەوەی مەترسییە دەرەکییەکان. بۆ ئەم مەبەستە تائێستا بلۆکی کوردی لەپەرلەمانی عێراقیدا هیچ هەنگاوێکی جدیی نەناوە بۆ بەهێزکردنی پێگەی کوردەکان لەعێراقدا تابتوانن لەداهاتوودا ڕێژەیەکی بەرچاویان هەبێت لەو ئەنجومەنەدا. ئەوەی دەبێت لەسەری بوەستینو دۆعای بۆ بکەین بریتییە لەدەستگرتن بەسیاسەتو سیستمی دیموکراتی تەوافوقییەوە، کە ئەم سیستمە زۆر بەزوویی عێراق بەرەو دوو ئەگەر دەبات، یان تەوافوق بەردەوام دەبێتو دیموکراسیەتێکی جەستەو پەیکەر پڕشکست بەرقەرار دەبێت لەعێراقدا، کە نەک بەرژەوەندی کورد بەرژەوەندی کەسی دیکەشی تێدانییە، یان دیموکراتیەتێکی ڕاستەقینە دێتە ئاراوەو ئەمجۆرە لەسیاسەتی کوردەکان شکست دەخوات. ئەوە باس لەئەگەری نادیموکراتی ناکەین.

مەترسیی لەچەشنی دووەمدا، کە خۆی لەسەنگو قورسایی کوردەکاندا دەبینێتەوە، لەڕووی زانستییەوەبێت، بیروڕای فیکرییو سیاسیو چۆنێتی ئیدارەوەبێت، یان لەڕووی هێزو هەڵوێستی سیاسییەوە بێت. گومانی تێدانییە کە لەماوەی ڕابردوودا کورد نەیتوانیوە ئەزموونێکی باش پێشکەش بەعێراق بکات، ئەوەش نەک لەبەر ئەوەی ناتوانێت بەڵکو لەبەر ئەو دەردە کوشندەیەی تووشی خودی کوردەکان بووە لەناو خۆیانداو سیاسەتی پەنجا بەپەنجاو موجامەلەی ناهەقی هێزە جۆربەجۆرەکانو دانانی کەسی نەبەکام لەپۆستە سیاسیو سیادییەکاندا. لەڕووی زانستیو کارگێڕیو شێوازی پێداچوونەوەو لێپرسینەوەدا دەسەڵاتی سیاسی کوردی نەیتوانیوە وەک پێویست لەعێراقدا خۆی بسەلمێنێتو تێکڕای ئەو سیاسەتانەی بەکاریهێناوە سیاسەتی بەرتیلی سیاسیو تەخشانو پەخشانی ئەو سەرچاوانە بووە، کە دەست هەندێک لەبەرپرسەکانی کەوتوون، ئەمەش مەترسیدارترە لەخودی مەترسییە دەرەکییەکە.

## «پێویستە پەرلەمانی کوردستانیش ئەو هەنگاوە بنێت»

# لەژێر گوشاری پەرلەماندا وەزیری بازرگانی عێراق دەستی لەکارکێشایەوە

هەستیار قادر

ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لێپرسینەوە لە وەزیرەکان چڕتر دەکاتەوەو بەهۆیەوە فەلاح سودانی، وەزیری بازرگانی دەستی لەکارکێشایەوە. ئەندامێکی لیژنەی نەزاهەش بەگرنگی دەزانێت هەمان هەنگاو لەپەرلەمانی کوردستانیش جێبەجێ بکرێتو دەڵێت: «بەوپێیەی یەکێتیو پارتی زۆرینەی پەرلەمانی کوردستانیان پێکهێناوە، ئەستەمە لێپرسینەوە لەوەزیرەکان لەو پەرلەمانە ئەنجام بدرێت»

### پەرلەمان لەسەردەمی سامەڕاییدا

لەدوای دەستلەکارکێشانەوەی مەحمود مەشهەدانی سەرۆکی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقو دەستبەکاربوونی ئەیاد سامەڕایی پاڵێوراوی حیزبی ئیسلامی لەجێگەی مەشهەدانی، لایەنی چاودێری ئەنجومەنی نوێنەران چالاکترکراوەو لەونێوەندەشداژمارەیەکوەزیری حکومەتی عێراقی بەمەبەستی لێپرسینەوە بانگهێشتی ئەنجومەنی نوێنەران کران، سەرەتا لەدانیشتنێکی داخراودا هەردوو وەزیری ناوخۆو بەرگری بانگهێشتی ئەنجومەنی نوێنەران کران بەمەبەستی میوانداریی‌و گفتوگۆکردن لەسەر ڕەوشی ئەمنیی عێراقو زیادبوونی کارە توندووتیژییەکان، هەفتەی ڕابردووش فەلاح سودانی وەزیری بازرگانی عێراق بەمەبەستی لێپرسینەوە بانگهێشتی ئەنجومەنی نوێنەران کراو لەلایەن لیژنەی نەزاهەوە چەندین تۆمەت ئاراستەی خۆیو ئەدای وەزارەتەکەی کراو بەوهۆیەوە دوێنێ دەستی لەکارکێشایەوە بڕیاریشە هەمان هەنگاو لەدژی هەردوو وەزیری نەوتو گواستنەوە پەیڕەو بکرێت.

لەوبارەیەوە ئەبلەحەد ئەفرایم ساوا بڕیاردەری ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «بیرۆکەی پرۆژەی بانگهێشتکردنی وەزیرەکانی حکومەتی عێراقی، پێشتر هاتبووە ئاراوە، بەڵام کاری پێنەکراو لەدوای هاتنی ئەیاد سامەڕایی بۆ پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران لایەنی چاودێریکردنی پەرلەمان کاراتر کرا».

ئەو بڕیاردەرەی ئەنجومەنی نوێنەران ئاماژەی بەوەشدا، کە ئەگەر زۆرە بەشێک لەو وەزیرانەی بانگهێشتدەکرێن بەهۆی ئەو تۆمەتانەی، کە ئاراستەیان دەکرێت متمانەیان لێبسەنرێتەوە.

### مالیکی ڕێگرە؟

بەپێی پەیڕەوی ناخۆی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقو بەپشتبەستن بەپێناسەی کاری پەرلەمانی لەدەستووری عێراقدا دووجۆری بانگهێشتکردنی وەزیرو بەرپرسەکان هەیە لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە، یەکەمیان بۆ میوانداریی‌و ئاراستەکردنی پرسیار لەسەر چەند تەوەرێکی دیاریکراوی پەیوەندیدار بەکاری ئەو بەرپرسو وەزیرەوە، دووەمیشیان لێپرسینەوەیە کە ئەگەرهەیە بگاتە ئاستی لێسەندنەوەی متمانە لێیو ئەو هەنگاوەش پێویستی بەئیمزای (٢٥) ئەندام پەرلەمانەو خستنەڕووی دۆسییەی کشاندنەوەی متمانەش لەوبەرپرسە لەئەنجومەنی نوێنەراندا پێویستی بەئیمزای (٥٠) پەرلەمانتارەو دواتریش بۆ لێسەندنەوەی ئەو متمانەیە پێویستە (٥٠+١)ی ئەندامانی ئامادەبووی دانیشتنێک لەدوای پڕکردنەوەی نیسابی یاسایی دانیشتنەکە دەنگ بۆ لێسەندنەوەی متمانەی بدەن، کە دەکاتە (١٣٨) ئەندام پەرلەمان لەکۆی ئەو (٢٧٥) کورسییە کە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیان پێکهێناوە.

لەسەرووبەندی بانگهێشتکردنی وەزیرەکانی حکومەتی عێراقدا دەنگۆی ئەوە هاتە ئاراوە، کە خودی نوری مالیکی ڕێگرە لەبەردەم بانگهێشتکردنی ئەو وەزیرانەدا تا نەکرێتە بەڵگەیەک بۆ بێهێزیی ئەدای کابینەی حکومەتەکەیو ناکۆکییە سیاسییەکان لەناو پەرلەماندا یەکلایی نەکرێنەوە،

بەپێی دوو بڕیاری ڕەسمیی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقیش، کە مێژووەکەیان بۆ ساڵانی ٢٠٠٧و ٢٠٠٨ دەگەڕێتەوەو کۆپییان دەست ڕۆژنامە کەوتووە، سەرۆک وەزیران ڕێی بەهیچ وەزیرێک نەداوە بەبێ ئاگاداربوونو پرسی ئەنجومەنی وەزیران بچێتە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقو بەردەم دادگاکان بەمەبەستی لێپرسینەوە لێیان.

بەپێی نووسراوی یەکەم کە مێژووەکەی بۆ ٢٠٠٧/٤/٢٣ دەگەڕێتەوەو ئیمزای د. عەباس ساعیدی سکرتێری گشتی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقی لەسەرە هاتووە، کە بەپێی بڕیارێکی نوری مالیکی سەرۆک وەزیران نابێت هیچ وەزیرو بەرپرسێکی ئێستاو پێشوو ڕەوانەی دادگا بکرێت، تەنیا بەڕەزامەندی سەرۆک وەزیران نەبێت، بەڵام ئەو بڕیارە ئەوە ناگەیێنێت کە لێکۆڵینەوەو پێشکەشکردنی شکات لەسەر ئەو بەرپرسانە پێوستی بەمۆڵەتی پێشتری سەرۆک وەزیرانە، لەنووسراوی دووەمیشدا کە بەنهێنی ناوبراوەو مێژووی ٢٠٠٨/٨/١٢ی لەسەرەو ئاراستەی وەزارەتی مافی مرۆڤی عێراق کراوە داوای لەوەزیری مافی مرۆڤ کردووە کە بەشداریی لەدانیشتنەکانی ئەنجومەنی نوێنەراندا نەکات بەبێ وەرگرتنی مۆڵەتی پێشوەخت لەسەرۆک وەزیران.

ئەبلەحەد ئەفرایم ساوای بڕیاردەری پەرلەمان وێڕای پشتڕاستکردنەوەی ناوەڕۆکی ئەو دوو بڕیارە بەدووری زانی مالیکی بتوانێت ڕێگر بێت لەبەردەم بانگهێشتکردنی وەزیرەکاندا بۆ بەردەم ئەنجومەنی نوێنەرانو وتیشی: «پەرلەمان دەتوانێت ئەو وەزیرانە بانگبکاتو گەر مالیکیش ڕێگربێت لەبەردەم ئەو پرۆسەیەدا پەرلەمان دەتوانێت خودی سەرۆک وەزیرانیش بانگهێشتی ئەنجومەنی نوێنەران بکات بەمەبەستی لێپرسینەوە لەو هەڵسوکەوتانەی»

### گواستنەوەی ئەزموونی لێپرسینەوە بۆ کوردستان

مۆدێلی لێپرسینەوەی وەزیرەکان لەلایەن پەرلەمانەوەو لێسەندنەوەی متمانە لێیان تائێستا نەگەیشتووەتە هەرێمی کوردستانو بەبڕوای ئازاد چالاک ئەندامی لیژنەی نەزاهەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، پێویستە ئەو هەنگاوەش لەکوردستان جێبەجێبکرێت.

ئازاد چالاک، کە ئەندامی لیستی هاوپەیمانیشە ڕەشبینی خۆی دەربڕی لەوەی لێپرسینەوەی وەزیرەکان لەم کابینەیەی ئێستای حکومەتی هەرێمدا لەلایەن پەرلەمانەوە ئەنجام بدرێتو وتیشی: «باوەڕناکەم هەنگاوی لێپرسینەوە لەوەزیرەکانی حکومەتی هەرێم لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە جێبەجێ بکرێت، چونکە یەکێتیو پارتی زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمانیان بەدەستەوەیەو گەر بیانەوێت لەوەزیرێک بپرسینەوە ئەو دوو حیزبە خۆیان لای دەبەنو کەسێکی دیکە دادەنێنو پێویستیش بەوەناکان بیهێننە پەرلەمانەوە تا نەبێتە خاڵێک بەسەر حکومەتەوە».

# پێدەچێت دوای هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئێران، گفتوگۆی نێوان تارانو واشنتن دەستپێبکات

جەمال ئیختیار

بە نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردنەکانی ئێران کە بڕیاروایە ٦/١٢ بەڕێوەبچێت، ململانێی لایەنەکان لەسەر سیاسەتی دەرەوەو ناوخۆ چڕدەکرێتەوە، لەو چوارچێوەیەدا مەحمود ئەحمەدی نەژاد، سەرۆک کۆماری ئێستای ئێران، باسی لەوەکردووە کە دەکرێت لەدوای دەیەمین هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ئەو وڵاتە، لەگەڵ ئەمریکا گفتوگۆ بکرێتو ئێران چەند جارێک ئامادەیی خۆی بۆ دەستپێکردنی گفتوگۆ ڕاگەیاندووە، بەڵام نەک بەر لەهەڵبژاردنی ئێران.

لە چوارچێوەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی لە ئێران، لایەنە ڕکابەرەکان هەوڵی خۆیان لەسەر دوو مەسەلەی سەرەکی چڕکردووەتەوە، یەکەمیان مەسەلەی ئەدای حکومەت بۆ ناوخۆی ئێرانو دووەمیان سیاسەتی دەرەوە.

لە پەیوەندی بە سیاسەتی دەرەوەی ئێران، زۆربەی کاندیدەکان باس لەوەدەکەن، کە ئامادەن لەگەڵ ئەمریکا گفتوگۆ بکەنو قسەکانی نەژادیش هەر لەو چوارچێوەیەدا دەبینرێت.

ئاژانسی فارس نیوز بڵاویکردووەتەوە: بەگەڕانەوە بۆ پێداگرییەکانی ئەمریکا بۆ گفتوگۆ لەگەڵ ئێران بەر لە هەڵبژاردن، نەژاد ڕاستگۆبوونی ئەمریکا دەخاتە ژێر پرسیار بۆ گفتوگۆ لە چوارچێوەی ڕێزی دوولایەنەدا، پێیوایە کە کەشی بێمتمانەیی بەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا زاڵە.

لە ڕوانگەی سیاسەتمەدارانی ڕیفۆرمیستی ئێرانەوە، ئەحمەدی نەژاد لەبواری سیاسەتی دەرەوەدا کێشەی بۆ ئەو وڵاتە خوڵقاندووە، بەهۆی سیاسەتە هەڵەکانی لەبواری کێشەی ئەتۆمیی ئێرانو توندڕەویی لەسەر مەسەلەی هۆلۆکۆستی جولەکە، بووەتە هۆی پەراوێزخستنی ئێران لە کۆمەڵی نێودەوڵەتیداو چاودێران پێیانوایە کە لەڕاستیدا پلاتفۆرمی ڕیفۆرمخوازەکانە، کە ئەحمەدی نەژاد ناچاردەکات وەکو بانگەشەیەکی هەڵبژاردن لەبواری سیاسەتی دەرەوەدا شتێک بڵێتو بانگەشەی گفتوگۆ بگات، ئەگەر نا، بە کردەوە ئێرانی بەرەو پەراوێز بردووە.

ئەگەرچی لە بەرەی ڕیفۆرمخوازی ئێراندا دوو کاندیدی سەرەکی هەیە، بەڵام چانسی میر حسێن موسەوی لە مەهدی کەڕوبی زیاترەو موسەوی بە ڕاگەیاندنی پلاتفۆرمی خۆی لەبواری سیاسەتی دەرەوەدا بۆ کەمکردنەوەی تەنگەژە لەنێوان ئێرانو ئەوانی دیکەدا، گفتوگۆ لەگەڵ ئەمریکا ئەگەر قسەو کرداری ئەمریکا یەک بێتو پاراستنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی ئێران، هەوڵی ڕاکێشانی سەرنجی ئەو ئێرانیانە دەدات کە لە سیاسەتی تەنگەژە دروستکردنی ئەحمەدی نەژاد بێزارن.

سایتی فارێن پۆلیسی دەنووسێت کە لە ڕوانگەی زۆربەی ئێرانییە لیبراڵەکانو چاودێرانی بیانی، موسەوی دەتوانێت کۆتایی بە توندڕەوییەکانی ئەحمەدی نەژاد بهێنێت.

لەبواری سیاسەتی ناوخۆدا مەسەلەکە زیاتر لە دەوروبەری ئابووریدا خۆی دەبینێتەوە، بە هەمانشێوەی سیاسەتی دەرەوە، ئەحمەدی نەژاد بە بەرپرس دەزانرێت لە خراپبوونی باری ئابووریی ئێران کە ویستویەتی تەنیا پشت بە نەوت ببەستێت.

ئەو سایتە ئاماژەی بەوەدا کە پێدەچێت لەهەڵبژاردنی ئەمجارەدا پەتاتە دەوری سەرەکی ببینێت، لەبەرئەوەی ئەحمەدی نەژاد لە چوارچێوەی سیاسەتی ساویلکە هەڵخەڵەتێنی خۆیدا، پەتاتەو سەدەقەی زۆری دیکە بۆ کڕینی دەنگ خستووەتە بازارەوە، کە لە ڕوانگەی ئابووریناسانەوە زۆربەی سیاسەتەکانی ئەحمەدی نەژاد هەڵەبوون.

هەر هەمان سەرچاوە (فارێن پۆلیسی) دەڵێت لایەنگرانی موسەوی پێیانوایە، دەکرێت ئەو کەسێکی گونجاوبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئابوورییەکانی ئێران، بە پاساوی ئەوەی کە ئەو لەکاتی شەڕدا بۆ دوو خول سەرۆک وەزیری ئێران بووە، لەوکاتەدا توانیویەتی کە ئابووریی ئێران بە باشی کارگێڕیی بکاتو لەئێستادا کە ئێران لە شەڕدا نییە، باشتر دەتوانێت بەو ئەرکە هەستێ.

موسەوی لە پلاتفۆرمی خۆیدا باسی لەوەکردووە کە کەشی ئازاد بۆ ئاڵوگۆڕی زانیاریی لە ئێراندا دەخوڵقێنێت، ڕێگانادات چیتر پۆلیسی ئەو وڵاتە بەناوی بەربەرەکانێ، شتە «نەهی لێکراوەکان»ەوە هەڵبکوتنە سەر ئازادییە تاکەکەسییەکانی هاوڵاتییانی ئێران، هەروەها چاککردنی بودجەی گشتیی ئێرانو ڕێگاپێدانی کەناڵی تەلەفزیۆنی ئەهلی بە بەشێکی دیکە لە بەرنامەکەی خۆی وەسفکردووە.

تائێستاش دیارنییە کە کێ لە هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەدا سەردەکەوێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەرکام لە کاندیدەکانی پۆستی سەرۆکایەتیی ئێران لەناو توێژێکی تایبەتدا پێگەیان هەیە، هەر لەبەرئەوەشە کە پێشهاتە سیاسییەکانی داهاتووی نزیکی ئێران پێشبینی ناکرێت، بەڵام چاودێران پێیانوایە کە بەشێوەیەکی گشتی هەست بە پێویستی چاکسازیی لە هەردوو بواری سیاسەتی دەرەوەو ناخۆی ئێراندا دەکرێت، ئەگەری ئەوە هەیە کە ئەم ئەگەرە خۆی بسەپێنێت.



# ئۆپۆزسیۆن و شکۆ



سەعدوڵڵا برایم خان

ئۆپۆزسیۆن کاراکتەرێکی کاریگەری بەرفراوانکردنی مەوداکانی ئازادییە، بە دیوەکەی دیکەشدا وەک دژەڤایرۆس وایە بۆ سیستمی کارگێڕیی‌و ڕاگرتنی باڵانسی نێوان هەرسێ دەسەڵاتی قەزایی‌و تەنفیزی‌و تەشریعی، هۆکاری بەگەڕخستن‌و ئەکتیڤبوونی دەسەڵاتی ڕاستەقینەیە، هیچ گومانی تێدانییە کە ئەو دەزگا زەبەلاحەیە دەسەڵات لە بەرامبەریدا بچووکدەبێتەوەو دەبێتە بەربەست لەبەردەم ستەمکاریدا، ئۆپۆزسیۆن خەسڵەتێکی جێبەخۆگرتەیە لەسەر چەمکی عادل، خاوەنی فزولیەتی مەعریفی‌و مەهارات‌و هەستیارییە بەرامبەر ئامانجە باڵاکان، مۆدەکانی فیکری سیاسی لە ڕێگای تەوازوعی مەعریفییەوە ئامادەیە لێپرسراوێتی هاونیشتمانی لەئەستۆ بگرێت، لە دیوەکەی دیکەشەوە شوێنی هزری توندوتیژو دەرگیربووی کەسە سیاسییەکان دەگرێتەوە، لەشوێنی ئەو ئایدیا چەقبەستووانەدا دایەلۆگو تەئویلی فیکری‌و تەحەداکردنی دیدی نادروست بەرهەم دەهێنێت، هەمیشە تاکەکان دەکاتەوە خاوەن نیشتمان، کار لەسەر لەقنەبوونی هەستی نیشتمانپەروەرییان دەکات، واتە نیشتمان دەکاتە نیشتمانێکی ڕاستەقینە کە هاونیشتمانیان خۆیانی تێدا بدۆزنەوە، چونکە نیشتمان ئەوکاتە دەبێتە نیشتمانێکی ڕاستەقینە کە یەکسانی‌و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی تێدا بەرقەراربێت، تەنیا لە ڕێگای ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێزیشەوە دەتوانین ئەو فەزایە فەراهەم بکەین.

ئەگەر تێفکرین لەدوای لەباربردنی ئۆپۆزسیۆن لە ڕابردوودا کە یەکێتی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی قبوڵنەکردو ئامادەنەبوو بۆ چوار ساڵ دەسەڵات رادەستی پارتی بکات‌و لەسەر پەنجا بەپەنجا ڕێککەوتن، ئەوە ڕاستەوخۆ شەقامی کوردی تووشی ئیشکالیاتی مەعریفی هاتەوەو مەیدانەکە بۆ دوو هێزی زەبەلاح بەدەر لە فیکرو مەعریفە چۆلکرا، لە بەرامبەردا زۆرینەی پێکهاتەی کوردی لەسەر خوانی تەسلیمبوون کۆبوونەوە، ئەوانەی پێچەوانەی سەرووی خۆیان‌و تێڕوانینی جیاوازیان هەبوو، شوێنیان پێ چۆڵکرا، کە ئێستا کورد باجەکەی دەدات، چونکە ئەگەر ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێز ئامادەیی نەبێت بۆ پاراستنی دەستکەوتە گشتییەکان، ئەوە جەماوەر لە تەنگەژەکاندا بەرگریکردن لە نیشتمان بە بەرگریکردن لە حیزبی حاکم وێنا دەکات، کە ئەمەشمان بینی لە ڕابردوودا، بۆ نموونە ئەوکاتەی تورکیا نیازی پەلاماردانی کوردستانی هەبوو، بەرەکانی جەنگ چۆڵکران، شەقامی کوردی ئامادەیی بەرگریکردنی نەبوو، ئەو نادادپەروەرییەی لە کوردستاندا ئامادەیی هەیە، دەبێتە بەربەست لەبەردەم هاونیشتمانیاندا بۆ خۆشەویستی نیشتمان، کە لە ڕابردوودا بینیمان، لەوکاتەدا نیشتمان دابەش دەبێت بۆ هەریەک لە بەهەشت‌و دۆزەخ، زۆرینەش لە دۆزەخدا بە ژانی کوڵلەمەرگییەوە دەژین، بەپێی هەموو پێدراوێکیش کەس نییە حەزبکات لە دۆزەخدا بمێنێتەوە، بەڵام ئەگەر ئۆپۆزسیۆنێکی کارا لەناو پەرلەماندا هەبێت، سەرلەنوێ هاونیشتمانیانی کورد ئومێدێکیان بۆ دەگەڕێتەوە کە لە دواجاردا ئەو خۆی خاوەنی نیشتمانەو ئەو حیزبە میوانێکی فەرزکراوی کاتییە، لەو حاڵەتەشدا دەگاتە ئەو باوەڕەی کە پاراستنی نیشتمان دوورو نزیک پەیوەندی بەوەوە نییە کام حزب فەرمانڕەوایە لە کوردستان‌و جڵەوی دەسەڵات لەدەست کێدایە، چەمکی نیشتمانپەروەریی جیادەکاتەوە لە سیستمی سیاسی‌و حیزبایەتیی، بۆیە پێویستە ترسێکی گەورەمان هەبێت لە لەدەستدانی نیشتمان، لەدەستنەدانی نیشتمانیش گرێدراوی مەوداکانی ئازادییە، تا مەوداکانی ئازادیی بەرتەسکتر بکرێتەوە، کێرڤی لەدەستدانی نیشتمانیش بەرزتر دەبێتەوە، بۆیە پێویستە مامەڵەیەکی ژیرانە لەگەڵ ئەو ڕەوشەی ئێستای کوردستاندا بکەین‌و ترسی لەدەستدانی ئازادیی نەشارینەوە، ئەم ترسەش لە ئازایەتییەوە سەرچاوە دەگرێت.

**ترس لە نیشتمان‌و بەرتەسکبوونەوەی مەوداکانی ئازادیی، بەمانای ترس لە لەدەستدانی ڕۆحی جوامێرە، تاکە فریادڕەسێکیش بۆ ڕزگارکردنی ئینسانی کورد لە هەرەسی ڕۆحیی، کارابوونی ئۆپۆزسیۆنە**

ترس لە نیشتمان‌و بەرتەسکبوونەوەی مەوداکانی ئازادیی، بەمانای ترس لە لەدەستدانی ڕۆحی جوامێرە، تاکە فریادڕەسێکیش بۆ ڕزگارکردنی ئینسانی کورد لە هەرەسی ڕۆحیی، کارابوونی ئۆپۆزسیۆنە، ئێستا کوردستان لەسەر خاکێکی بورکاناویدا تێدەپەڕێت، کەرەستەی ڕووبەڕووبوونەوەشمان جگە لە بژاردەی قوربانیدان بۆ نیشتمان‌و پاراستنی شکۆمەندییەکەی لە ڕێگای ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێز، هیچ ڕێگاچارەی دیکەمان لەبەردەمدا نییە، چونکە لەکاتێکدا نیشتمان لەژێر ڕەحمەتی چەقۆدایە، نەنگییە بڵێین نیشتمان چیمان بۆ دەکات؟ بەڵکو لەسەرمان پێویستە بڵێین نیشتمان چیت بۆ بکەین؟

# پرۆسەی هەڵبژاردن‌و حیزبی (Expire) ئێکسپایەر

یاسین کەریم

– لەئێستادا کوردستان سەرقاڵی پرۆسەی هەڵبژاردنە، بۆ یەکەمجارە لە پرۆسەی هەڵبژاردن لە کوردستاندا، کاندیدو لیستی ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینە بێتە مەیدانی هەڵبژاردنەوە، ئەوەش لەبەر ئەوەبووە کە فەرهەنگو بیری پارتە کوردییەکان هەرگیز هەڵبژاردنێکی پاک‌و بێگەردیان نەکردووە، قەتیش ئەنجامی هەڵبژاردنیان پێ پەسەند نەکراوە، هەربۆیە کوردستان (١٨) ساڵ تووشی پەتای کوشندەی تەوافوق (پێکهاتن) هات لەسەر بەرژەوەندی‌و دابەشکردنی کورسی دەسەڵات‌و بودجەو داهات...

هەموو کاروبارەکانیان دابەشکردووە، پارتی‌و یەکێتی خۆزگەو ئاواتیان بوو ئەم دۆخە هەر بڕوات‌و هیچ گۆڕانێک نەکرێت، چونکە ئەوان ئاوا سوودمەندبوون.

لە دنیادا پرۆسەی دیموکراسی‌و هەڵبژاردن، پارتی دەسەڵاتدارو ئۆپۆزسیۆن دەکەونە کێبڕکێوە، تا لە ئەنجامدا لە ڕێگای دەنگدانی هاوڵاتییانەوە یەکلایی دەبێتەوە، یا بە مانەوەی دەسەڵات یان کەمێک گۆڕانکاریی لە ڕێژەی کورسییەکاندا، یا ڕادیکاڵانە پارتی حاکم دەسەڵات‌و سەرۆکایەتی جێدەهێڵێت بۆ ئۆپۆزسیۆن‌و پیرۆزبایی لێدەکات، بەڵام لای ئێمە فەرهەنگی فیدراڵی‌و فێڵگەرایی تا ئەمڕۆ ڕێگای بەو پرۆسەیە نەداوە بە ڕێگای خۆیدا تێپەڕێت، بەڵام ئەوا ئێستا خۆشبەختانە لەبەر بوونی لیستی گۆڕان‌و هەندێک لیستی دیکە لەدەرەوەی لیستی کوردستانی پارتی‌و یەکێتی هاتوونەتە ناو ململانێکەوە، بەهەرحاڵ ئەوەی تائێستا لە کوردستان گوزەراوە، هیچ یەکێک لەو دروشمانە جێبەجێنەکراوە لە دیموکراسی‌و بازاڕی ئازادو مافەکانی مرۆڤ‌و هاوڵاتیبوون، دادگاو سوپاو ڕاگەیاندن‌و بازاڕی بازرگانی‌و بودجەی وڵات‌و... هەموو لەدەستی ناوەندی حیزبدا بووە، بە هیچ جۆرێک پێناسەی دیموکراسی نایگرێتەوەو نەیگرتووەتەوە.

– پارت‌و حیزبە سیاسییەکانی کوردستان ئەوانەی لە دەسەڵاتدا بوون‌و ئەوانەشی بەناو ئۆپۆزسیۆن بوون، هەیکەلی کاری ڕێکخستن‌و دیسپلین‌و پرەنسیپیان لەسەر بنچینەی هەڕەمی لەسەرەوە بۆ خوارەوە بووە، کەسایەتی یەکەمی حیزب هەموو دەسەڵاتەکانی لە خۆیدا کۆکردووەتەوە، کە ئەمە لەگەڵ بنەماکانی سیستمی دیموکراسیدا یەک ناگرێتەوە، هەر ئەمەش وای لێکردوون ئێکسپایەربن، کۆمەڵگای کورد چیدی ئەمجۆرو فۆرمە لە سیاسەت‌و حیزبایەتی قبوڵ ناکات‌و زەمینەی گۆڕان هاتووەتەکایە، زەمینەکە گەیشتووەتە پلەیەک خەڵک داوای گۆڕان‌و ریفۆرم دەکات، هاوڵاتییانی کوردستان کەسایەتیی کاریزمایان قبوڵ نییەو دەیانەوێت حیزب‌و حکومەت ڕوون‌و ئاشکراتر بنوێنێت‌و سەرکردە سادەبێت‌و بێتە ناو خەڵک، لە دەردو گرفتەکانیانەوە نزیک بێت کە بە کاک نەوشیروانیشەوە ئەو ڕچەیە بشکێنێت، سەرکردە چیتر خواوەندو باوکی ڕۆحیی‌و کاریزما نەبێت، بەڵکو نوێنەری کۆمەڵانی خەڵک بێت، چیتر گەلی کورد بەرگەی بەڵێنی درۆ ناگرێت، دەیانەوێت لانیکەمی ماف‌و خواستەکانیان بۆ جێبەجێکردنی لە خوێندن‌و پەروەردەو تەندروستی‌و هەلی کارکردن‌و ئاوو کارەباو مافە نەتەوەیی‌و نیشتمانییەکان‌و پەرلەمانێکی ئەکتیڤ‌و نوێنەری ڕاستەقینە، جێبەجێ بکرێت.

– بەئومێدی ئەوەی پرۆسەی هەڵبژاردن لەنێوان پارتە دەسەڵاتدارەکان‌و بەرەی ئۆپۆزسیۆن بە ئاراستەی تەندروست‌و هێمن‌و شارستانیدا تێپەڕێت، عەقڵی کوردی هێندە گەشەی کردبێت کە ئەنجامی هەڵبژاردن قبوڵ بکرێت، ساختەبازیی‌و دەنگ کڕین‌و ئاژاوەگێڕیی تێنەکەوێت، ناوبانگی گەلی کورد نەزڕێنن‌و لەکەدار نەکرێت، بەهیوای ئەوەی هەڵبژاردن لە لیستی ڕەشدا ناوی نەبرێت‌و ململانێ‌و ناکۆکی نەگاتە ڕادەی شەڕو ناخۆشی، هەروەکو چاودێرانی سیاسی ڕاڤەی ئەم هەڵبژاردنە دەکەن، دەیکەنە پێوەر بۆ ناوبانگی ناسنامەو کەسایەتیی گەلی کورد، ئەگەر بە چاکی بەڕێوەبچێت، ئەگەر بەپێچەوانەوە، ئەوە گەلی کورد هەلێکی دیکە لەدەستدەدات‌و بە هەموو پێوەرەکان ئەم قۆناغە نوێیە لە ژیانی گەلی کورددا.

**کۆمەڵگای کورد چیدی ئەمجۆرو فۆرمە لە سیاسەت‌و حیزبایەتی قبوڵ ناکات‌و زەمینەی گۆڕان هاتووەتەکایە، زەمینەکە گەیشتووەتە پلەیەک خەڵک داوای گۆڕان‌و ریفۆرم دەکات**

# خائینەکانی ئەمڕۆ، شۆڕشگێڕەکانی سبەی..

طە سۆڵەیی



لە بەرنامەی کاری لیستە ڕکابەرەکانی هەڵبژاردنی کوردستاندا، خەرمانێک بەڵێن‌و پڕۆژە ڕیزکراون کە ئەگەر گوفتارو کردارەکان یەکبخرێن، وڵاتمان دەبێتە شامی شەریف، شا بە سەپان ڕاناگرین..

سەرەتا لە ناوی هەر قەوارەو لایەنێکدا گەشبینی بەدیدەکرێت، ( لیستی کوردستانی، ئیش بۆ کوردو کوردستان!، لیستی گۆڕان، ریفۆرم‌و مۆدێلی نوێ، لیستی چاکسازیی‌و خزمەتگوزاری، کەنارخستنی گەندەڵی‌و گەڕاندنەوەی متمانەو خزمەت، لیستی ئاییندە، نەک ئەمڕۆو سبەی ئاییندەش لای ئێمەیە... هتد).

ئینگلیزەکان دەڵێن (کارتی هەڵبژاردن لەجێی فیشەکە)، لە وڵاتی بێ میلیشیادا، میکانیزمی گۆڕانکاری‌و هەڕەشەو تۆڵەسەندنەوە، تەنیا هەڵبژاردنە، لە هەڵبژاردندا جەماوەری ناڕازی دەتوانێت دڕک لەژێر پێی ئەوانە دەربهێنێت کە چوار ساڵیان گوزەراندو چواردە پەیمانیان نەخستە واقیعی کاریانەوە، ئەوە جەماوەری بوێرەو ئەوە هەڵبژاردنی بێ ساختەیە دەتوانێت لیستەکان تەمێ بکات‌و ڕیزبەندییەکانیان بگۆڕێت.

هەڵبژاردن بارودۆخێکی نائاساییە، حیزبی فەرمانڕەوا دڵنیانین لە بەردەوامێتی حوکمدارێتییان، حیزبەکانی دیکەش بێ ئومێدانە نایەنە کایەکەوە، بەر لە هەڵبژاردن جۆرێکە لە فەوزاو کێبڕکێ‌و ڕاگەیاندنی چەواشەو ناوزڕاندن‌و.... هتد.

هەڵبژاردن پەتایەکە زۆر نابات تەواودەبێت، گەردەلولێکە کەسانی تەنگەجیقلدان، لەوانەیە کەشوهەواکە ئەوەندەی دیکە بارگاوی بکەن، خوێنساردی زۆر پێویستە بۆئەوەی خوێندنەوەی خۆمان تێک نەدەین، گەرەکە سنوورەکان نەشکێنرێن، قسەی نابەجێ‌و وڕێنە نەکرێت بۆ مسۆگەرکردنی دەنگی زیاتر، شەلم کوێرم ناپارێزم، کارێکی ڕەوا نییە، هەرچییەک دەکرێت‌و دەوترێت با بە سلوکەت بێت.

با چاوێک لە دەستفرۆش‌و عەرەبانەچی‌و دوکاندارانی بازاڕ بکەین، هەر کەس میوەو کەلوپەلی خۆی دەڕازێنێتەوەو بانگەشەی بۆ دەکات، لە کەسیشیان نابینین تانە بدەن لە کەلوپەلی ئەوانی دیکە، جەماوەر کڕیارن، خۆشیان مافی هەڵبژاردنیان هەیە.

مەرج نییە ئێمە بێین لەسەر کۆشکی ڕووخاوی خەڵکی، تەلاری خەونەکانمان بنیات بنێین، هەر لیستێک چی لە هەگبەی دایە با بیخاتە بازاڕەوە، شکست‌و دەنگی کەم، مانای کۆتایی دونیاو کەچبوونی کەعبە نییە، کە شەڕی هەڵبژاردن دەکەین، بەشی ئاشتی‌و ئاییندەی تیابهێڵینەوە، ئەو لیستانەی ئەمڕۆ تۆمەتبار دەکرێن، لەوانەیە هەفتەی دوای هەڵبژاردن بیر لە هاوپەیمانییان بکەینەوە، دواجار دەبێتە جۆرێک لە ڕووداریی ئەگەر بانگهێشت بکرێن بۆ پێکهێنانی کابینەی حکومەت، یان سیاسەت وەک نیسک وایە، بەرو پشتی بۆ نییە!.

# پرسی مەترسی دەرەکی

سیروان بابەعلی



ژێــربــێــژ بـۆ لـێـکـدانـەوە گرنگە، هەڵەباشیی (تەهەور) لە راڤـەو بڕیارداندا ئاستەنگی هزریی گەورە دروستدەکات، کە پاشان چەوتانە بەسەر خاوەنەکەیدا دەشکێتەوە.

راسـتـیـیـەکـی سەلمێنراوە، دەسەڵاتی دوو زلهێزەکە، پێش ئەم هەڵبژاردنەی لەپێشمانە بەرامبەر گەل راستگۆ نەبوون، بـەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت لە قینی ئەواندا، بوێرو راستییە بەرجەستەکانیش کە لەوانەیە هەر لە بنەڕەتدا خەوشی رێبیر (مێتۆد)ی رامیاریی ئەوان بن، بەرپەچ بدەینەوە.

یەکێک لەوانە پرسی مەترسی دەرەکییە، ئەگەر سبەی کە زۆربەمان هیوای گۆڕانی دیموکراسی لەسەر هەڵدەچنین، دەسەڵات دەستیکەوت، وەڵامی ئەو رکابەرانەی ئەمڕۆ دەڵێن مەترسی دەرەکی نییە، چۆن دەبێت؟!

لەڕاستیدا ئەو مەترسییە هەبووەو هەیەو هێشتا بەردەوامە، ئەو مەترسییە رۆژانە لەسەر زەمینی کوردستان، لە چوارچێوەی بێڕێزییەکی گەورەدا خۆی واژۆ دەکاتەوە، بەڵام پرسیارە ژیربێژانەکە لێرەدا ئەوەیە، چی بووەتە هۆی ئەو مەترسییانەی بەردەوام لە بێڕێزییدا خۆیان دەنوێننو پیرۆزییەکانی خاکو مرۆڤی کوردستان ئەتک دەکەن؟!

بێڕێزیی بــەردەوام مەترسییەکی مەزنە، ئەی ئـەوە بێڕێزیی نییە وڵاتانی تورکیاو ئێران سنوورەکان دەسووتێنن، بە پاساوی دژەتیرۆرو دژەڕکابەر بەدوای خەباتگێڕانی پارچەکانی دیکەدا کە ژماڵو کێوماڵی کوردستان دەکەن، خەڵکی دەڤەرە سنوورییەکان خانە بەکۆڵو داماو دەکەنو ژینگە تێکدەدەن؟ مەگەر ئـەوە بێڕێزیی نییە، گروپەکانی سەر بە (ئیتلاعاتو میتو ئەرگەنەکۆنو موخابەرات) لە هەرێمی کوردستاندا تەراتێن دەکـەن؟ ئەدی ئەوە مەترسیو بێڕێزیی نییە، لەنێو پایتەختی هەرێمی کوردستاندا ژووری ئۆپەراسیۆنی هاوبەش دژی مەزنترین بەشی بندەستەی کوردستان دەخرێتەگەڕ؟

ئەوە بێڕێزیی نییە، دۆستە مەزنەکەی کورد ئەمریکا! ئەوەی هیچی پێ نەپێوێت، کڵاوی کوردە؟

ئـەو دیـاردانـە راسـتـەوخـۆبـن یان ناڕاستەوخۆ وەک تاکتیک لێکبدرێنەوە یان ستراتیژ، هەر مەترسین، بەڵام ئەو بێڕێزییو مەترسیانە بە هـەڵوێستی ئەمریکاشەوە، دەرئەنجامی شێوانشێویی (فەوزا)و رامیاریی هەڵەی ناوخۆن، رەنگدانەوەی ئەوەن ئێمە لە ناوەوە، کردەکی، سیستمێکی رامیارییو ئابووریی تەندروستمان نییە، بەرەژانی ئەوەن رێز لە داواو خواستە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای خۆمان ناگیرێت، بەرژەنگی ئەوە رەچـەتـەی چـارەسـەرو رێـکـاری وەڵامو گوتاری پسپۆڕانەو روونو دڵسۆزانەمان نییە.

هۆکاری هەموو نائامادەییو نەڕسکانو نەبووەکانیش دوو زل پارتەکەن، لەبەر یەک هۆ، چونکە (دەسەڵاتدارن)! ئەو مەترسییانە بەوە نارەوێنەوە، دەسەڵات بیانکاتە ریکلامی هەڵبژاردن، یان لەپڕ بۆ پاساوی دواخستنو ئەنجامنەدانی هەڵبژاردن ببزوێنرێنو زەق بکرێنەوە، بەڵکو گریمانەو گەشبینیی بۆ رەوینەوەیان لەوێدا سەر هەڵدەدەن، کە بە شێوازێکی دیموکراسیانە لە دەسەڵاتی رەهای دوو زل پارتەکە بدرێتو دەسەڵاتێکی تەکنۆکراتو کەمخەوشو دیموکراسیی، لەلایەن کۆمەڵگاوە رەوایی پێ بدرێت.

ئەم پەندە چینییە، باوە کە دەڵێت (لەباتی ئـەوەی تانە لە تاریکیی بدەیت، مۆمێک دابگیرسێنە).

راستتر نییە ئـەوانـەی دڵسۆزانە لە هەوڵی گۆڕینی رەوشی باو (دیفاکتۆ)دان، لەنێو زەمینەی گۆڕاندا چالاکن، رێکاری خۆیان بۆ چارەسەری بێڕێزییو مەترسییە دەرەکییەکان بخەنەڕوو، نـەک لەخۆڕا نەبوویان بکەن؟!

# (KNN) مۆمێک لەناو فەزایەکی تاریککراودا

## (دەقی ئەو پەیامەی کە ئەم تەلەفزیۆنە لەگەڵ خۆیدا بۆی هێناوین)

ئاسۆ ئەمین





دوای دەستپێکردنی پەخشی ئاسمانی تەلەفزیۆنی (KNN)، دەتوانین بڵێین میدیای کوردی گۆڕانێکی گـەورەی بەسەرهاتو چووە قۆناغێکی زۆر تایبەتەوە، ئەگەر دەرچـوونـی یەکەمین رۆژنامەی کوردستان لەلایەن بەدرخانەکانەوە، یەکەمین رۆژی دەستپێکردنی مێژووی رۆژنامەگەریی کوردی بێت، ئەوە بەرواری دامەزراندنی کەناڵی ئاسمانیی (KNN)یـش یەکەمین رۆژی دەستپێکردنی مێژوویەکی جـیـاوازو پێشکەوتووی میدیای بینراوی کوردییە، کە دەڵێین ئەو مێژووە جیاوازە کە لەمەودوا (KNN) بەنیازە بینای بکات، مەبەستمان ئـەوەیـە کە بە گشتی جـەمـاوەرو بینەری تەلەفزیۆن زۆر گەورەترە لەچاو ئەو نوخبەیەی کە لەدەوری رۆژنامەو گۆڤارو کتێبن، چونکە تەلەفزیۆن بەتەنیا بۆ نوخبەیەک نییە، بەڵکو بۆ هەموانە، هەربۆیە (KNN) لەئاستە سۆسیۆلۆژیو سایکۆلۆژییەکەی کۆمەڵگای کوردیدا گـۆڕانـی گـەورە دروسـتـدەکـاتو دنیایەکی جیاوازتر دەخولقێنێت، ئەمە جگە لەوەی لەئاستە سیاسییەکەدا خەریکی بیناکردنی فەزایەکە وەختە بڵێم دەیەوێت هەمووان بکاتە بکەری سیاسیو هەمووان بەشداربکات لە بڕیاری سیاسیدا، کە ئەمە لەڕاستیدا جەوهەری دیموکراسییە.

ئـەوەنـدەی مەبەستمانە لەم کەناڵەی کۆمپانیای وشە قسەبکەین، مەبەستمان نییە باس لە شێوازە میدیاییەکانی دیکەی هەمان ئەو کۆمپانیایە بکەینو شیکردنەوە بکەین، چونکە پێش رۆژنامەی (رۆژنامە)و ماڵپەڕی (سبەی)ی کۆمپانیای وشە، چەندین ماڵپەڕو رۆژنامەی هەبوونو ئەوانیش خەریکی بیناکردنی فەزایەکن کە جـیـاوازە لـەو فـەزا تەسکو تاریکەی کە حیزب لە کوردستان خەریکی بیناکردنێتیو رۆژ لەدوای رۆژ مـانـەوەی واقیعی خۆیان لەدەستدەدەن. قسەکردنی ئێمە لەسەر کەناڵێکی تەلەفزیۆنیی، لەبەرئەوەیە کە تەلەفزیۆن رێگایەکە کە بەهۆیەوە پەیام بۆ هەموو ئاستەکانی کۆمەڵگا دەبـاتو نوخبەو جـەمـاوەر لەم وەزیفەدا هاوبەشدەکات.

ئـەوەی لـەدوای راپـەڕیـنـەوە دەبینرێت لە میدیای بینراوی کوردیدا، هیچ نییە جگە لە دووبارەبوونەوەی شێوازێکی بێتامو سواوی کلاسیک، هیچ نییە جگە لـە پـیـاهـەڵـدانو هەڵگەڕانەوەی ئـەو واقیعەی کە سیخناخە بە هەموو ناشیرینیو کاولکارییەک. تەلەفزیۆنە کوردییەکان پێشتر سەرچاوەی گەمژەکردنو بێبایەخکردنی ئێمە بوون، فێریان دەکردین کە بیرنەکەینەوەو رەخنە نەگرین، چونکە پێیان دەوتین هەمووشت بەباشی دەڕوات، ئەوەی ئەوان دەیلێن تەواو راستەو عەیبی نییە، پێشتر یەک کەناڵی تەلەفزیۆنیی نەبوو بە جەماوەر بڵێت لەتەنیشت ئەو فەزایەی کە میدیای حیزب وەک بەهەشت پیشانی دەدات، فەزایەک بینادەبێت کە خەریکە هەموومان تێیدا دەخنکێین، گەنج تێیدا خۆی دەکـوژێـت یـان بەجێی دەهێڵێت، ژن تێیدا دەسووتێنرێتو ئەتک دەکرێت، ژیان تێیدا بووەتە شتێکی بێمانای حەتمی، بەرپرسێکی خواری خـوارەوەی زلحیزبێک، بە هەزاران پلە لەسەرووی یاساوەیە. فەزایەک کە هەر حیزبەو بۆخۆی زیندانی تایبەتی هەیەو بەبێ دادگاو بەبێ یاسا خەڵک دەگرێتو خەڵک ئازاد دەکات، فـەزایـەک کە تێیدا کـەس نازانێت کێ بازرگانەو کێ سیاسەتمەدار، کێ بەرپرسەو کێ مافیا، فەزایەک تێیدا خێڵ گەورە دەکرێتو دەزگاو دامەزراوەی مۆدێرن سوکو بێبایەخ دەبن.

تا پێش لەدایکبوونی (KNN) خەڵکی کەناڵێکی تەلەفزیۆنیان نەدەبینی گـوزارشـت لە نەهامەتییەکانیان بکات، کـەس گوێی نـەدەگـرت لە داخـوازیـیـەکـانـیـانو بیگەیەنێتە حکومەتو بەرپرسانو زلحیزبەکانی کوردستان. قسەکردنی ئێمە لەسەر (KNN)، بۆ ئەوەیە بڵێین گۆڕانێک بەڕێوەیەو جەماوەر دڵخۆشە، بۆ ئەوەیە بڵێین ئیتر کاتی هاتووە لە کوردستانیش وەک هەر ناوچەیەکی دیکەی دیموکراتخواز، ئەوەندە ئیهانە بە شعوری مرۆڤەکانو کەرامەتیان نەکرێت، کاتی ئەوەیە کە ئیتر مۆنتاژی رووداوەکـان بەخواستی ئەمو ئەو نەکرێت. (KNN) دەیەوێت ئەو پەیامە بگەیەنێت کە ئیتر لەمەودوا رەنگە پاساوێک نەمێنێتەوە بۆ خۆکوشتن، ئیتر کەس هەق نییە خەفەت بخوات بـۆئـەوەی کە دەنگی نابیسترێت، پەیامی (KNN) لە هەموو ئاستەکاندا پەیامێکی زۆر گـەورەیـە، بـەڕای من رەنگە بەدەیان پلە لەسەرووی پەیامی رۆژنامەی (کوردستان)ەکەی بەدرخانییەکانو گۆڤاری رەهەندی رەهەندییەکانو هاوڵاتیو ئاوێنەکەی رۆشنبیرانی کوردستانەوە بێت.

(KNN) بۆ ئـەوە لەدایکبووە کە پێمانبڵێت ئیتر باوی خۆپادان بە پیاوەتی بچووکو پیاهەڵدانی ئـەمو ئەو نەماوە، ئیتر جەماوەر خزمەتگوزارییەک کە مافی خۆیەتی، بە هـەزاران جارو هـەزاران منەت نابێت پێی بفرۆشرێتەوە، لەمەودوا جەماوەر فێردەبێت کە مافی چییەو ئیمتیازی کامەیە، لەمەودوا هەموومان لە ناشیرینییەکانی کلتووری خۆمانو سیاسەتی خۆمان ئاگاداردەبینو بەتەنگ چاکەی گشتییەوە دێین. دەروازە ناکرێتەوە بۆئەوەی خەڵکی لە رقدا ببێتە تیرۆریستو دوژمنی بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی خۆی، (KNN) هەموومان فێردەکات کە رەنگە رەخنەو جوامێریی لە وڵات هێشتا هەر مابێت، فێرماندەکات دەسەڵاتی چـوارەم کامەیە، حیزب جیایە لە حکومەت، دز جیایە لە سیاسی، بازرگان جیایە لە رۆشنبیر، سـەرۆک خێڵ جیایە لە بەرپرس. (KNN) لەدایکبووە بۆئەوەی نەک هەر بە جەماوەر، بەڵکو بە سیاسییەکانی وڵاتیش بڵێت ئێوە بەمجۆرە ناتوانن سیاسەت ببەن بەڕێوە بەشێوەیەکی تەندروست، سیاسەت ئیشی هەموو کەس نییە.

(KNN) هـاتـووە بـۆئـەوەی بـۆچـوونـی سـیـاسـیـەکـان لە بۆچوونێکی فاشییەوە بەرامبەر جەماوەر، بگۆڕێت بۆ بۆچوونێکی لیبراڵو دیموکرات، سیاسییەکانو ئەوانەی لە چواردەوری زلحیزبەکانی کوردستانن، بەئاگایان دەهێنێتەوە لەوەی کە چەندە خەریکە ناشیرین دەبـنو چەند خەڵکی رقی لێیانەو بێتاقەتە پێیان. پێیان دەڵێت تکایە ئیتر بەسە، تکایە جامەکە خەریکە پڕدەبێت، تکایە ئێوە مەترسین بۆ سەر هەموو شتێکی ئەم نەتەوەیە، ئێوە هیچ چوارچێوەیەکی ئەخلاقیتان نییە لە سیاسەتو بەڕێوەبردنی حکومەتدا، هەربۆیەشە کە بەهانەتان داوە بە جەماوەر تا رقی لە هەموو پیرۆزییو سەروەرییەکان بێت، هیچ شتێکی لا پیرۆزو شیرین نەمابێت لە داروبـەردی نیشتمان، ئامادەیە هەمووی بفرۆشێت بە دوژمنێک لەدەرەوەو لە بەرامبەردا ئیمتیازێکی بچووکی دەستکەوێت.

(KNN) ئەو تەلەفزیۆنەیە کە پەیامی پێیە بۆ هەموولایەک، بۆ جـەمـاوەر، بۆ نوخبە، بۆ هەموو حیزبەکان، تەنانەت بۆ ئەوانەی کە دەیانەوێت لە داخی دەسەڵاتدارانی حـیـزب- حکومەتی کـوردی ئەم ئەزموونە تێکبدەن، پەیامێک کە پڕیەتی لە رەخنە، بەڵام بە زمانی گـوڵ، پەیامێک کـە پڕیەتی لە چاوەڕوانیی جوانو شارستانی، پڕیەتی لە هیوا، پڕیەتی لە مژدە.

(KNN) لـەدایـکـبـوو، هـەر بە منداڵی وەکو مەسیح پێیوتین: تکایە چاوەڕوانم بن، بێتاقەت مەبن، تکایە هیچ گەنجێک خۆی نەکوژێت، کەس بێڕێزیی نەکات بەرامبەر کلتورو مێژووی پیرۆزی، پێیوتین من هەر ئەوەندەی کەوتمە سەرپێی خۆم، گۆڕان دروستدەکەم، گۆڕانێک کە کەس تێیدا زەرەرمەند نەبێت، تەنیا مافیاکانو گەندەڵچییەکانو ئەوانە نەبێت کە هەر بۆ ورگیان دەژینو ناتوانن یەک سانتیم لەودیو ئارەزووە ئاژەڵییەکانیانەوە بیربکەنەوە، پێیوتین ئایدۆلۆژیا لەمەودوا دەخرێتە تەنەکەی خۆڵەوەو جگە لە پێوەری هاوڵاتیبوونو چاکەی گشتی، هیچ شتێکی دیکە بایەخی نییەو نابێتە پنتی هیچ جۆرە پۆلێنێک.

(KNN) پێیوتین من دەزانم هەموو رۆژێک میدیاو تەلەفزیۆنی حیزب خەریکی چەواشەکردنتاننو بە هیچ جۆرێک گوزارشت لە ئێوە ناکەن، تەنانەت دەڵێی بۆ ئەوە دانراون تا ئەو بیانیانەی دێنە کوردستانەوە، سەیریان بکەنو کەیفخۆشبنو دوایـی بڵێن خەڵکی لە هەرێمی کوردستان هیچ کێشەی نییە، ئەی ئەوەنییە هەر بۆخۆیان خەریکی گۆرانیو هەڵپەڕکێن.

لـەمـەودوا (KNN) دەبـێـتـە رێنیشاندەری بیانییەکانیشو پێیان دەڵێت کوردستان پڕیەتی لە کەموکوڕیو بێحورمەتیکردن بە دیموکراسیو مافەکانی مرۆڤ. زۆر گەورەیە پەیامی (KNN)، چونکە هەر بەم سەرەتای تەمەنەی نیشانیدا کە دەتوانێت وابکات لـەمـەودوا بـەرپـرسـان شـەوو رۆژ بخەنە سەرێک بۆئەوەی خزمەتی ئەم خەڵکە بێخزمەتە بکەن.

**تەلەفزیۆنە کوردییەکان پێشتر سەرچاوەی گەمژەکردنو بێبایەخکردنی ئێمە بوون، فێریان دەکردین کە بیرنەکەینەوەو رەخنە نەگرین، چونکە پێیان دەوتین هەمووشت بەباشی دەڕوات، ئەوەی ئەوان دەیلێن تەواو راستەو عەیبی نییە**

**تا پێش لەدایکبوونی (KNN) خەڵکی کەناڵێکی تەلەفزیۆنیان نەدەبینی گوزارشت لە نەهامەتییەکانیان بکات، کەس گوێی نەدەگرت لە داخوازییەکانیانو بیگەیەنێتە حکومەتو بەرپرسانو زلحیزبەکانی کوردستان**

هەرێمی کوردستان/ عێراق
ئەنجومەنی دادوەری
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچونەوەی
ناوچەی کەرکوک لە سلێمانی
دادگای بەرایی چەمچەماڵ
ژمارە: ٢٠٢/ب/٢٠٠٩
بەروار: ٢٠٠٩/٤/١٤
ئاگاداری
داواکار ابراهیم عبداللە یاروەیس داوایەکی تۆمار کردووە لە دادگاکەمان لەسەر بەڕێوەبەرایەتی ڕەگەزنامەی باری شارستانی چەمچەماڵ وێرای کارەکەی بۆ گۆڕینی ناوی کوڕەکەی لە بروا بۆ محمد، بەپێ ماددەی (٢١) لە یاسای باری شارستانی، بۆیە بڕیاردرا بە بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە جا هەرکەسێک لاری هەیە با پەیوەندی بکات بەم دادگایەوە لەماوەی (١٠) ڕۆژ پاش بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە، بەپێچەوانەوە ئەم داوایە ئەبینرێت بەپێ یاسا.
لەگەڵ ڕێزدا...

الحاكم
عزالدين رحمان سليمان

---

هەرێمی کوردستان/ عێراق
ئەنجومەنی دادوەری
سەرۆکایەتی دادگای تاوانەکانی کرکوک لە سلێمانی
ژمارە: ١٤٢/ج/٢٠٠٩
بەروار: ٢٠٠٩/٥/١٨
ئاگاداری
بۆ تۆمەتباری ڕاکردوو هەڵکەوت شوکت حمە شریف
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مـادەی (٤٣١) لە یاسای (هاتووچۆ) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (چەمچەماڵ) لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارماندا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە ڕۆژی (٢٠٠٩/٧/٨) لە بەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیێنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێت بەبێ ئامادەبونت بەپێی یاسا.

سەرۆکی دادگا
اکرم فرج امين

---

هەلی کار
کۆمپانیای بیرناردی ئیتالی ستایل پێویستی بە کارمەندێک هەیە، کە زمانەکانی ئیتالی ـ عەرەبی ـ کوردی، بەباشی بزانێت بە نووسین و ئاخاوتن.
هەر کەس ئارەزووی هەیە با لە ماوەی ١٠ ڕۆژدا پەیوەندیمان پێوە بکات، بەم ناونیشانە:
سلێمانی ـ شەقامی پارزنەی مەلیک مەحمود ـ بینای ڕۆنی ئاسیا ـ گەرەکی چوارچرا.
ژ. ت/ ٠٧٧٠٤٠٠٠٨٦٨

---

هەرێمی کوردستان/ عێراق
ئەنجومەنی دادوەری
سەرۆکایەتی دادگای تاوانەکانی کرکوک لە سلێمانی
ژمارە: ١١٥/ج/٢٠٠٩
بەروار: ٢٠٠٩/٥/١٨
ئاگاداری
بۆ تۆمەتباری ڕاکردوو فؤاد عارف فتاح
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٢١) لە یاسای (چەک) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (چەمچەماڵ) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارماندا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە ڕۆژی (٢٠٠٩/٧/٨) لە بەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیێنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێت بەبێ ئامادەبونت بەپێی یاسا.
سەرۆکی دادگا
اکرم فرج امين

---

هەرێمی کوردستان عێراق
ئەنجومەنی دادوەری
دادگای کەتن دەربەندیخان
ژمارە: ٦٨/ج غم/٢٠٠٩
بەروار: ٢٠٠٩/٥/٢١
ئاگاداری
بۆ تۆمەتباری ڕاکردوو ئازاد أحمد قادر
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٤٤٦) لە یاسای (سزادانی عێراقی) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (دەربەندیخان) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارماندا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە ڕۆژی (٢٠٠٩/٧/١٣) لە بەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیێنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێت بەبێ ئامادەبونت بەپێی یاسا.
دادوەر
اکرم عباس حسن

---

هەرێمی کوردستان/ عێراق
ئەنجومەنی دادوەری
سەرۆکایەتی دادگای تاوانەکانی کرکوک لە سلێمانی
ژمارە: ١٤٢/ج/٢٠٠٩
بەروار: ٢٠٠٩/٥/١٨
ئاگاداری
بۆ تۆمەتباری ڕاکردوو هەڵکەوت شوکت حمە شریف
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٤٣١) لە یاسای (هاتووچۆ) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (چەمچەماڵ) لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارماندا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە ڕۆژی (٢٠٠٩/٧/٨) لە بەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیێنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێت بەبێ ئامادەبونت بەپێی یاسا.
سەرۆکی دادگا
اکرم فرج امين

---

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی داد
دادگای کەتنی دوکان
ژمارە: ٢٠٥/ج/٢٠٠٨
بەروار: ٢٠٠٩/١/٢٨
ئاگاداری
بۆ تۆمەتباری ڕاکردوو/ بروا محمد صديق
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٢٣) لە یاسای (هاتووچۆ) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (سورداش) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارماندا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە ڕۆژی (٢٠٠٩/٥/٦) لە بەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیێنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێت بەبێ ئامادەبونت بەپێی یاسا.
دادوەر
کامەران حسن فرج

---

هەرێمی کوردستان/ عێراق
ئەنجومەنی دادوەری
دادگای کەتنی دوکان
اقليم كردستان/ العراق
مجلس القضاء
محكمة جنح دوكان
ژمارە: ٤/ج/٢٠٠٩
بەروار: ٢٠٠٩/٥/١٣
بابەت/ ئاگاداری
بۆ تاوانباری ڕاکردوو/ هاوكار عثمان محمد فرج
لەبەر ئەوەی ئامادەنەبوویت لە ڕۆژی دادگـای کردنت ٢٠٠٩/٥/١٣ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی دا لەبەر ئەوە دادگای کرایت بە (ئامادە نەبوون) بە شێوەی ئاشکرا لە داوای ژمارە (٤/ج/٢٠٠٩) بە تاوانبارکردنت بەپێی مادەی (١/٢٣) لە یاسای هاتوچۆ ژمارە (٨٦) ساڵی ٢٠٠٤ حوکم درا بە سەرتا بە بەند کردنت بۆ ماوەی (١) یەک ساڵ وە فەرمانی گرتنت دراوە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان نزیکترین بنکەی پۆلیس وە مافی (اعتراز)ت هەیە لەم بڕیارە بەپێی یاسا.
دادوەر
کامەران حسن فرج

---

هەرێمی کوردستان/ عێراق
ئەنجومەنی دادوەری
دادگای کەتنی دوکان
اقليم كردستان/ العراق
مجلس القضاء
محكمة جنح دوكان
ژمارە: ١٤/ج/٢٠٠٩
بەروار: ٢٠٠٩/٤/٢٢
بابەت/ ئاگاداری
بۆ تاوانباری ڕاکردوو/ عمر شاكر حمودی
لەبەر ئەوەی ئامادەنەبوویت لە ڕۆژی دادگای کردنت ٢٠٠٩/٤/٢٢ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی دا لەبەر ئەوە دادگای کرایت بە (ئامادە نەبوون) بە شێوەی ئاشکرا لە داوای ژمارە (١٤/ج/٢٠٠٩) بە تاوانبارکردنت بەپێی مادەی (٤٥٠) لە یاسای سزادان حوکم درا بە سەرتا بە بەند کردنت بۆ ماوەی (١) یەک ساڵ وە فەرمانی گرتنت دراوە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان نزیکترین بنکەی پۆلیس وە مافی (اعتراز)ت هەیە لەم بڕیارە بەپێی یاسا.
دادوەر
کامەران حسن فرج

---

هەرێمی کوردستان/ عێراق
ئەنجومەنی دادوەری
سەرۆکایەتی دادگای تاوانەکانی کرکوک لە سلێمانی
ژمارە: ٢٤٧/ج/٢٠٠٨
بەروار: ٢٠٠٩/٥/٢٤
ئاگاداری
بۆ تۆمەتباری ڕاکردوو/ سلام محمد حمە صالح
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (١/٢١) لە یاسای (چەک) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (کەلار) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارماندا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە ڕۆژی (٢٠٠٩/٨/١١) لە بەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیێنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێت بەبێ ئامادەبونت بەپێی یاسا.
سەرۆکی دادگا
اکرم فرج امين

---

هەرێمی کوردستان/ عێراق
ئەنجومەنی دادوەری
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی
دادگای کەتن کۆیە
ژمارە: ٨٧/ج غم/٢٠٠٩
بەروار: ٢٠٠٩/٤/١٩
ئاگاداری
بۆ تۆمەتباری ڕاکردوو/ عمر قادر محمد
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (١/٢٣) لە یاسای هاتووچۆ ژمارە (٨٦) ساڵی (٢٠٠٤) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی سکتان وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارماندا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە ڕۆژی (٢٠٠٩/٦/١٥) لە بەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیێنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیسی بۆ هێنانت لەو ڕۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێت بەبێ ئامادەبونت بەپێی یاسا.

قازی یەکەم
دیار محمد علی

---

دادگای کەتن سلێمانی/ ١
ژمارە: ١٣٧٣/ج/٢٠٠٨
بەروار: ٢٠٠٩/٥/١٨
ئاگاداری
بۆ تۆمەتباری ڕاکردوو کاروان محی الدین رسول
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٢٣٠) لە یاسای (سزادان) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (سەرا) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارماندا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە ڕۆژی (٢٠٠٩/٧/١٣) لە بەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیێنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێت بەبێ ئامادەبونت بەپێی یاسا.
دادوەر
عادل محمد توفيق

---

دادگای کەتن سلێمانی/ ١
ژمارە: ١٢٣٥/ج/٢٠٠٨
بەروار: ٢٠٠٩/٥/١٨
ئاگاداری
بۆ تۆمەتباری ڕاکردوو/ مهدی عمر ابراهيم
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٤٤٦) لە یاسای (سزادان) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (نەهێشتنی تاوان) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارماندا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە ڕۆژی (٢٠٠٩/٧/١٤) لە بەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیێنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێت بەبێ ئامادەبونت بەپێی یاسا.
دادوەر
عادل محمد توفيق

---

دادگای کەتن سلێمانی/ ١
ژمارە: ٢٦٨٣/ج/٢٠٠٨
بەروار: ٢٠٠٩/٥/١١
ئاگاداری
بۆ تۆمەتباری ڕاکردوو/ قائد أياد حسن
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٢١) لە یاسای (هاتووچۆ) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (سەرچنار) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارماندا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە ڕۆژی (٢٠٠٩/٧/٩) لە بەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیێنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێت بەبێ ئامادەبونت بەپێی یاسا.
دادوەر
عادل محمد توفيق

خاوەنی ئیمتیاز:
کۆمپانیای وشە
سەرنووسەر:
عەدنان عوسمان
ednan.rozhnama@yahoo.com - adnan@rozhnama.com
بەڕێوەبەری نووسین
ئاودێر شێخ عومەر
awder.sh.omer@gmail.com
دەستـــەی نووســـەران
سیروان ڕەشید ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
فازڵ نەجیب ٠٧٧٠١٥٢٦٥٨٣ fazil988@yahoo.com
هیوا جەماڵ ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com
فرمان عەبدولڕەحمان ٠٧٧٠٢٢٢٣٣٠٤ frman802001@yahoo.com
ب. ئۆفیسی هەولێر
ئیبراهیم عەلی
٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩
کارگێڕی و ریکلام و ئاگاداری
٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩ - ٠٧٤٨٠١٢١١٤٤
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com
دابەشکردن:
کۆمپانیای نیوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ - ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠
ئۆفیسی سەرەکیی:
سلێمانی - بەختیاری - پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی
ئۆفیسی هەولێر:
شەقامی زانکۆ ٩٤ نزیک چوارڕیانی حەمرین، تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر

# میدیا له‌نێوان خه‌ونی سه‌ربه‌خۆیی‌و هه‌ژموونی ده‌سه‌ڵاتی حیزبیدا



هونه‌ر فه‌تاح

له‌ پێكهاته‌ كلتووری‌و هزرییه‌كانی وڵاتێكدا كه‌ ره‌گه‌زه‌ سه‌ره‌كییه‌كانی دیموكراسیه‌ت‌و ئازادیی راده‌ربڕین هێشتا له‌ژێر مه‌ترسی كۆمه‌ڵێك بۆچوون‌و هزری كۆنزه‌رڤاتیڤدابن، ئه‌م پره‌نسیپانه‌ له‌ دنیاو فه‌زای كۆمه‌ڵایه‌تی ئێمه‌دا سه‌وز نه‌بووبن‌و گه‌شه‌ی ته‌ندروستی خۆیان نه‌كردبێت، ئه‌و كه‌ناڵه‌ گرنگانه‌ی به‌هۆیه‌وه‌ ئازادیی راده‌ربڕین زیادده‌كه‌ن‌و رای جیاواز گه‌شه‌ پێده‌ده‌ن‌و ره‌خنه‌ به‌شێوه‌یه‌كی زانستیانه‌، پانتاییه‌كی گه‌وره‌ له‌ پێكهاته‌ی كۆمه‌ڵگاو سیستمی سیاسیدا ده‌گرێته‌وه‌، كه‌ هێشتا نه‌گه‌یشتووه‌ته‌ ئاستی ئومێدی هاوڵاتییان‌و ئازادانه‌ خه‌ڵكی ناتوانن مامه‌ڵه‌ له‌گه‌ڵ ئه‌و چه‌مكانه‌دا بكه‌ن، ئه‌گه‌ر روونتر بڵێین له‌ كۆمه‌ڵگایه‌كدا كه‌ هێشتا مرۆڤ تێیدا له‌سه‌ر ره‌خنه‌و رای جیاواز تیرۆر بكرێت‌و مافه‌كانی مرۆڤ به‌ئاشكرا پێشێل بكرێت‌و توندوتیژیی له‌سه‌ر ئاستی كلتووریدا هێشتا نه‌ریتێكی په‌یره‌و لێكراوبێت، بۆ یه‌كلایی كردنه‌وه‌ی كێشه‌كان له‌و جۆره‌ كۆمه‌ڵگانه‌دا، زۆربه‌ی ئه‌وكایه‌و پێكهاته‌ جیاجیایانه‌ی ژیانی دیموكراسی به‌ئیفلیجی له‌دایك ده‌بن، بێگومان میدیاش له‌مجۆره‌ كلتوورانه‌دا له‌دایكبوی هه‌مان ئه‌و دۆخه‌ ناته‌ندروست‌و ناجێگیره‌یه‌ كه‌ له‌ هه‌موو كایه‌ جۆراوجۆره‌كانی ژیانی كۆمه‌ڵایه‌تی‌و سیاسی ئێمه‌دا ده‌بینرێته‌وه‌.

له‌ كوردستان میدیا به‌گشتی له‌دایكبوی دۆخێكی ناته‌ندروستی ناجێگیره‌ كه‌ كۆمه‌ڵگای ئێمه‌ به‌درێژایی چه‌ندین ساڵ پێیدا تێپه‌ڕیوه‌، دۆخێك كه‌ توندوتیژیی كلتووری‌و سیاسی له‌ بنه‌ما سه‌ره‌كییه‌كانی ئه‌و تێڕوانین‌و دنیابینیانه‌ن كه‌ له‌ كۆمه‌ڵگای ئێمه‌دا مرۆڤ په‌یڕه‌ویان لێده‌كات، ئه‌مه‌ش به‌رهه‌می ئه‌و شه‌ڕو ململانێ‌و توندوتیژییانه‌یه‌ كه‌ كۆمه‌ڵگای ئێمه‌ به‌درێژایی مێژوویه‌كی زۆر له‌سه‌ر ئاستی لۆكاڵی‌و ده‌ره‌كیدا ئاشنایه‌تی له‌گه‌ڵدا په‌یدا كردووه‌، بۆیه‌ قورسه‌ له‌ كلتوورێكی له‌و شێوه‌یه‌دا چاوه‌ڕێی له‌دایكبوونی میدیایه‌كی ته‌ندروست‌و پرۆفێشناڵ‌و تێر له‌ مه‌عریفه‌ی رۆژنامه‌وانی بكه‌ین، كه‌ توانای ده‌ست خستنه‌سه‌ر برینه‌ قوڵه‌كانی به‌شێوه‌یه‌كی كاریگه‌ر هه‌بێت، ده‌سه‌ڵاتێك بێت كه‌ زانیاری به‌خشینه‌وه‌ هه‌یمه‌نه‌یه‌كی گه‌وره‌ی بۆ دروستكردبێت له‌ چوارچێوه‌ی ده‌سه‌ڵاتی گشتی كۆمه‌ڵگادا، وه‌ك ئه‌وه‌ی ناكرێت چاوه‌ڕێی له‌دایكبوونێكی ته‌ندروستی دیموكراسیه‌ت‌و كۆمه‌ڵگای مه‌ده‌نی بكه‌ین به‌بێ بوونی میدیایه‌كی له‌و شێوه‌یه‌و هێزێكی كاریگه‌ر كه‌ رابه‌رایه‌تی بكات، له‌ هه‌ره‌ دیارترین ئه‌و فاكته‌رانه‌ی ئه‌و فۆرمه‌ له‌ كاری میدیا دروستده‌كات ئه‌وه‌یه‌، كه‌ ئێمه‌ خاوه‌ن پاشخانێكی كلتووری ده‌وڵه‌مه‌ندنین له‌ یه‌كتری قبوڵكردن‌و دانپێدانان به‌یه‌كتری‌و رێزگرتن له‌ بیروباوه‌ڕو به‌هاكانی مرۆڤ، سه‌ره‌ڕای نه‌بوونی مێژوو ئه‌زموونێكی ده‌وڵه‌مه‌ند له‌ كاری میدیایی مۆدێرندا، هه‌رچه‌نده‌ مێژووی ده‌ركردنی یه‌كه‌مین رۆژنامه‌ بۆ سه‌رده‌مێكی دوور ده‌گه‌ڕێته‌وه‌، به‌ڵام له‌به‌ر ئه‌و بارودۆخه‌ سیاسی‌و كۆمه‌ڵایه‌تییه‌ی كۆمه‌ڵگای ئێمه‌ پێیدا تێپه‌ڕیوه‌، هه‌نگاوه‌كانی ئه‌م ده‌ستپێكردنه‌ دواتر نه‌توانراوه‌ به‌باشی هه‌ڵبنرێن‌و ببێته‌ سه‌ره‌تایه‌كی به‌هێز بۆ له‌دایكبوونی میدیایه‌كی ته‌ندروست‌و ده‌سه‌ڵاتدار.

دابه‌شكردنی میدیا بۆ سه‌ر به‌ره‌ی ره‌ش‌و سپی‌و تاوانباركردنی هه‌ر یه‌كێكیان بۆ ئه‌وی دیكه‌، ناپرۆفێشناڵ‌و نازانستی بنه‌ماكانی هه‌ڵقوڵاوی كلتووری ئێمه‌یه‌ كه‌ بریتییه‌ له‌، قبوڵنه‌كردنی یه‌كترو دانه‌نان به‌یه‌كتری‌و تۆمه‌ت هه‌ڵبه‌ستن‌و خستنه‌ ناو بازنه‌ی تاوانبارییه‌وه‌، كه‌واته‌ یه‌كێك له‌ بنه‌ما گرنگه‌كانی دروستبوونی ئه‌م كێشه‌یه‌ بۆ پێكهاته‌ی كلتووری‌و نه‌بوونی ئه‌زموونی ئێمه‌ ده‌گه‌ڕێته‌وه‌ له‌ رووبه‌ڕووبوونه‌وه‌كانمان به‌رامبه‌ر به‌ گرفتی له‌م شێوه‌یه‌، به‌درێژایی مێژووی كۆمه‌ڵگای ئێمه‌ به‌شێكی گه‌وره‌ی ئه‌مجۆره‌ له‌ سه‌رهه‌ڵدانی به‌هاو نۆرمی توندوتیژیی ده‌سه‌ڵات به‌گشتی‌و ده‌سه‌ڵاتی سیاسی به‌تایبه‌تی لێی به‌رپرسیاره‌، ده‌سه‌ڵات به‌درێژایی ئه‌و چه‌ند ساڵه‌ی ئازادیی كوردستان نه‌یتوانیوه‌ یان نه‌یویستووه‌ مامه‌ڵه‌یه‌كی ته‌ندروست‌و شه‌فاف له‌گه‌ڵ میدیا بكات، چونكه‌ كاتێك میدیای حیزبی‌و به‌تایبه‌ت حیزبی باڵاده‌ست دێت، هه‌موو تۆمه‌ته‌كانی سیخوڕی‌و ناپرۆفێشناڵی‌و دژ به‌ نه‌ته‌وه‌و بێ ئینتیمایی ده‌داته‌ پاڵ میدیای ئه‌هلی‌و به‌ به‌شێك له‌ پلان‌وبه‌رنامه‌یه‌كی سیاسی‌و ئایدۆلۆژی وه‌سفیده‌كات، پێیوایه‌ كه‌ میدیای ئه‌هلی هیچ نییه‌ جگه‌ له‌ پرۆژه‌یه‌كی سیاسی كه‌ له‌ ده‌ره‌وه‌ یان له‌ ناوه‌وه‌ پاڵپشتی ده‌كرێت، ئه‌مه‌ ئه‌و تێزو تێڕوانینه‌یه‌ كه‌ له‌ وڵاته‌ نادیموكراسییه‌كاندا له‌ زۆربه‌ی كایه‌ په‌یوه‌ندیداره‌كانی بواری ئازادیی راده‌ربڕین‌و رای جیاوازدا ده‌بینرێت، چونكه‌ له‌و كۆمه‌ڵگانه‌دا هه‌میشه‌ ده‌سه‌ڵات هه‌وڵی دابه‌شكردنی كۆمه‌ڵگا ده‌دات به‌سه‌ر دوو به‌ره‌ی جیاواز له‌یه‌كتری، به‌ره‌یه‌ك كه‌ ته‌واو له‌گه‌ڵ بۆچوونه‌كانی ده‌سه‌ڵات‌و شێوازی به‌ڕێوه‌بردن‌و پێكهاته‌ی حوكمه‌ له‌ وڵاتداو چاو له‌ هه‌موو كه‌موكورتییه‌كان ده‌پۆشێت‌و وه‌سفێكی ناواقیعی بۆ گه‌وره‌یی‌و دیموكراسیبوونی ده‌سه‌ڵات ده‌كات، وه‌ك ئه‌و رۆژنامه‌و بڵاوكراوانه‌ی له‌ كوردستاندا حیزب ده‌ریان ده‌كات بۆ بانگه‌شه‌كردن بۆ خۆی، یان ئه‌و رۆژنامه‌و گۆڤارانه‌ی به‌ پاره‌ی حیزب‌و به‌ پاڵپشتی حیزب ده‌رده‌چن كه‌ جگه‌ له‌ دیوێكی دیكه‌ی رۆژنامه‌ حیزبییه‌كان‌و تێڕوانینه‌كانی ده‌سه‌ڵات، هیچی دیكه‌ نین، ئه‌مانه‌ چاو له‌ هه‌موو كه‌موكورتییه‌كان ده‌پۆشن‌و رێگا به‌ خه‌ڵكی دیكه‌و به‌ میدیای دیكه‌ ناده‌ن ئه‌م كێشانه‌ ده‌ربخات، به‌ دژه‌ نیشتمان‌و نامۆ وه‌سفیان ده‌كه‌ن.

به‌ره‌ی دووه‌میش كه‌ سه‌ره‌تایه‌كی گه‌شه‌ له‌ میدیای ئه‌هلی‌و سه‌ربه‌خۆ به‌ هه‌موو كه‌موكورتیه‌كانییه‌وه‌، به‌پێی تێڕوانینی ده‌سه‌ڵات دژی سه‌روه‌رییه‌كانی نیشتمان‌و ئه‌زموونی وڵاتـه‌و نامۆیه‌ به‌ كۆمه‌ڵگاو دارده‌ستی ئه‌جێندای ده‌ره‌كییه‌و ئامانجی لێدانی به‌رژه‌وه‌ندییه‌ باڵاكانی نیشتمانه‌، ئه‌مه‌ش سه‌ره‌تایه‌كی ترسناك‌و هه‌نگاوی یه‌كه‌مه‌ بۆ كۆنترۆڵكردن‌و لێدانی ئه‌و به‌ره‌یه‌و په‌لكێشكردنی بۆ ململانێیه‌كی توند كه‌ هێزو چاوسوركردنه‌وه‌ تێیدا به‌كارده‌هێنرێت، له‌م ململانێیه‌شدا براوه‌ به‌ره‌ی یه‌كه‌م ده‌بێت، به‌و پێیه‌ی كۆی ده‌زگاكانی ده‌سه‌ڵات‌و هه‌ڕه‌شه‌و توندوتیژی نواندن له‌ ده‌ستی ئه‌و به‌ره‌یه‌دان، بۆیه‌ ئه‌و تێڕوانینه‌ ترسناكه‌ی كه‌ ته‌نیا دوو ره‌نگی جیاواز له‌ كۆمه‌ڵگا هه‌ن كه‌ ره‌ش‌و سپین، دابه‌شكردنه‌وه‌ی كۆمه‌ڵگا له‌سه‌ر ئه‌م بنه‌مایه‌ هه‌نگاوێكی ترسناكه‌ به‌ره‌و سه‌رهه‌ڵدانی توندوتیژیی‌و كپكردنه‌وه‌ی ئه‌و ده‌نگانه‌ی كه‌ به‌ جیاوازتر له‌ ده‌سه‌ڵات بیرده‌كه‌نه‌وه‌، چونكه‌ ده‌نگی جیـاوازو ره‌نگی جیاواز له‌ پێكهێنه‌ره‌ سه‌ره‌كییه‌كانی كلتووری ئه‌مرۆی دنیان‌و پایه‌ گرنگه‌كانی دیموكراسیه‌ت پێكده‌هێنن، ناكرێت هیچ ئه‌زموونێك به‌ ئه‌زموونێكی دیموكراسی وه‌سف بكه‌ین، ئه‌گه‌ر هه‌موو خه‌ڵكو پێكهاته‌ كۆمه‌ڵایه‌تییه‌كانی وه‌ك یه‌ك بن‌و یه‌ك بیركردنه‌وه‌یان هه‌بێت، بۆیه‌ ئه‌گه‌ر له‌ كوردستانیشدا ئه‌م رێگاو كه‌ناڵانه‌ قه‌ده‌غه‌و یاساغ بكرێن، بێگومان به‌ رێگاو شێوازی دیكه‌ سه‌رهه‌ڵده‌ده‌ن، كه‌ ئه‌وكاته‌ توندوتیژیی یه‌كێك له‌ ره‌گه‌زه‌كانی ده‌بێت‌و به‌رپرسیارێتیش ده‌كه‌وێته‌ ئه‌ستۆی ده‌سه‌ڵاته‌وه‌، چونكه‌ مامه‌ڵه‌یه‌كی نازانستی له‌گه‌ڵ ئه‌م كێشه‌یه‌ ده‌كات، بۆیه‌ پێویسته‌ ده‌سه‌ڵات له‌ كوردستاندا ئه‌وه‌ بزانێت كه‌ بوونی ده‌نگی جیاوازو كه‌ناڵی جۆراوجۆری میدیایی له‌ ده‌ره‌وه‌ی ده‌سه‌ڵاتی حیزب‌و له‌ ده‌ره‌وه‌ی سێبه‌ره‌كانی ده‌سه‌ڵات، رووه‌یه‌كی جوانی پرۆسه‌ی دیموكراسین، به‌ مانایه‌كی دیكه‌ ئه‌وه‌ میدیای ئه‌هلی‌و ئه‌و رۆژنامانه‌ن كه‌ واقیعی دیموكراسیه‌ت‌و كۆمه‌ڵگای مه‌ده‌نی له‌ وڵاتاندا په‌ره‌ پێده‌ده‌ن، ئه‌وانه‌ن نیشانه‌ی بوونی دیموكراسیه‌ت نه‌ك میدیای حیزبی‌و ئـه‌و بـڵاوكـراوانـه‌ی كه‌ جگه‌ له‌ ره‌سمی سه‌رۆكه‌كانیان‌و چالاكییه‌كانی سه‌ركرده‌كانیان، هیچی دیكه‌ نابه‌خشنه‌وه‌ به‌ جه‌ماوه‌ر، له‌ كوردستانیش له‌م چه‌ند ساڵه‌ی دواییدا ئه‌وه‌ی زۆرتر سه‌رنجی ده‌ره‌وه‌و خه‌ڵكی دیكه‌ی راكیشاوه‌و جه‌خت له‌سه‌ر بوونی نووزه‌یه‌ك له‌ دیموكراسیه‌ت‌و رای جیاواز ده‌كه‌نه‌وه‌، ئه‌و هه‌وڵو تێكۆشانانه‌ی میدیای ئه‌هلی‌و ئه‌و رۆژنامه‌و گۆڤارو سایته‌ جۆراوجۆرانه‌ن، كه‌ به‌ جیاواز له‌ ده‌سه‌ڵات بیرده‌كه‌نه‌وه‌و پانتاییه‌كی بچووكیان له‌ دیموكراسیه‌ت‌و رای جیاواز گه‌شه‌پێداوه‌، بۆیه‌ زۆر گرنگه‌ ده‌سه‌ڵات له‌وه‌ تێبگات كه‌ پارێزگاریكردن له‌ ده‌نگی جیاوازو هه‌وڵدان‌و به‌رفراوانكردنی ئه‌و ده‌رفه‌تانه‌ بۆ رای جیاواز، زۆرتر رووی ئه‌و ئه‌زموونه‌ جوانتر ده‌كات‌و پێگه‌یه‌كی گه‌وره‌تری پێده‌دات له‌ كۆمه‌ڵگای مرۆڤایه‌تیدا، نه‌ك كپكردنه‌وه‌ی ئه‌و ده‌نگانه‌، به‌پێچه‌وانه‌وه‌ ئه‌مرۆ له‌ دنیادا میدیای حیزب‌و رۆژنامه‌و گۆڤاره‌كانی حیزب پانتاییه‌كی زۆر به‌رته‌سكیان ماوه‌ له‌ چوارچێوه‌ی كایه‌ی میدیادا، له‌ هه‌ندێك وڵاتی دنیادا به‌ره‌و پووكانه‌وه‌و نه‌مان ده‌چن.

زۆركـات ره‌خنـه‌ لـه‌ میدیای ئه‌هلی ده‌گیرێت به‌وه‌ی كه‌ بێلایه‌نانه‌ كارناكات‌و رایه‌كانی دوورن له‌ راستییه‌وه‌و هانی دووبه‌ره‌كی‌و توندوتیژیی ده‌دات له‌نێو چینه‌ جۆراوجۆره‌كانی كۆمه‌ڵگاو زانیاری ناراست بڵاو ده‌كاته‌وه‌، لێره‌دا بابه‌تێكی گرنگ هه‌یه‌ ده‌بێت له‌سه‌ری بوه‌ستین، ئه‌و بابه‌ته‌ به‌شێكی زۆر له‌ كێشه‌و ململانێكانی نێوان ئه‌وه‌ی پێیده‌وترێت میدیای ئه‌هلی‌و حیزبی‌و زۆرێك له‌و كێشه‌و پێكهه‌ڵپژانانه‌ی له‌سه‌ر ناڕوونی‌و نه‌بوونی شه‌فافیه‌ت‌و ده‌ستنه‌كه‌وتنی زانیاری دروستده‌بن چـاره‌سـه‌رده‌كـات، ئـه‌وه‌ش یاسایه‌كی كارپێكراوه‌ بۆ به‌خشینی زانیاری كه‌ له‌ زۆربه‌ی وڵاتانی دنیادا هه‌یه‌، به‌پێی ئه‌م یاسایه‌ هه‌موو كه‌ناڵ‌و ده‌زگا جیاوازه‌كانی ده‌سه‌ڵات‌و حكومه‌ت ده‌خاته‌ سه‌رپشت بۆ به‌خشینی زانیاری‌و پێدانی ئه‌و زانیارییانه‌ی كه‌ میدیاو خه‌ڵك به‌شێوه‌یه‌كی گشتی داوای ده‌كات، لێره‌وه‌ پێویسته‌ دان به‌ راستییه‌كدا بنێین ئه‌ویش ئه‌وه‌یه‌، به‌ڵێ میدیای ئه‌هلی زانیاری ناراست بڵاوده‌كاته‌وه‌، به‌ڵێ میدیای ئه‌هلی سه‌رچاوه‌كانی زانیاری دیارنییه‌، به‌ڵێ میدیای ئه‌هلی هه‌ندێكجار كاریگه‌ری خراپ داده‌نێت له‌سه‌ر پرۆسه‌ی سیاسی‌و نه‌ته‌وه‌یی، به‌ڵێ میدیای ئه‌هلی ناپرۆفێشناڵه‌، به‌ڵام به‌ رای من هه‌موو ئه‌و كێشانه‌ له‌ رێگای بوونی یاسایه‌كه‌وه‌ چاره‌سه‌رده‌بێت كه‌ پێدانی زانیاری‌و به‌خشینی زانیاری به‌ هاوڵاتییان چاره‌سه‌ربكات، نه‌بوونی ئه‌و یاسایه‌ش له‌ كوردستاندا ته‌نیا ده‌سه‌ڵات لێی به‌رپرسیاره‌، چونكه‌ له‌ماوه‌ی ئه‌زموونێكی دوورودرێژ له‌ كاری په‌رله‌مانی، نه‌توانراوه‌ ئه‌و كێشه‌یه‌ چاره‌سه‌ربكرێت، كه‌ به‌ رای زۆرێك له‌ شاره‌زایانی ئه‌و بواره‌ به‌شێكی زۆری ئه‌و كێشانه‌ چاره‌سه‌رده‌كات، له‌ زۆرێك له‌و یاسایه‌نه‌ش گرنگترو كاریگه‌رتره‌ كه‌ په‌رله‌مانی كوردستان ده‌ریكردوون به‌ یاسای رۆژنامه‌گه‌ریشه‌وه‌، بۆیه‌ باشتروابوو په‌رله‌مان هاوكات له‌گه‌ڵ ده‌ركردنی یاسای رۆژنامه‌گه‌ریی كه‌ به‌داخه‌وه‌ له‌ زۆر بۆنه‌دا كاری پێناكرێت، یاسایه‌كی پێشكه‌وتوو و مۆدێرن بۆ به‌خشینی زانیاری ده‌ربكات‌و كاری پێبكرێت، وه‌ك ئه‌وه‌ی له‌ زۆربه‌ی وڵاته‌ پێشكه‌وتووه‌كاندا ئه‌م یاسایه‌ له‌بری یاسای رۆژنامه‌وانی به‌كارده‌هێنرێت.

دوایه‌مین په‌یام كه‌ پێویسته‌ ئاماژه‌ی بۆ بكه‌ین ئه‌وه‌یه‌، ده‌بێت حیزب‌و حكومه‌ت میدیا جێبهێڵێت‌و خه‌ڵكی ئه‌كادیمی‌و پرۆفێشناڵ له‌و بـواره‌دا كاری خۆیان بكه‌ن، چونكه‌ مه‌سه‌له‌كه‌ زۆر روونه‌، چاودێری ده‌سه‌ڵاتی به‌ڕێوه‌بردن‌و شێوه‌ی حوكم‌و گه‌نده‌ڵی‌و خراپی مامه‌ڵه‌ی سیاسی‌و دواكه‌وتوویی سیستم‌و... تاد به‌ میدیای حیزبی ناكرێت، به‌تایبه‌ت كاتێك هه‌مان حیزب له‌سه‌ر ده‌سه‌ڵات بێت، به‌ڵكو ئه‌مه‌ كاری میدیای سه‌ربه‌خۆو ئه‌هلییه‌.

hwnar2@yahoo.com

# ئه‌مجاره‌ ده‌یانه‌وێت له‌ سه‌رژمێریدا فێڵمان لێبكه‌ن



حه‌سه‌ن ئه‌بوبه‌كر

له‌ماوه‌ی رابردوودا حكومه‌تی مه‌ركه‌زی عێراقی ئه‌و هه‌واڵه‌ی بڵاوكرده‌وه‌ كه‌ له‌ ئاماده‌كاریدایه‌ بۆ رێكخستنی سه‌رژمێرییه‌كی گشتی له‌سه‌رانسه‌ری عێراقدا له‌كۆتایی ئـه‌مـسـاڵ، وه‌ك دیـاریـشـه‌ هـه‌ڵـسـان به‌ كارێكی له‌و جۆره‌ ئاسان نییه‌و پێویستی به‌ ئاماده‌كارییه‌كی تـه‌واو هه‌یه‌ له‌ڕووی هونه‌ریی‌و زانستی‌و ته‌كنیكی‌و دانانی پلانێكی دیـارو زانستی بۆ سه‌رخستنی پرۆژه‌یه‌كی له‌و جـۆره‌، یه‌كێك له‌ هه‌ره‌ گرنگترین ئه‌و ئاماده‌كارییانه‌ دروستكردنی فۆرمێكه‌، به‌پێی ئه‌و فۆرمه‌ ئه‌و زانیارییانه‌ كۆده‌بێته‌وه‌ له‌سه‌ر چه‌ندێتی‌و دابه‌شبوونی جوگرافی دانیشتوان‌و پێكهاته‌كان، كه‌سیش لاریی له‌ گرنگی‌و پێویستی ئه‌و سه‌رژمێرییه‌ نییه‌ بۆ یه‌كلاییكردنه‌وه‌ی زۆر له‌ كه‌یسه‌ هه‌ڵواسراوه‌كانی ئه‌م وڵاته‌ بۆ نه‌خشه‌كێشان، هه‌روه‌ها بۆ هه‌موو لایه‌نه‌كانی دیكه‌ی ژیان هه‌ر له‌ ته‌ندروستییه‌وه‌ بگره‌ بۆ بازرگانی‌و ئـاوه‌دانـكـردنـه‌وه‌و گه‌شه‌پێدان‌و هه‌موو جومگه‌كانی كۆمه‌ڵگا، به‌ڵام له‌ هه‌موو ئه‌مانه‌ هه‌ستیارتر یه‌كلاییكردنه‌وه‌ی كه‌یسی ئه‌و ناوچانه‌یه‌ كه‌ كێشه‌یان له‌سه‌ره‌و زۆربه‌یان به‌و سه‌رژمێرییه‌ چـاره‌ی ده‌بێت، له‌پێش هه‌مووشیانه‌وه‌ كه‌یسی كه‌ركوك‌و ناوچه‌ دابڕاوه‌كانه‌ له‌ هه‌رێمی كوردستان، جا له‌به‌رئه‌وه‌ی ئه‌و كاره‌ په‌یوه‌ندی راسته‌وخۆی هه‌یه‌ به‌سه‌ر ستراتیژیترین پرسی نه‌ته‌وه‌ی كـورده‌وه‌، مافی خۆمانه‌ بزانین ئایا كه‌سی ئێمه‌ وه‌كو كورد له‌و لیژنه‌یه‌دا هه‌یه‌ كه‌ نه‌خشه‌كێش‌و ئاماده‌كاریی ئه‌و سه‌رژمێرییه‌ ده‌كه‌ن‌و بڕیار له‌سه‌ر بابه‌ته‌كانی‌و چۆنێتی جێبه‌جێكردنی ده‌ده‌ن؟ ئه‌وه‌ی وای لێكردم ئه‌و پرسیاره‌ بكه‌م ئه‌وه‌ بوو، هاوكات له‌گه‌ڵ بڵاوبوونه‌وه‌ی باسی ئه‌و سه‌رژمێرییه‌ له‌ میدیاكانه‌وه‌ به‌تایبه‌ت میدیا عه‌ره‌بییه‌كان، باس له‌ چه‌ند خانه‌یه‌كی ئه‌و فۆرمه‌ ده‌كرا كه‌ به‌نیازن به‌كاریبهێنن بۆ ئه‌نجامدانی ئه‌و پرۆسه‌یه‌، ئه‌و خانانه‌ی كه‌باسی لێوه‌ ده‌كرێت خانه‌ی نه‌ته‌وه‌ (قه‌ومی)و ئایین (دین)و مه‌زهه‌به‌، كه‌ وه‌ك دیاره‌ ناكۆكییان له‌سه‌ره‌و هه‌ندێك لایه‌ن داوای نه‌مانی یه‌كێكیان ده‌كه‌ن‌و هه‌ندێكیش داوای لابرنی هه‌مووی، هه‌ر كه‌س به‌پێی ئه‌جێندای سیاسی خۆی‌و به‌پێی به‌رژه‌وه‌ندی خۆی، له‌ناو ئه‌و هه‌موو باس‌و خواسته‌شدا ئه‌مجاره‌شیان وه‌ك هه‌موو جارێكی دیكه‌ ئه‌و لایه‌نانه‌ له‌ هه‌وڵی ئه‌ودان راستییه‌كان بشێوێن‌و دایپۆشن‌و چۆنیان بوێت وای لێبكه‌ن، بۆیه‌ هه‌ستم به‌ خه‌ته‌رێك كرد له‌ جۆری ئه‌وانه‌ی كه‌ له‌وه‌وپێش رووبه‌ڕووی نه‌ته‌وه‌ی كورد بوونه‌ته‌وه‌، پیلانێكی داڕێژراو هه‌یه‌ كه‌ ده‌چه‌سپێت به‌رامبه‌ر به‌ گه‌لی كورد، هه‌ستم به‌ جۆرێك له‌ گرنگیپێنه‌دان كرد له‌لایه‌ن به‌رپرسه‌كانمانه‌وه‌ له‌ به‌غدا به‌رامبه‌ر به‌و كاره‌ هه‌ستیارو چاره‌نووسسازه‌ كه‌ ئه‌گه‌ر به‌ رێكوپێكی ئه‌نجامبدرێت، ده‌بێته‌ به‌ڵگه‌یه‌كی حاشاهه‌ڵنه‌گر بۆ گه‌ڕانه‌وه‌ی مافه‌كانمان، ئه‌گه‌ر نا ده‌بێته‌ كۆسپێكی دیكه‌ له‌ رێگامان كه‌ ئه‌ركی سه‌رشانی خۆیانه‌ زۆر به‌ئاگابن له‌و جۆره‌ نه‌خشه‌ خشكه‌ییانه‌ كه‌ پیشه‌ی هه‌میشه‌یی ئه‌و لایه‌نانه‌ی له‌ هه‌موو هه‌نگاوێكدا ده‌بێت سیاسه‌تی گومانیان له‌گه‌ڵدا به‌كاربهێنین، ئه‌و هه‌سته‌شم له‌وه‌وه‌ سه‌رچاوه‌ی گرت، كه‌ ئه‌گه‌ر پیلان نه‌بێت بۆ ده‌یانه‌وێت خانه‌ی نه‌ته‌وه‌ نه‌مێنێت‌و زۆر پێداگری له‌سه‌ر نه‌مانی ده‌كه‌ن؟ بۆ وه‌ڵامی ئه‌و پرسیاره‌ ده‌بێت بزانین له‌ به‌رژه‌وه‌ندی كێدایه‌، زانیاری له‌سه‌ر نه‌ته‌وه‌ جیاوازه‌كان لـه‌ڕووی ژمـاره‌وه‌ له‌ ناوچه‌ جیاجیاكاندا نه‌بێت؟ بێگومان له‌ به‌رژه‌وه‌ندي كورددا نییه‌، چونكه‌ ئه‌وله‌یه‌تی هه‌یه‌و ده‌ڵێت كه‌ركوك كوردستانییه‌و زۆرێـك له‌ ناوچه‌كانی لێكراوه‌ته‌وه‌، كه‌واته‌ له‌ به‌رژه‌وه‌ندی عه‌قلی شۆڤێنی برا عه‌ره‌به‌كانماندایه‌ به‌ سوننه‌و شیعه‌وه‌ كه‌ هـه‌رده‌م له‌ هه‌وڵی توانه‌وه‌ی هه‌موو نه‌ته‌وه‌كانن له‌ناو كلتووری خۆیاندا، دان به‌ بوونی كه‌سی دیكه‌دا نانێن جگه‌ له‌ خۆیان، خۆیان به‌ پێشه‌وای هه‌مووان ده‌زانن له‌م وڵاتـه‌داو هه‌موو به‌ڵگه‌ مێژووییه‌كان ئه‌وه‌ ده‌سه‌لمێنن، له‌ هیچ سه‌رده‌مێكشداو له‌ئێستاشدا قـه‌د دانیان بـه‌وه‌دا نه‌ناوه‌ كه‌ كورد خـاوه‌ن مافه‌و ئه‌و ناوچانه‌ هی كوردن، له‌وانه‌یه‌ له‌ هه‌ندێك كاتی لاوازیاندا ده‌ستی ده‌ستییان پێمان كردبێت‌و هه‌موو رێگایه‌كی هه‌ڵخه‌ڵتاندنیان گرتبێته‌به‌ر تا به‌هێز بوونه‌ته‌وه‌، ئه‌وسا ده‌ستبه‌رداری هه‌موو به‌ڵێنه‌كانیان بوونه‌ته‌وه‌، ئه‌زموونه‌كانی گه‌له‌كه‌مان شایه‌دی ئه‌و راستییه‌شن، چونكه‌ ئه‌گه‌ر ئه‌مجاره‌ش بۆیان بچێته‌ سه‌ر، چۆن ده‌یانه‌وێت وابكه‌ن‌و خانه‌ی نه‌ته‌وه‌ له‌ناو ئه‌و فۆرمه‌دا نه‌هێڵن، ئه‌وكاته‌ زۆر ئاسته‌م ده‌بێت ژماره‌ی كورد بزانرێت به‌تایبه‌تی له‌و شوێنانه‌ كه‌ پێویستی به‌و زانیارییه‌ هه‌یه‌ بۆ ساغكردنه‌وه‌ی كه‌ مه‌رجێكی ده‌ستوورییه‌ بۆ ئه‌و مه‌به‌سته‌، نه‌بوونی ئه‌و زانیارییه‌، ئه‌و ماده‌ ده‌ستورییه‌ی كه‌ ژماره‌ی (١٤٠)ه‌ له‌گه‌ڵ هه‌موو كه‌موكوڕییه‌كانی كه‌ تاكه‌ هیوای كورده‌، له‌جێی خۆی به‌تاڵ ده‌بێته‌وه‌و له‌ هه‌موو ئیلزامێكی یاسای كێشه‌كه‌ش هه‌ر به‌سه‌ر ئاوه‌وه‌ ده‌مێنێته‌وه‌و هیچ چاره‌سه‌رێكی نابێت، بۆیه‌ ده‌توانم بڵێم ئه‌مه‌ش به‌شێكی دیكه‌یه‌ له‌ زنجیره‌ی دارشتنی پیلان بۆ بزركردنی مافه‌ ره‌واكانی كورد، بۆیه‌ ده‌بێت میلله‌تی كورد زۆر پێداگربێت له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی خانه‌ی نه‌ته‌وه‌ له‌ناو فۆرمی ئه‌و سه‌رژمێرییه‌دا بمێنێته‌وه‌، هیچ مساوه‌مه‌ نه‌كات له‌سه‌ری له‌ به‌رامبه‌ر هیچ ده‌ستكه‌وتێكی كاتی وه‌ك وه‌رگرتنی پۆستێك‌و ئیمتیازاتێك، بۆیه‌ كاتیی ئه‌وه‌ هاتووه‌ سه‌ركردایه‌تی كورد بیر له‌ دواڕۆژ بكاته‌وه‌ نه‌ك ئێستا.




چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ - ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ - ٣١٩٠٥١٩

کۆمەڵایەتی
ڕۆژنامە
٨ لاپەڕە

komalayati.rozhnama@gmail.com
سێشەممە 2009/5/26
ژمــارە (476)



## ڕۆژی جیهانیی هەڵمەتی جگەرەنەکێشان

ل٤-٥-٦-٧-٨



# خێزانێک لەچاوەڕوانی باوکە بێسەرو شوێنەکەیاندا

خانەوادەی (واحید حسێن) دانیشتووی ناحیەی شۆڕش کە لە ڕۆژی (٢٠٠٨/٦/٢٨)ەوە لەلایەن «هێزەکانی ئاسایشەوە ڕفێندراوە»،بەڵام تا ئێستا هیچ سۆراغێکی نییەو دەزگای ئاسایشی هەرێمیش نکوڵی لەوەدەکەن لای ئەوان دەستگیرکرابێت.

وردەکاریی زیاتر لە لاپەڕە (٢)دا بخوێنەرەوە

### بۆ هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان و بێسەروشوێنەکان، چەند پرۆژەیاسایەک ئامادە دەکرێت

ل٢

### هەرێمی کوردستان قیامەتێک لە جیاوازیی کۆمەڵایەتی

ل٣

### «چاندنی مین بەردەوامە لەو ناوچانەی ململانێی سەربازیی تێدایە لە جیهاندا»

ل٣

# هەرێمی کوردستان، قیامەتێک لە جیاوازیی کۆمەڵایەتی

هادی ئەمین*

هەرێمی کوردستان وەک رۆژی قیامەتی لێهاتووە، جیاوازییەکی زۆر بەدیدەکرێت لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی، داهاتی تاک، دەرفەتەکانی کارکردن، جۆری ژیان... ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی کە دوو چینی دوور لەیەک دروستبێت، یەکەم چینیان چینی دەسەڵاتدارانە کە لە بەهەشتی هەرێمەکەدا خەریکی خۆشگوزەرانین، دووەم چینیش چینی هاوڵاتییانە کە لە جەهەننەمی هەرێمەکەدا دەسووتێن.

چینی دەسەڵاتدار هەموو ئەوانەن کە پارەو پۆستو داهاتی میللەت لەبەردەستیاندایە، ئەوەش تەنیا خۆیان ناگرێتەوە، بەڵکو خێزانو منداڵو کەسوکاریان دەگرێتەوە، لەگەڵ هەموو ئەوانەی پەیوەندیی خوێن یان خێزانیو.. هەیە لەگەڵیاندا.

چینی هاوڵاتییانیش هەموو ئەوانەن کە بەدوور یان نزیک پەیوەست نین بە چینی دەسەڵاتدارەوە.

جیاوازییەکانی نێوان ئەم دوو چینە سەرجەم بوارەکانی گرتووەتەوە.

چینی دەسەڵاتدار لە نازو نیعەتی ژیاندا مەلەدەکەن، سەرقاڵی گرنگیدان بە چۆنێتی ژیانو بەکارهێنانی کاتەکانیان بۆ سەفەرو خۆشی، بەڵام چینی هاوڵاتییان بەردەوام لە هەوڵی قورسدان بۆ گەڕان بەدوای کرانەوەی دەرگای ژیانیانو هەر پێی ناگەن، بۆ نموونە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان لە هەرێمی کوردستاندا، جیاوازیی تێدا دەکرێت، ئەو شوێنانەی کە ئەندامانی چینی دەسەڵاتدار تێیدا نیشتەجێن، لە هەموو روویەکی خزمەتگوزارییەوە باشترە لەو شوێنانەی کە هاوڵاتییانی تێدا دەژی، ئەوان ئاوی باشو کارەباو رێگاوبانی باشیان هەیە، هاوڵاتییانی هەندێک ناوچەش بەدەست دوکەڵو تەپوتۆزی هاوینو قوڕاوی زستانەوە دەناڵێنن.

لەلایەکی دیکەوە جیاوازییەکی گەورە هەیە لەڕووی دەرفەتەکانی کارەوە لەهەرێمی کوردستاندا، هەندێک لە کەسانی سەر بە چینی دەسەڵاتدار چەندین پۆستو کاریان هەیە، هەیانە لە یەککاتدا پۆستی حکومیو حیزبی هەیەو لەولاشەوە سەرقاڵی کاری بزنسە بە پارەی میللەت، بەڵام بەشێک لە چینی هاوڵاتییان دەرفەتی کاریان دەستناکەوێت، بۆیە پەنادەبەنەبەر خۆپیشاندانو نارەزایی دەربڕین.

ئەو کەسانەش کە لە چینی هاوڵاتییان کە دەرفەتێکی کاریان لەبەردەستدایە، بەئەستەم داهاتەکەیان بەشی ژیانیان دەکات، بەداخەوە لەبەر ئەو جیاوازییانە بیستمان کە گەنجێک لەلای پارکی ئازادی خۆی سووتاندووە، ئەویش لەبەرئەوەی ئەم جیاوازییەی هەرێمی کوردستان دەرفەتی ژیانی پێنەدا.

یەکێکی دیکە لە جیاوازییەکانی هەرێمی کوردستان، جیاوازییە لە



داهاتی تاکەکەسدا، کەسانی سەر بە چینی بەرپرسان، بێ ماندووبوونو ئارەقرشتن، پارەی میللەت لەبەردەستیاندایەو دەیبەخشنەوە بەسەر دۆستو ئەحبابەکانیادا، کوڕانی چینی بەرپرس ئاخر مۆدێل ئۆتۆمبێلیان هەیە، بە ویستی خۆیان سەفەردەکەن بۆ دەرەوەی وڵاتو ئەو وڵاتە بۆ نیشتەجێبوونو خوێندن هەڵدەبژێرن کە خۆیان دەیخوازن، داهاتی بێسنوور لەبەردەستیاندایە بۆ رابواردنو بەسەربردنی کاتەکانیان، بەڵام چینی هاوڵاتییان داهاتێکی سنوورداریان هەیە بەجۆرێک بەتەواوی بەشی ژیانیان ناکات.

هەروەها لەڕووی جۆری ژیانەوە جیاوازیی گەورە هەیە، کەسانی چینی دەسەڵات هەموو ئەو چالاکیانەی کە دەیخوازن بەئاسانی دەیکەن، شوێنی حەوانەوە لە خۆشترین شوێنو هاوینەهەوار دروستدەکەن، پارکو باخی گەورە بۆخۆیان دروستدەکەن، نەک بۆ وەبەرهێنان، بەڵکو تەنیا بۆ کات بەسەربردنی خۆیان، بە دۆنم زەوی دابیندەکەن بۆ باخو کەیفو سەفای خۆیان، بەشێک لە هاوڵاتییانیش کرێچینو یان بە قوربەسەری ژوورێکی سادەیان بۆخۆیان دروستکردووە لەسەر زەوییەکی بێ تاپۆ، جگە لەوەش دەمانبینی خانووەکانیان دەڕووخاند بەسەریاندا.

هاوڵاتییان ئاوی بۆری دەخۆنەوە، چینی دەسەڵاتدار ئاوی کانزایی وڵاتانی دیکەی بەتایبەتی بۆ دێت، هاوڵاتییان خۆراکی بایعیان پێدەدرێتو چینی دەسەڵاتداریش باشترین خۆراک...

هاوڵاتییان توانایان نییە چارەسەری نەخۆشییەکانیان بکەن، چەندین نەخۆشی بەرکەوتەی چەکی کیمیاییو نەخۆشیی دیکە هەیە، کە تواناییان نییە سەردانی دەرەوەی وڵات بکەن بۆ چارەسەر، بەڵام چینی دەسەڵاتدار بۆ هەڵامەتێک بە پارەی میللەت خۆی دەگەیەنێتە باشترین نەخۆشخانەی جیهان، نەک بەتەنیا بۆخۆی، بەڵکو بۆ قەومو منداڵو دۆستەکانیشیان، جگە لەوەش پارە سەرفدەکەن بۆ نەشتەرگەریی جوانکارییو سەفەرو سیاحەت.

ئەم هەرێمەی ئێمە قیامەتێکە لە جیاوازیی، جیاوازییەکانیش بە رێژەیەکی چاوەڕواننەکراوە، کەسانی چینی دەسەڵات بێسنوورو سەدان قات پارەو دەرفەت لەبەردەستیاندایە بە بەراورد بە هاوڵاتییان.

هەرچەندە گەشەیەکی ئابووری لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، بەڵام پێموایە ئەو گەشەیە ئەوەندەی لە خزمەتی چینی دەسەڵاتداردایە، نیو ئەوەندە لە خزمەت چینی هاوڵاتییاندا نییە.

کێشەی ئەم هەرێمەی ئێمە ئەوەیە کە هەتابێت بەهەشتەکەی خۆشتردەبێتو جەهەننەمەکەشی سووتێنەرتر، بەردەوام سنووری چینی دەسەڵاتدارو هاوڵاتییان تۆخدەبێتەوەو لەیەکیدی جیادەبنەوە، تارادەیەک ئەم دوو چینە بەرجەستەو دیارن کە هەستناکرێت چینی ناوەند لەم کۆمەڵگایەدا مابێت.

جێگای ئاماژەبۆکردنە لەپێش راپەڕینی ١٩٩١-ەوە ئەو جیاوازییە کۆمەڵایەتییە بەوجۆرە نەبوو، چینی دەسەڵاتداری ئەوکاتە وەک چینی دەسەڵاتداری ئێستا پارکو ڤێلاو کۆمپانیاو سەفەرو سیاحەو چەندین پۆستو داهاتی بێسنووریان لەبەردەستدا نەبوو!

ئەگەرئەم جیاوازییەکەمنەکرێتەوە، ئەوا بۆ دواجار کۆمەڵگاکەمان لەناودەباتو رووبەڕووبوونەوەو تەقینەوەیەکی گەورە دروستدەکات.

*توێژەری کۆمەڵایەتی

Hadi.ameen@yahoo.com

# «چاندنی مین بەردەوامە لەو ناوچانەی ململانێی سەربازی تێدایە لە جیهاندا»

هەڵمەتی جیهانی قەدەغەکردنی مین (ICBL) بەکارهێنانی مینی دژەکەسی لەلایەن تاڵیبانی پاکستان لە دۆڵی (سوات)ی ئەو وڵاتە ئیدانە دەکات.

بەپێی ئەو راپۆرتانەی لەم دواییانەدا بڵاوبوونەوەو لەناویشیاندا تازەترین راپۆرتی رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ (هیومان رایتس ووچ)، هەروەها راپۆرتی ئەندامێکی سەر بە هەڵمەتە جیهانییەکە، چەکدارەکانی تاڵیبان مینی دژە کەسی بەکاردەهێنن.

رەزا شاە خانبوو بەڕێوەبەری رێکخراوی (ئاشتی بەردەوامو پەرەپێدان SPADO)، کە ئەندامێکی هەڵمەتی جیهانی قەدەغەکردنی مینە (ICBL) لە پاکستان، دەڵێت: «بارودۆخی مرۆیی لە باکووری خۆرئاوای پاکستان ئێستا زۆر ئاڵۆزەو ئێمە زۆر دەترسین ئەو مینانەی بەم دواییانە چێنراون، ببنە هەڕەشەیەکی زیاتر لە ناوچەکەدا،




بەکارهێنانی مینی زەوی نەک تەنیا دەبێتە هەڕەشەی کتوپڕو راستەوخۆ بۆ ژیانی هاوڵاتییان، بەڵکو کاریگەری درێژخایەنیشی دەبێت لەسەر ئەو دانیشتووانە».

بەپێی راپۆرتەکەی هیومان رایتس ووچ، دانیشتووانی ناوچەی (سوات) هێشتا لەو دۆڵەدا ماونەتەوەو خەڵکیش بەگشتی بەرەو شارەکانی (سوابی)و (مەردان) هەڵدێن، هەروەها تاڵیبانی پاکستان هەشت شوێنیان لە (سۆهراب خان چۆک) مینرێژ کردووە.

هیومان رایتس ووچ دەڵێت: «لەبەرئەوەی ئەو ناوچەیەی کە ئێستا شەڕەکانی تێدایە، بووەتە ناوچەی سەربازیی داخراو بەڕووی رۆژنامەنووسانو چاودێرەکانی مافی مرۆڤدا، ئێستا ناتوانرێت ئەو زانیارییە سەربازییانە وردبین بکرێت بەشێوەیەکی بێلایەن».

جگە لە تاڵیبانی پاکستان، گرووپی چەکداری دیکەش لە ناوچەی (بەلوچستان)، کە هەرێمێکی فیدراڵی خێڵەکانە لە خۆرئاوای پاکستان، هەموو مینیان هەیەو بەکاریدەهێنن.

فەیروزی عەلی زادە، کە قوربانی مینەو کارمەندی جێبەجێکردنی رێککەوتننامەیە لە (ICBL- هەڵمەتی جیهانی قەدەغەکردنی مین)، دەڵێت: «زۆربەی وڵاتانی جیهانو گرووپە چەکدارییەکانی دەرەوەی حکومەتەکان، وازیان لە بەکارهێنانی مینی دژە کەسی هێناوە بەهۆی ئەو زیانە بینراوانەی دروستیدەکەن بۆ هاوڵاتییان، بۆیە ئێمە هانی تاڵیبان دەدەین کە واز لەو کارە بهێنێتو هیچی دیکە مینی زەمینی نەچێنن، چونکە دواتر هەڕەشە لە هاوڵاتییانی خۆیان دەکات».

هەڵمەتی جیهانی قەدەغەکردنی مین (ICBL) تۆڕێکی جیهانی رێکخراوە ناحکومیەکانە لە زیاتر لە (٨٠) وڵاتدا کاردەکات بۆ جیهانێکی پاکتر لە مینی زەمینیو تەقەمەنی هێشویی، ئەو هەڵمەتە لەساڵی (١٩٩٧) خەڵاتی نۆبڵی بۆ ئاشتی پێبەخشرا وەک پێزانینێک بە هەوڵەکانی بۆ گەڵاڵەکردنی رێککەوتننامەی قەدەغەکردنی مین لەو ساڵەدا.

**وەرگێرانی: رێکخراوی کوردستان بۆ راهێنانەوەی کەمئەندامان- ئەندام لە هەڵمەتە جیهانییەکەدا.**

# پیاوێک سێ ساڵە لە لایەن ئاسایشەوە بێسەرو شوێن کراوە

**عەبدولڕەحمان ئەبوبەکر**

سومەییە لە قوتابخانە گەڕایەوە چاوەکانی پڕبوون لە فرمێسک، کاتێک زانی پرسیاری بارودۆخی خێزانەکەیانی لێدەکرێت، کە (٣) ساڵ لەمەوبەر باوکی «لەلایەن هێزێکی ئاسایشەوە» شوێنبزرکراوە، وتی: «دایکە ئەم بابەتە بۆ هیچ کەسێک باس مەکە، ئێمە تازە ژیانمان فەوتا، خەڵک پێمان دەڵێن باوکتان تیرۆریست بووە».

سومەییە واحید حسێن، کە قوتابی پۆلی یەکەمی ناوەندییە، لە دواتاقیکردنەوەی وەرزی دووەمی ئەمساڵدا بۆی دەرکەوت کە ناتوانێت درێژە بە خوێندن بدات ئەگەر حکومەت کێشەی باوکو بنەماڵەکەیان یەکلایی نەکاتەوە، بەو پێیەی «تائێستا هیچ تاوانێکی بەڵگەدار رووبەڕووی باوکیان نەکراوەتەوە، بەڵام بێسەروشوێنیشەو تۆمەتێکی گەورەشی خراوەتەپاڵ».

واحید حسێن، دانیشتووی چەمچەماڵو فەرمانبەر لە فەرمانگەی ئاوی کەرکوک، رۆژی ٢٠٠٦/٦/٢٨ لەلایەن چەند کەسێکەوە لەبەردەم شوێنی کارکردنی دەڕفێنرێت، بەڵام تائێستا نازانرێت چی بەسەر هاتووە.

واحید باوکی چوار منداڵەو بە تۆمەتی ئەوەی ئەندامی حیزبی کۆمەڵی ئیسلامی بوو دەستگیرکراوە، بەڵام بەپێی وتەی هاوسەرەکەی هیچ رۆژێک چەکدار نەبووەو فەرمانبەر بووەو تەنیا سەرقاڵی دابینکردنی بژێوی خێزانەکەی بووەو «بەبێ رووبەڕووکردنەوەی هیچ داوایەکی یاسایی پێشوەخت، لەلایەن چەند چەکدارێکەوە دەڕفێنرێتو تائێستا نەبینراوەتەوە».

گەوهەر یاسین، هاوسەری واحید، بێهیوابوونی خۆی دەربڕی بۆ بینینەوەی مێردەکەی، بەو پێیەی چەندین هەوڵیانداوە بۆ سەردانکردنی گرتووخانەکانی ئاسایشو دەزگای زانیاریو بەڕێوەبەرێتییەکانی چاککردنی کۆمەڵایەتی، بەڵام بێئەنجام بووە، وتی: «چەند جارێک خەڵکمان بینیوە کە لە گرتووخانەی ئاسایش ئازادبوون، پێیان وتووین کە واحید لەوێ دەستبەسەرە».

ئەو رۆژەی واحید دەچێت بۆ دەوامکردن، چەند چەکدارێک لە نزیک فەرمانگەی ئاوی کەرکوک پەلاماری دەدەنو دەیانەوێت دەستگیری بکەن، بەڵام پۆلیسێکی پاسەوانی فەرمانگەکە دەیەوێت بێت بە فریایەوەو نەهێڵێت بیرفێنن، بەڵام چەکدارەکان میلی دەمانچەی لێدەهێننەوەو ناسنامەی ئاسایشی سلێمانی پیشانی پۆلیسەکە دەدەنو ناهێڵن زیاتر لێیان نزیک ببێتەوەو واحید دەخەنە ئۆتۆمبێلێکەوەو بەرەو شوێنێکی نادیار دەیرفێنن.

گەوهەر دەڵێت: «ئێمە دڵنیاین کە ئەوانەی مێردەکەمیان فڕاندووە سەر بە ئاسایشی سلێمانی بووە، چونکە پۆلیسەکە ناسنامەکەی بینیونو زانیاریمان هەبووە کە راستەوخۆ گواستوویانەتەوە بۆ گرتووخانەی قەڵاچوالان».

گەوهەر ئاماژەی بە ناوی ئەو کەسە کرد کە گومان دەکرێت مێردەکەی بە گرت دابێت کە ناوی (ن، ن،ب).

گەوهەر بەردەوام باسی ئەو هەوڵانە دەکات کە لەگەڵ کەسوکارو خزمەکانی خۆیدا داویەتی بۆ زانینی هەواڵی مێردەکەی، لەو پێناوەشدا «پارەیەکی زۆری خەرجکردووە، بەڵام لەبەرئەوەی حکومەتی هەرێمو وەزارەتو دەزگا پەیوەندیدارەکان هیچ وەڵامێکی دروستی نادەنەوە، تائێستاش رێگایان پێنەدراوە پارێزەرێک بۆ واحید دەستنیشان بکەن سەردانی بکات لەنێو گرتووخانەکانیاندا.

گەوهەر ئاماژەی بەوەکرد، لە «چەند رۆژی رابردوودا واحید لە ژێر ئەشکەنجەدا نەخۆش کەوتووەو بردوویانەتە نەخۆشخانە، بەڵام دەستو قاچی زنجیری پێوەبووەو یەکێک لە خزمەکانی بینیویەتی، هەربۆیە دڵنیام کە ئاسایش دەیانەوێت بەتەواویی شوێنبزری بکەنو ناهێڵن هیچ کەسێک بیبینێت».

ئەو دایکە باسی لە خراپی باری گوزەرانیان کرد لەدوای دەستگیرکردنی مێردەکەیەوە، بەو پێیەی مووچەی مێردەکەی نەماوەو بۆ بەخێوکردنی چوار منداڵەکەی ژیانێکی تاڵی تێپەڕاندووە، وتی: «لەم زستانەدا هەفتە هەبووە هیچ پارەیەکمان پێ نەبووە، منداڵەکانم کاتێک چوون بۆ خوێندن پارە نەبووە بیاندەمی».



هەربۆیە داواکاربوو لە مام جەلالو سەرکردایەتی یەکێتی کە لە مانو نەمانی مێردەکەی ئاگاداریان بکەنەوەو ئایندەی چوار منداڵ لەبەرچاوبگرن، بۆئەوەی ژیانی ئەو خێزانە بەرەو هەڵدێر نەچێت.

سومەییە، کچە گەورەکەی واحید، وتی: «ئەگەر باوکمیان کوشتووە جەنازەکەیمان بدەنەوە، ئەگەریش ماوە بەپێی یاسا دادگایی بکەنو چیتر سەرگەردانمان کەن، چونکە ئەگەر هیچ وەڵامێکمان دەست نەکەوێت لە رێگای رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە سکاڵا تۆماردەکەین».

ئاسایشی گشتیی هەرێمی کوردستان- سلێمانی، بەدووری دەزانن هیچ دەستگیکراوێک بەو ناو و ناونیشانەوە لە دەزگاکەیان هەبێتو بەڵێن دەدەن بەدواداچوون بۆ ئەو بابەتە بکەن.

حاکم قادر حەمەجان، بەڕێوەبەری گشتیی ئاسایشی هەرێم- سلێمانی، بە رۆژنامەی راگەیاند: باوەڕناکەم دەستگیرکراوێک لەو چەشنە لەنێو گرتووخانەکانی ئاسایشدا هەبێتو وتی: «بەدواداچوون دەکەین بۆ ئەو دۆزینەوەی ئەو هاوڵاتییە، تەنانەت لەناو زیندانەکانی دیکەشدا دەگەڕێم ئەگەر هەبێت ئازادی دەکەین».



خانەوادەی واحیدکە (٣) ساڵە بێ سەروشوێنکراوە    فۆتۆ: عەبدولڕەحمان

# بۆ هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانو بێسەروشوێنەکان، چەند پرۆژەیاسایەک ئامادە دەکرێت

**ستارە عارف**

لیژنەی مافی مرۆڤ لەئەنجومەنی نوێنەران عێراق، بەنیازن چەند پرۆژەیاسایەک بدەنە وەزارەتی مافی مرۆڤی عێراقی، بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر گۆڕە بەکۆمەڵەکانو بێسەرو شوێنەکانو دەرکردنی یاسای مافی هاوڵاتیانی بێ تاوان.

بڕیاردەری لیژنەی مافی مرۆڤ دەڵێت: هەرچەندە لەکوردستان گۆڕی بەکۆمەڵ نەدۆزراوەتەوە، بەڵام دەبێت ئەگەری ١٪ی بۆ دابنێین کە گۆڕی بەکۆمەڵ لەکوردستانیش هەبێت.

ئەحلام ئەسعەد، بڕیاردەری لیژنەی مافی مرۆڤ لەئەنجومەنی نوێنەران عێراق، بەڕۆژنامەی راگەیاند: هێشتا پرۆژەکەمان پێشکەش نەکردووە، بەڵام ئەمڕۆ لەگەڵ چەند ئەندامێکی لیژنەکە سەردانی وەزارەتی مافی مرۆڤی عێراقی دەکەینو تەماشای فایلی گۆڕە بەکۆمەڵەکان دەکەینو زانیارییان لەبارەوە وەردەگرین، ئەو کاتە بانکێکی زانیاری دەکەینەوە لەسەر بنەمای ئەو زانیارییانە دەست بەپرۆژەکە دەکەینو سەردانی لیژنەی مافی مرۆڤی کوردستانیش دەکەین.

ئەو ئەندامەی ئەنجومەنی نوێنەران پێیوابوو، پشکی شێری گۆڕە بەکۆمەڵەکان بەر کورد کەوتووە، بۆیە ئەم پرۆژەیە کوردستان دەگرێتەوە، هەرچەندە لەکوردستان گۆڕی بەکۆمەڵ نەدۆزراوەتەوە، بەڵام دەبێت ئەگەری ١٪ی بۆ دابنێین کە گۆڕی بەکۆمەڵ لەکوردستانیش هەبێت.

دەربارەی بێسەرو شوێنکراوەکانی جەنگو شەڕە یەکلەدوای یەکەکانی عێراقو کوردستان، ئەحلام ئاماژەی بەوەکرد، داوایان لەحکومەت کردووە ناوەندێکی بێ سەرو شوێنەکان بکاتەوە، چونکە رۆژانە خەڵک بێسەرو شوێن دەکرێت، ئەمە زیاتر بۆ باشوورو ناوەندە، لەکوردستان رەوش ئارامترە، ئەگەر لەکوردستانیش ئەم حاڵەتە رووبدات دەتوانرێت سکاڵا بۆ ئەم ناوەندە ببرێت.

لەبارەی بەدواداچوون بۆ زیندانەکانو پێداچوونەوەی کەیسەکانیانیش رایگەیاند: بڕیاربوو سەردانی زیندانەکانی هەرێم بکەین، بەڵام دواخرا ئێمە وەک نوێنەری کورد لەبەغدا ئەگەر لیژنەکەش نەیەنە کوردستان سەردانی گرتووخانەکان دەکەینو راپۆرت پێشکەش دەکەین، بەڵام پێمانباشە دوو ئەندامی عەرەبیش لەگەڵمان بێن بۆ ئەوەی لەسەرمان نەکەوێتو دەمانەوێت مادەی وا لەپرۆژەکەدا بێت، کە خزمەت بەهەرێمی کوردستان بکات.

# ...ەنجەی سییەکانو گیانلەدەستدانی پیاوانە لە کوردستاندا

سزادەدرێن.

د.زریـــان عوسمان، یاساکەی بە «پێشکەوتوو» وەسفکرد، ئەگەرچی لە زۆرێک لە وڵاتانی دونیادا ئەو یاسایە دەرنەچووە، بەڵام لەلایەن وەزارەتی تـەنـدروسـتـیـیـەوە جێبەجێکراوەو ڕێنمایی پێویستی بـۆ دەرکـــراوە، ئەمەش بووەتە هۆی کەمتربوونەوەی ژمارەی جگەرەکێشان، کەمتر لە شوێنە گشتییەکان جگەرە دەکێشرێت، ئەگەر هیچ نەبێت خەڵکی ئەوەندە لە یاساکە گەیشتووە جگەرەکێشان قەدەغەیە، ریکلامی جگەرە لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا بە هەموو جۆرەکانییەوە نەماوە، ئەو ریکلامانەی لە شارەکاندا بوو یان لەسەر شەقامە سەرەکییەکاندا بوو، هەڵگیراون، لە زۆربـەی چێشتخانەکاندا نیشانەی جگەرەکێشان دانراوە، لەناو ئۆتۆمبێلە گشتییەکاندا جگەرەکێشان نەماوە.

## چۆنێتی گەڵاڵەبوونی پرۆژەیاساکە

ڤیان دزەیـــی باسی لـە پێشینەو ئـامـادەسـازیـیـەکـانـی یـاسـای قەدەغەکردنی جگەرەکێشان کردو ڕایگەیاند: دروستبوونی بیرۆکەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی دیـاردەی جگەرەکێشان لە هەرێمی کوردستان، هەر لە سەرەتای بەشداربوونم لە پەرلەمان لەساڵی ٢٠٠٥دا لـەلام دروستبوو، پێشبینی ئەوەم دەکرد کۆمەڵە کەسێکی دیکە هاوکاریی‌و پشتگیریم بکەن، لەکاتی هەردوو کابینەی دوو ئیدارەیی لە هەرێمدا، کارەکە زۆر بە ساردیی دەڕۆیشت، بەڵام لەگەڵ یەکگرتنەوەی دوو ئیدارەکەی هەرێمی کوردستان، دەستمکرد بە گەڵاڵەکردنی پرۆژەکە بە هاوکاریی چەند کەسێکی دیکە.

پـرۆژەیـاسـای قـەدەغـەکـردنـی جـگـەرەکـێـشـان لـە ٢٠٠٧/٥/٢٧دا خـوێـنـدنـەوەی یـەکـەمـی بـۆکـرا، بـەڵام وەزارەتـــی تـەنـدروسـتـی لە ٢٠٠٨/٣/٦دا کۆنفراسێکی بەڕێوەبرد کـە هـۆکـاربـوو بـۆ هـاتـنـە دەنـگـی میدیاکان بـۆ بـەرەنـگـاربـوونـەوەی دیـاردەی جگەرەکێشانو وروژاندنی ئـەو دەنگانەی پشتگیریی هەڵمەتی قەدەغەکردنی جگەرەکێشان دەکەن، ڤیان وتی: «ئەو کۆنفرانسە ناساندنی ئەو پرۆژەیاسایە بوو، کۆکردنەوەی دەنگی پشتگیریی بوو بۆی، یاساکە بە گشتی لە ٢٠٠٧/١١/١٤دا بەکۆی دەنگ پەسەندکرا، بەڵام لە ٢٠٠٨/١/٣١دا کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە».



## گلەیی لە جێبەجێنەکردنی یاساکە

د.زریان گلەیی لەوەدەکات کە هێشتا یاساکە بڕگەکانی جێبەجێنەکراوە، هەندێک لایەنی پەیوەندیدار وەک پێویست ئەم یاسایەیان جێیەجێ نەکردووە، لەناو بازاڕەکانی هەرێمدا هێشتا جگەرە لەلایەن منداڵانەوە دەفرۆشێت، بازاڕی تایبەتی جگەرەکێشان هەیە لە شارەکاندا، لە خاڵە سنوورییەکان ڕەتنەکراونەتەوە، پاکەتی جـگـەرە ڕێنماییەکانی ئەو یاسایەیان پێوەنییە، وەکو زیانی توتن‌و زیانی جگەرەکێشان، زیاتر لاوان جگەرە دەکێشن، شوێنی تایبەت کراوەتەوە بۆ نێرگەلە کێشان.

ڤیان دزەیـــی ئـامـاژەی بـەوەکـرد دووجارە مادەیەکی سەرەکی یاساکە دوادەخرێت، ڕایگەیاند: ئەوە بۆ دووجارە لە ئەنجومەنی وەزیران نووسراومان بۆ دەکرێت سەبارەت بە جێبەجێنەکردنی ئەو بڕیارە، جارێکیان ئەوەبوو کە کۆمەڵێک بازرگان داوایانکردووە یاساکە شەش مانگ دوابخرێت، تا ئامادەباشیی خۆیان دەکـەن‌و تا مـاوەیـان هەبێت لەگەڵ ئەو کۆمپانیانەی بەرهەمهێنان ڕێککەوتن بۆ جێبەجێکردنی بڕگەکانی ئـەو مـادەیـە، دووبـــارە لە دواخولی پەرلەماندا لە هاوینی ساڵی ٢٠٠٨دا پـــرۆژەی یاسایەکیان نـــاردەوە کە ئاگادارکردنەوەکانی مەترسییەکانی جگەرەکێشان لەسەر پاکەتی جگەرەکان دەبێت بە زمانێکی جیهانی بێت، کە ئێمە داوامانکردبوو بە زمانی کوردی بێت.

ڤیان پێیوابوو نووسینی زمانێکی بیانی لەسەر پاکەتێکی جگەرە زۆر ناهەموارو ناڕێکە، ئێمە ئەگەر بێت‌و زمانی کوردی بەلاوە بنێین، کەوا ئێمە هەوڵی چەند ساڵەمان لەسەر ئەو زمانە بووە، لە هەر وڵاتێک کە یاسا دەدرێت بە زمانی دایکە، دەتوانرێت لەپاڵ زمانە بیانییەکەدا زمانی کوردییەکەش بەکاربێت، ئەگەر زمانەکە عەرەبی یان ئینگلیزی بێت، هەروەک لە یاساکەی وڵاتی ئوردونی سەبارەت بەم مەسەلەیە ئاماژەی بەوەکردووە دەبێت ئەو بەرهەمانەی دەچێتە ئەو وڵاتەوە، ئاگادارییەکەی بە زمانی عەرەبی بێت.

ئـەو ئـەنـدام پەرلەمانە ئاماژەی بـەوەکـرد «نـابـێـت لـەبـەر خـاتـرو موجامەلەی (١٠- ١٥) بازرگان، مافی هـەزارەهـا کەسی هـەژار بخۆین کە پەنایان بردووەتە بەر جگەرەکێشان بەبێ ئـەوەی بزانن زیانەکانی چین بۆ خـۆی‌و دەوروپشتی، کەواتە ئەم پرۆژەیاسایەمان کە بە هەوڵی لیژنەی یاسایی پـەرلـەمـان‌و تەندروستی‌و کۆمەڵایەتی بنیاتناوە، لەبەرئەوەیە کە خەڵک بە زمانێکی سادە لە مەبەستەکانی تێبگەن‌و بە ئاسانترین ڕێـگـاش لە زیانەکانی جگەرەکێشان، هاوڵاتییان ئاگاداربکاتەوە، لە دیاریکردنی ڕێژەی قەتران‌و نیکۆتین لەنێو جگەرەکەدا».

ڤـیـان هـەروەهـا وتـــی: «ئـــەوەی ڕەچاودەکرێت ئێمە یاساکە دەردەکەین، بەڵام جێبەجێمان نەکردووە، بەداخەوە کە هەمووشمان پەیوەندیمان پێوەی هەیەو بەدواچوونمان کەمە، قەدرو بەهای ئەو یاسایە نازانین».




**مادەی دووەم لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی جگەرەکێشان:**

**نابێت منداڵ بەرهەمەکانی توتن‌و پێکهاتەکانی بکێشێت یاخود پیشەی فرۆشتن‌و کڕینیان دەستبداتێ، هەرچی سەرپێچی بکات بە سزای سەرپێچیکردن بەپێی یاسای نەوجەوانان ژمارە (٧٦)ی ساڵی ١٩٨٣ی هەموارکراو سزادەدرێت.**

# جگەرەکێشان هۆکاری سەرەکی نەخۆشییەکانی شێرپ

**راپۆرتی بێستون فەتاح**

**بە پێی ئاماری رێکخراوی تەندروستی جیهانیی، (١،٨) ملیارکەس جگەرە دەکێشن لەجیهاندا، ساڵانەش قوربانییەکانی نیکۆتین لە زیادبووندایە، لە هەرێمی کوردستانیشدا یاسای بەرەنگاربوونەوەی جگەرەکێشان بڕیاری لەسەردرا بەڵام، تا ئێستا وەکو پێویست جێبەجێ نەکراوە.**

## شێرپەنجە لە عێراق و هەرێمدا

زۆربـــــوونـــــی حـــاڵــــەتــــەکـــانـــی شێرپەنجە لە عێراقدا بە بەراورد بە ویلایەتەیەکگرتووەکان و نایجیریاو وڵاتانی ئەوروپا زیاترە، بەپێی نوێترین ئاماری مانگی نیسانی ٢٠٠٩ بە ناونیشانی شێرپەنجە لە عێراقدا لەماوەی پێنج ساڵی (٢٠٠٠- ٢٠٠٤)دا، (٦٣) هەزارو (٩٢٣) هاوڵاتی عێراق شێرپەنجەیان هەبووە بە جۆرە جیاوازەکانییەوە، بۆ یەکەمینجار تۆمارکراون و بە حاڵەتی نوێ دەستنیشانکراون، لەلایەن هەردوو وەزارەتی تەندروستی عێراق و وەزارەتی تەندروستی هەرێمەوە بەپێی ئامارە رەسمییەکە لەو ژمارەیە (٣٢) هەزارو (٢٨١) نەخۆشیان رەگـەزی نێرن کە ٥٠،٥٪ پێکدەهێنن، (٣١) هەزارو (٦٥٢) نەخۆشیان رەگەزی مێینەن و ٤٩،٥٪ی ئامارەکە پێکدەهێنن.

هەر بەپێی ئامارەکە (مەمک) بە یەکەمین و بڵاوترین شوێنی جەستە دەژمـــێـــردرێـــت کـــە ١٦٪ی هەموو شێرپەنجەکانی عێراق دەگرێتەوە، د.زریان عوسمان، وەزیری تەندروستی هـــەرێـــم، بـــە رۆژنـــامـــەی راگـــەیـــانـــد: شێرپەنجەی مەمک لەنێو ژناندا بە یەکەمین جۆری شێرپەنجە دەژمێرێت و جـــگـــەرەکـــێـــشـــانـــیـــش هـــۆکـــارێـــکـــە بۆ تووشبوون بەوجۆرە نەخۆشییە».

بـــەپـــێـــی ئـــامـــارەکـــەی وەزارەتـــــی تـــەنـــدروســـتـــی عـــێـــراق، سییەکان و بۆرییەکانی هەناسە دووەم شوێنی بڵاون کە شێرپەنجەیان تووش دەبێت، بە یەکەمین جۆری شێرپەنجە دەژمێردرێت لە رەگـەزی پیاواندا لە سەرتاسەری عێراقدا، کە رێـژەی ٨٪ پێکدەهێنێت، وەزیـــری تـــەنـــدروســـتـــی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەربارەی هۆکارە سەرەکییەکانی شێرپەنجەی سییەکان وتی: «جگەرەکێشان هۆکاری سەرەکی نەخۆشییەکانی شێرپەنجەی سییەکان و گیانلەدەستدانی پیاوانە لە کوردستاندا»، لەکاتێکدا نەخۆشیی شێرپەنجە سێیەم هۆکاری مردنە لە عێراقدا.

## هۆکاری دروستبوونی شێرپەنجەیە

د.ئـارام بارام، پسپۆڕی تایبەتمەند لە نەخۆشییەکانی سنگ و بۆرییەکانی خـــوێـــن، وتـــی: «جـــگـــەرەکـــێـــشـــان زیانێکی زۆری هەیەو راستەوخۆ کاریگەرییەکانی دەردەکەوێت لەسەر کۆئەندامی هەناسەدان، ئەو دووکەڵەی هەڵدەمژرێت دەچێتە بۆری هەناسەوە، کە زۆر مادەی تێدایەو دەبنە هۆکاری شێرپەنجەی کۆئەندامی هەناسەدان».

بـــەپـــێـــی وتـــەی ئـــەو پـــســـپـــۆڕە، لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە دووکەڵی جگەرە زیاتر لە (٨٠٠) مادەی زیانبەخشی جۆراوجۆری تێدایە کە کاریگەرییان هەیە لـــەســـەر شێرپەنجەکانی ئەو کۆئەندامە، ئەگەرچی جگەرەکێشان چەندین گرفتی تەندروستی دوچاری مرۆڤ دەکات، بەڵام مەترسیدارترین و مەرگهێنترینیان شێرپەنجەیە، کە سێیەم هۆکاری مردنە لە جیهاندا، هەروەها ٩٠٪ی هـــۆکـــارەکـــانـــی شێرپەنجەی سییەکان بەهۆی جگەرەکێشانەوەیە.

دەســـتـــنـــیـــشـــانـــکـــردنـــی ماکەکانی شێرپەنجەی سی گرفتی زۆرە، بەوپێیەی کاریگەرییەکانی درەنـگ دەردەکـــەون تا ئەوکاتەی بەخێرایی تەشەنە دەکات، تەنیا ٢٥٪ی ئەو نەخۆشانە دەتوانرێت بە نەشتەرگەریی چارەسەریان بۆ بکرێت.

د.زریـــــان عـــوســـمـــان دەڵـــێـــت: بەرهەمەکانی توتن وەک جگەرەو نێرگەلەو هەموو شێوەکانی دیکە، زیاتر لە (٤٠٠٠) مادەی زیانبەخشیان تێدایە، ئەم مادانە ژەهراوین و کاریگەریان هەیە لەسەر دروستبوونی چەندین نەخۆشیی، هـــەروەهـــا هـــۆکـــاری تووشبوونن بە شێرپەنجەی قورگ و پوک و زمان و گەدەو میزەڵدان و پێست و زۆر لە ئەندامەکانی دیکەی جەستە، هەروەها گیروگرفتی هەناسەتەنگی و هەوکردنی درێژخایەنی بۆرییەکانی هەناسە، کۆکەی بەردەوام و دروستبوونی بەڵغەم و لەکارکەوتنی هێواش هێواشی بەشەکانی سییەکان و دڵەکوتێ و دڵـەڕاوکـێ و نـۆرەی دڵ و نۆرەی مێشک.

هــەروەهــا وەزیـــری تەندروستی ئـــامـــاژەی بـــەوەکـــرد جگەرەکێشان هۆکارێکی سەرەکییە بۆ خوێنمەیین لەناو بۆرییەکانی خوێن و لە بۆرییەکانی پەلەکاندا، بەتایبەت پەلەکانی خوارەوە، لە بۆرییە بچووکەکانی سییەکان و دڵ کە زۆربـەی جار دەبێتە هۆکاری گیانلەدەستدان.

نەخۆشییەکانی دڵ و مێشک بەتایبەت نۆرەی دڵ و نۆرەی مێشک لە هەرێمی کوردستاندا بە هۆکاری یەکەم دەژمێردرێت لە مردنی هاوڵاتییاندا، کە یەکێک لە هۆکارەکانی ئەم نەخۆشییانە، جگەرەکێشانە، ســـەرەڕای ئـــەوەی جگەرەکێشان دەبێتە هۆی پیربوونی نـــاوەخـــتـــو زوو، لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە ئەوانەی جگەرەکێشن، بەلایەنی کەمەوە (١٢-١٣) ساڵ تەمەنیان کەمتر دەبـێـتـەوە، هـــەروەهـــا دەبێتە هۆی چرچیی پێست، دروستبوونی خاڵ و رەنگ زەردی پێستی دەموچاوو دەستەکان.

جـــگـــەرەکـــێـــشـــان دەبـــێـــتـــە هـــۆی کەمبوونەوەی تـوانـای سێکسی لە پیاوان و ژناندا، جگە لەوەی ئەو ژنانەی دووگیانن و جگەرەکێشن، ئەگەری ئەوەیان هەیە منداڵەکەیان پێشوەخت لەدایکبێت یان لەباریان بچێت، ئەو کۆرپانەی لەدایکێکی جگەرەکێش لـــەدایـــکـــدەبـــن، کـــێـــشـــیـــان کـــەمـــتـــرەو گەشەی تەواویان نەکردووە لە سکی دایکەکەیاندا، ئەگەری مردنیان هەیە لەکاتی منداڵبووندا، ئەو منداڵانەی لەگەڵ دایـک و باوکێکدا دەژیـن جگەرەکێش بن، ئەگەری ئەوەیان هەیە تووشی هەوکردنی بەردەوامی ئالوەکان بن، هەروەها ئەگەری ئەوەیان هەیە تووشی هەوکردنی سییەکان و حەساسیەتی سییەکان و بۆرییەکانی هەناسە ببن یان تووشی رەبوو ببن، جگەرەکێش ئەگەری ئەوەی هەیە چاوەکانی کزبێت یان چاویان لەدەستبدات، بەهۆی مەیینی خوێن لەناو خوێنهێنەرەکانی تۆڕی چاوی کەسەکەوە.

## یاسای بەرەنگاربوونەوەی جگەرەکێشان

لەگەڵ ئەوەی زۆر بڕگەو مادەکانی ئەم یاسایە لەلایەنی تایبەت بەخۆیەوە جـێـبـەجـێـنـەکـراوە، بـــەڵام لـــەڕووی کۆمەلایەتی و تەندروستی و رێکخستنی خێزان و لایەنەکانی دیکەوە بە یەکێک لەو یاسایانە دەژمێردرێت کە پەرلەمانی کوردستان شانازیی پێوەبکات بۆ گەڵاڵەکردن و داڕشتنی و دەرکردنی.

ڤیان دزەیـــی، ئـەنـدام پەرلەمانی کوردستان و یەکێک لە داڕێـژەرانـی یاسای قەدەغەکردنی جگەرەکێشان، لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامە وتـی: «بە شانازییەوە باسی ئەم یاسایە دەکەم کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرکراوە، بـۆ رێکخستنی کـۆمـەڵانـی خەڵکی کوردستان و رێکخستنەوەی باری ژیانی خێزان لەم خولەی پەرلەماندا توانرا یاسایەکی لەمجۆرە دەربکرێت».

بـەپـێـی یـاسـای قـەدەغـەکـردنـی جـگـەرەکـێـشـان، قـەدەغـەیـە جگەرە بکێشرێت لە شوێنە گشتییەکان و ریکلام بکرێت بۆ بەرهەمەکانی توتن لە شوێنە گشتییەکان و کەناڵەکانی راگەیاندنەوە، سەرپێچیکارانیش بەپێی هەمان یاسا




**مادەی یەکەم لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی جگەرەکێشان:**

دروستکردن یان هێنانی هەر جۆرێک لە بەروبوومی توتن یان بازرگانی پێوەکردنیان لە هەرێم یاخود نمایشکردنیان بۆ فرۆشتن یان لەخۆگرتن بەمەبەستی فرۆشتن قەدەغەیە، ئەگەر لەگەڵ نیشانەو پێوەرە نێودەوڵەتییەکان هاوجووت نەبن. ئەوەی سەرپێچی ئەم بڕگەیە بکات بە غەرامەیەک حوکم دەدرێت کە لە پێنج ملیۆن دینار کەمترنەبێت و لە بیست ملیۆن دیناریش زیاترنەبێت.

# ـــــی هێـــواشو کڕینی مـــــردنە



ئەمرۆ دەبینرێت، لە بەرازیل لە ساڵی ١٨٧٠دا دەرکەوت، یەکەمین ئاماریش دەربارەی جگەرەکێشان کرابێت، لەساڵی ١٨٨٠دا لە ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکادا بووە، کە لەوکاتەدا ژمارەی دانیشتووانەکەی (٥٠) ملیۆن کەس بووە، بەتەنیا (١,٣) بلیۆن جگەرە لەیەک ساڵدا کێشراوە، بەڵام دوای ئەوەی ژمارەی دانیشتووانی ئەو وڵاتە گەیشتە (٢٠٤) ملیۆن کەس، ژمارەی جگەرەی کێشراو لەساڵێکدا بەرزبووەوە بۆ (٥٣٦) بلیۆن، لەمەوە دەردەکەوێت ژمارەی تێکڕای زیادبوونی دانیشتووان بە ٣٠٠٪ زیادیکردووە، بەڵام ژمارەی جگەرەکێش (١٣٣) ئەوەندەی ئەو زیادکردنەی دانیشتووان زیادیکردووە.

وەزیری تەندروستی هەرێم سەبارەت بە دیاردەی جگەرەکێشان وتی: «منداڵانی ئێمە لە ماڵێکدا دەژین کە باوکیان یان دایکیان جگەرە دەکێشن، ٢٢٪ لە مامۆستایانی خوێندگاکان، ٢٨٪ی پزیشکان، ٤٢٪ی پیاوانو ١١٪ی ئافرەتان جگەرە دەکێشن».

## هەڵمەتی بەرگریکردن لە جگەرەکێشان

بەرگریی لەدژی بڵاوبوونەوەی جگەرەکێشانو دژایەتی ئەم خوە نوێیە، بۆ یەکەمینجار لەسەدەی هەژدەهەمدا دەستیپێکرد، وەکو (جیمسی یەکەم) لەو کتێبەیدا بەناوی: (بەربەرەکانی توتن)، ئەوەی خستووەتەڕوو کە جگەرەکێشان هۆکارێکە بۆ دارمانی تەندروستی، بەڵام ئەمرۆکە لە گشت وڵاتانی دنیادا ئەم هەڵمەتە بەشێوەیەکی بەرفراوان ئەنجامدەدرێت، لەسەرەتای ئەمساڵدا دەسەڵاتدارانی فەرەنسا جگەرەکێشانیان بەتەواوەتی قەدەغەکرد لە شوێنە گشتییەکاندا، وەک یانەکانو ئوتێلەکانو چێشتخانەو گازینۆکانو شوێنەکانی کات بەسەربردن... بەمەرجێک ساڵانی پێشووتر چەندەها شوێنی دیکەیان بۆ ئەم مەبەستە قەدەغە کردبوو.

لە هەرێمی ئونتاریوی وڵاتی کەنەدا یاسایەک هەیە بۆ غەرامەکردن بەبڕی (٢٤٧) دۆلاری ئەمریکی، بۆ هەرکەسێک کە لە ئۆتۆمبێلدا جگەرە بکێشێت کە منداڵێکی تێدابێت کە تەمەنی لە (١٦) ساڵ کەمتربێت، ئەگەر پەنجەرەکانیش کراوەبن.

وەزیری تەندروستی ئەو هەرێمە لە لێدوانێکدا بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن وتی: «دارِشتنی ئەم یاسایە هەنگاوێکی گرنگە بۆ پاراستنی تەندروستیی منداڵان»، هۆکاری دارِشتنی ئەم یاسایەشیان گەڕاندەوە بۆئەوەی چڕیی دوکەڵی جگەرەکێشان لەناو ئۆتۆمبێلێکدا (٢٧) جار زیاترە لە چڕیی ئەو دوکەڵەی لە ژوورێکدایە.

ئەنجامی قەدەغەکردنی جگەرەکێشان لە شوێنە گشتییەکانی وەک چێشتخانەکان لە ویلایەتی ماساشوستسی ئەمریکی، ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو، هەروەها بووەتە هۆی کەمبوونەوەی جگەرەکێشان لەنێوان هەرزەکاراندا، ٤٠٪ی جگەرەکێشە هەرزەکارەکانی ئەم ویلایەتە وازیان لێهێناوە.

د.مایکل سیگل، سەرۆکی تیمی توێژینەوەی دەرئەنجامەکانی یاسای قەدەغەکردنی جگەرەکێشان لە هەرێمی ماساشوستس، ڕایگەیاند: کاتێک منداڵ لەو شوێنانە دەبینرێت، هیچ کەسێک جگەرە ناکێشێت، وا بیردەکەنەوە ئەم کارە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە ڕەفزکراوەو ئاکارێکی نەشیاوە، ئەمەش ژمارەی جگەرەکێشانی کەمتر کردووەتەوە.

لە یابان لە نوێترین داهێنانیاندا بۆ بەرگریکردن لە جگەرەکێشان، ئامێرێکیان دروستکردووە بۆ فرۆشتنی جگەرە، پێوانەی هێڵەکانو چرچی ڕووی دەموچاو دەکات، بۆئەوەی بزانن ئەوەی جگەرە دەکڕێت لە چ تەمەنێکدایەو ئایا ئەو کەسە گەیشتووەتە تەمەنی ڕێپێدراو بۆ کڕینی جگەرە، تەمەنی ڕێپێدراو کە لەو وڵاتە (٢٠) ساڵییە، تا مانگی تەمووزی داهاتوو (٧٥٠) ئامێر ئامادە دەکرێت بۆ ئەم مەبەستە، لە هەرێمی کوردستاندا لە ٢٠٠٧/١١/١٤دا پەرلەمان یاسای (٣١)ی دەرچووان تایبەت بەم هەڵمەتە (قەدەغەکردنی جگەرەکێشان لە شوێنە گشتییەکان) کە دەبێت لە ڕۆژی ٢٠٠٨/٥/٣١–وە جێبەجێ بکرێت، کە لە (١٣) مادە پێکدێت.

## پرۆژەیاسایەکی نوێ بۆ دانانی باج لەسەر هێنانی جگەرە

لە لوبنان بۆ مەبەستی ئەم هەڵمەتە، باجیان خستووەتە سەر بازرگانیی جگەرە، سوودی ئەو باجەش بەکاردەهێنن بۆ ڕاگەیاندنی هەڵمەتی بەرگریکردن لە قەڵاچۆکردنی جگەرەکێشان، بیرۆکەی ئەم کارەش لە جێبەجێکردنیدایە لە ویلاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، کەوا لە هەرزەکاران دەکات توانای کڕینی جگەرەیان نەبێت.

ڤیان دزەیی، ئەندام پەرلەمانی کوردستان، وتی: «دەمەوێت ئاماژە بە پرۆژەیاسایەکی دیکە بکەم کە تەواوکەری یاسای قەدەغەکردنی جگەرەکێشانە لە کوردستاندا، چونکە وا هەستم دەکرد ئەو یاسایەی بەرەنگاربوونەوەی جگەرەکێشان کەموکورتی تێدا دەبێت ئەگەر بێتو باج دانەنێین لەسەر بازرگانیی بەروبوومەکانی توتن، چونکە ئەوە شتێکی جیهانییەو لە هەموو دونیادا وایە کاتێک یاسایەک دادەنرێت، بۆ ڕێکخستنی ژیانی هاوڵاتییانو تاکەکانی کۆمەڵ دەبێت، لە هەمانکاتدا ئەو کەسانەی بازرگانیی بەو مادانەوە دەکەن، لێپرسراوبن بەرامبەر ئەو هاوڵاتییانەی بەو مادانە زیانیان پێدەگاتو قەرەبوو بکرێنەوە».

ڤیان لە ٢٠٠٨/٩/١٠دا پرۆژەیاسایەکی ئامادەکردووە بە پاڵپشتی لیژنەی یاسایی پەرلەمان، ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیرانی کردووە، کە ئەو پرۆژەیاسایەش بڕگەکانی بۆ دانانی باجی خزمەتگوزاریی تەندروستییە لەسەر ئەو بازرگانانەی بەروبوومەکانی جگەرە دەهێننە هەرێمی کوردستانەوە، دەبێت پابەندبێت بە پێدانی بڕێک لە قازانجەکانی بەشێوەی باج بۆ زەرەرمەندو قوربانییەکانی ئەو بەروبوومانە، کە دەکرێتە سندوقێکی هاوکاریی بۆ زەرەرمەندبوونی ئەوانەی تووشی نەخۆشییەکانی شێرپەنجەو نەخۆشییە قورسەکانی دیکە بوون.

## دەرئەنجام

بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، لە وڵاتانی عەرەبیدا ڕێژەی جگەرەکێشان لەنێوان منداڵانی هەرزەکاردا گەیشتووەتە ٢٣٪، بەڵام ئەم ڕێژەیە لە عێراقو فەلەستیندا گەیشتووەتە ٣٠٪، بەهۆی ناجێگیریی باری سیاسیو ئابوورییەوە، لە میسردا ژمارەی جگەرەکێشەکان گەیشتووەتە (١٧) ملیۆن کەس، ساڵانەش ڕێژەی ٩٪ی جگەرەکێشان لە زیادبووندایە، ٧٠٪ی ئەوانەی ئالودەی مادە بێهۆشکەرەکانن، بەهۆی جگەرەکێشانەوە دەستیان بەم خوە کردووە، لە سعودیە تەنیا لە پایتەختدا ساڵانە (٢٠٠) ملیۆن ڕیاڵ سەرفدەکرێت بۆ کڕینی (١٧٠) هەزار پاکەت جگەرە، ٧٠٪ی ئەوانەی جگەرە دەکێشن تەمەنیان لەنێوان (٢٠– ٣٠) ساڵیدایە.

لە تونس کە سەرژمێری دانیشتووانەکەی (١٠) ملیۆن کەسە، (٣,٥) ملیۆن کەس جگەرە دەکێشن، لە لوبنانیش ساڵانە (٤٠٠) ملیۆن دۆلار سەرفدەکرێت بۆ جگەرەکێشان، هەموو ساڵێک نزیکەی (٣٥٠٠) کەس بە هۆکاری زیانەکانی جگەرەکێشانەوە دروستدەبن، گیان لەدەستدەدەن، لە چین (٣٥٠) ملیۆن کەس جگەرە دەکێشن، کە سێیەکی هەموو جگەرەکێشانی دونیا پێکدەهێنێت، ساڵانە تریلیۆنێک جگەرە دەفرۆشێت لەو وڵاتە، نرخی پاکەتی جگەرە هەرزانەو پاکەتێک جگەرە نزیکەی (٠,٢١) دۆلارە، ساڵانە نزیکەی ملیۆنێک کەس گیان لەدەستدەدات بە هۆکاری ماکەکانی نەخۆشییەکانی جگەرەکێشانەوە. بەپێی ئاماری ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، (١,٨) ملیار کەس جگەرە دەکێشێت لە جیهاندا کە زۆرینەیان دابەشبوون بەسەر وڵاتە تازە پێگەیشتووەکاندا.

ڤیان دزەیی کە زۆر داکۆکی دەکات لەسەر بەرەنگاربوونەوەی جگەرەکێشان، وتی: «ئێمە ناتوانین جگەرەکێشان بەخەڵک تەرک بکەین، چونکە ئەوە نەریتێکەو خەڵک خوی پێوەگرتووە، بەڵام دەبێت بەردەوام کاربکەین بۆ ئەوەی ئەوانەی کە جگەرەناکێشن خۆیان بپارێزنو نەوەی نوێ بپارێزین لەم خوە، چونکە هەموو داتاکانو لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە جگەرەکێشانی خۆنەویست، زیانی کەمترنییە لەوکەسانەی جگەرە دەکێشن».

**بەپێی ئاماری ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، (١,٨) ملیار کەس جگەرە دەکێشن لە جیهاندا کە زۆرینەیان دابەشبوون بەسەر وڵاتە تازە پێگەیشتووەکاندا**

# جگـــەرەکێـــشان مـــەرگێک

**راپۆرتی بێستون فەتاح**

د.نـــزار مـحـــەمـــەد ئـەمـیـن، جـێـگـری سـەرۆکـی زانـکـۆی سلێمانیو پرۆفیسۆری بواری چارەسەرکردنی دەروونـی، وتی: «جگەرەکێشان نەخۆشییەکە بەپێی پۆلێنکردنەکانی رێکخراوی تـەنـدروسـتـی جیهانی، لەگەڵ قـومـارکـردنو مەیخواردنەوەو سەرکێشیکردن دایە».

د.نـزار باسی لە هۆکارەکانی زیـاتـــر تـەشـەنـەسـەنـدنـی جگەرەکێشان کرد لەنێو توێژی گەنجاندا، ئەوەشی خستەڕوو کە گەنجان ئارەزوومەندی دۆزینەوەو شارەزابوونن (حب استطلاع)یان تـێـدایـە، بـــەردەوام حـەزدەکـەن دیاردەکان تاقیبکەنەوە، لەبەرئەوە دەبینین پـێـش هـەمـوو کەس دەستدەکەن بە جگەرەکێشان، لەسەرەتادا بەمکارە خۆشییەکی دەستدەکەوێتو جارێکی دیکە حەزی لێدەکاتەوە، هۆیەکی دیکە لاساییکردنەوەیە، پرۆسەیەک هەیە لە زانستی دەروونناسیدا پێیدەوترێت خۆ خستنە شوێن (تقمص)، خۆی دەخاتە شوێنی ئەو کەسەی جگەرەکەی بەدەستەوەیە، هۆیەکی دیکە هاوڕێیەتی ئەوانەیە کە جگەرە دەکێشن، زۆرێـک لە گەنجان بەتایبەتی لە قۆناغی سەرەتاییو هـەرزەکـاریـدا ئەم جگەرەیە کە دەیگرن بەدەستیانەوە، لەنێوان پەنجەکانیانەوە دەیبەن بۆ دەمیان، وەکو نیشانەی پیاوەتی تێی دەڕوانـــن، وا هەستدەکەن کەسێتیان بەهێزتر دەبێت، لەبەر ئـەم هـۆکـارانـە زیـاتـر گەنجان پەنادەبەن بۆ جگەرەکێشان.

## دەرکەوتنی نێرگەلە لە هەرێمدا

ئـێـسـتـا لـە شـارەکـانـی هەرێمدا دیـاردەیـەکـی خراپتر لە جگەرەکێشان پەیدابووە کە مەترسی زیاترە لە جگەرەکێشان، د.زریـــان عـوسـمـان، وەزیـری تەندروستی هەرێم وتی: «زیانی نێرگەلە زیاترە لە زیانی جگەرە، سەرەڕای ئەوەی زیانەکانی زیاترە لە هەموو ئەو زیانانەی جگەرە کە باسکران، مەترسیی دیکەی زیاتری هەیە وەک ئـەو نەخۆشیانەی ڤایرۆسینو بەکتریاین، بەهۆی بەکارهێنانی نێرگەلە لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگوازرێنەوە لـە کـەسـە نـەخـۆشـەکـەوە بۆ کەسەکەی دیکە، واتـە هۆکاری گواستنەوەی نەخۆشییە بەهۆی ئاڵوگۆڕی لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی دیکە، نەخۆشییەکانی دەستو پێست ئاڵوگۆڕی پێدەکرێت لە تووشبوویەکەوە بۆ کەسێکی ئاسایی».

## جگەرەکێشانی خۆنەویست

جگەرەکێش هەر تەنیا خۆی زەرەرمەند نابێت لەو کارە، بەڵکو ئـەو خەڵکەی لـە دەوروپشتی دادەنیشن هەمان زیانیان پێدەگاتو بەهەمانشێوە وەکو جگەرەکێش زیانەکانیان بەردەکەوێت، ڤیان دزەیی ئاماژەی بە جگەرەکێشانی خۆنەویستکرد کە کێشەی زۆری لـێـدەکـەوێـتـەوە، لـەبـەرئـەوەی هاوڵاتییان تائێستا هۆشیارییەکی کەمیان هەیە لەسەر زیانەکانی ئەم دیاردەیە.

لێکۆڵینەوە زانستییەکان ئەوەیان دەرخستووە کە جگەرەکێش ١٥٪ی دوکـەڵو زیانەکەی بۆخۆیەتی، بەڵکو برەکەی دیکە کە دەکاتە ٨٥٪ بۆ خەڵکانی دەوروپشتێتی، زۆرتر قوربانییەکانی جگەرەکێشانی خۆنەویست منداڵن، چونکە منداڵ جەستەیەکی زۆر نەرمونیانی هەیە، زۆر ئامادەباشی هەیە بۆ هەڵمژینی ئەو مادە زیانبەخشانە، تەنانەت لەو لێکۆڵینەوانەدا دەرکەوتووە سروشتی ئەو مادە زیانبەخشانە وایە کە لە جەستەی منداڵدا زووتر هەڵدەمژرێت.

## بۆچی جگەرەکێشان ئەوەندە زیانبەخشە؟

د.ئـــارام بـــارام، پسپۆڕی نەخۆشییەکانی سی، سەبارەت بە کارلێکی پاشماوەکانی دوکەڵی جگەرە لەگەڵ ئەندامەکانی لەشدا وتـی: «کاتێک دوکـەڵـی جگەرە هەڵدەمژرێتو دەچێتە سییەکانەوە، دەبێتە هۆکاری دروستبوونی گیروگرفتو نەخۆشیی زۆر».

هەروەها دوکەڵی جگەرە هۆکارە بۆ تەسکبوونەوەی بۆری هەواکان لە سییەکاندا، لەگەڵ نیشتنی مادەی کاربۆن لەسەر رووپۆشی خانەکانی سییەکان، کەمکردنەوەو نەهێشتنی هەواگۆڕکێ لەنێوان دەرەوەو سییەکاندا، بـەردەوام نەخۆشەکە هەست بە تەنگەنەفەسی دەکات، بوونی کۆکەو دەردانی بەردەوامی رژێنەکان.

د.سـوهـا نـافـع، لـە زانـکـۆی سلێمانی، ئـامـاژە بـەوەدەکـات، کـە نیکۆتینی دوکـەڵـی جگەرە دەبـێـتـە هـۆی بـەرزبـوونـەوەی ئاستی (Catecholamine)، دواتـر دەبێتە خێرا لێدانی دڵو کرژبوونی مولولەکانی خوێنو بەرزبوونەوەی پەستانی خوێنو زیادبوونی یەکە ئۆکسیدی کاربۆن لە لەشدا، ئەمەش کاریگەرییەکی سامناکی هەیە لەسەر هیمۆگلۆبین (بـۆیـەی سـووری نـاو خوێن)و کەمکردنەوەی بڕی ئۆکسجینی تـەواوە کە دەچێت بۆ شانەکانی لـەش، ئەمەش بە بەرچاوترین زیانی جگەرە دادەنرێت لەسەر کۆئەندامی دڵو سوڕی خوێن.

لـە زیـانـەکـانـی دیـکـەی بەرزکردنەوەی رێـژەی خڕۆکە سوورەکانی خوێنە بۆ جێگرتنەوەی بڕی ئۆکسجینی ناتەواوی شانەکان، لەلایەکی دیکەوە جگەرەکێشان کاریگەریی خراپی هەیە لەسەر کۆئەندامی بەرگریی، بە کارکردنە سەر ئاستی ژمارەی دژەتەنەکانو دواتر کەمکرنەوەی چالاکیی خانە هێرشبەرەکان.

بـە گشتی جـگـەرەکـێـشـان هـۆکـارێـکـی سـەرەکـیـیـە بۆ تێکچوونی تەندروستی مرۆڤو چەندین نەخۆشیی لە جەستەدا دروستدەکات: ٩٠٪ی شێرپەنجەی سـنـــگ، ٧٠٪ی نـەخـۆشـیـیـە درێژخایەنەکانی سنگ، ٨٠٪ی نـۆرەی دڵ، ٥٠٪ ناجێگیریی پەستانی خوێن، هۆکاری سەرەکی نەخۆشییەکانی پوکو دەمو دان، کاریگەریی بۆ سەر کۆئەندامی هـەرسو دەروونـــیو ئافرەتانی دووگیان.

## جگەرەکێشانو لایەنی کۆمەڵایەتی

جگەرەکێشان لە دنیادا کارێکی ناکۆمەڵایەتییە، ئەو کەسەی جگەرە دەکێشێت بۆنی لێدێت، بۆن لە هەناسەی دێت، بۆنی ژوورەکەی یان ئەو شوێنەی تێیدایە ناخۆش دەبێت، رەنگی ئەو شوێنە زەردو دێز دەبێت، لەڕووی ژینگەییەوە پاشماوەی جگەرەو پاکەتو ئەو مـادانـەی دیکەی پەیوەستن بە جگەرەوە، سـەرەڕای پیسبوونی هـــەوای دەوروبـــــەری کەسە جگەرەکێشەکە، ئەمانە گشتیان دەبنە هۆکاری پیسبوونی ژینگە.

جگەرەکێش زیان پەخشدەکات بـەسـەر چـــواردەوری خـۆیو لـەڕووی تەندروستییەوە هەمان زیـان دەبەخشێتە ئەو کەسانە، لەبەرئەوە جگەرەکێشان زیانی کۆمەڵایەتی بۆ جگەرەکێشەکە هەیە.



## مێژووی جگەرەکێشانو ئاستی بەرزبوونەوەی لە هەرێمی کوردستاندا:

بـۆ یـەکـەمـیـنـجـار لـەلایـەن ئـەوانـەی کـۆچـیـان دەکـرد بۆ کیشوەری ئەمریکا، لەسەرەتای سـەدەی شـانـزەیـەمـەوە خوی جگەرەکێشانیان گواسترایەوە بۆ کیشوەری ئـەوروپـا، بەڵام زاراوەی نیکۆتین کە خەڵکی ناوی دەبەن کاتێک باسی جگەرە دەکەن، وەرگیراوە لە ناوی جۆن نیکۆت، سەفیری فەرەنسا لە لیشبونە، ئەو کەسەی پشتگیریی تەواوی لە توتن دەکرد، سووربوو لەسەر ئەوەی جگەرەکێشان سوودێکی زۆری هەیە وەکو بەئاگابوونو چارەسەری گەلێک نەخۆشیی.

جگەرە وەک شێوەی ئەوەی



**د.زریان عوسمان: زیانەکانی بەکارهێنانی نێرگەلە زیاترە لەو زیانانەی لە ئەنجامی جگەرەکێشانەوە دووچاری مرۆڤ دەبن**

# یاسای بەرەنگاربوونەوەی جگەرەکێشان تا چەند جێبەجێکراوە؟


فۆتۆ: جەمال پێنجوێنی

مادەی حەوتەم: «پێویستە لەسەر ئەو شوێنانەی کە جگەرە یان توتن یان پێکهاتەکانی بۆ فرۆشتن نمایشدەکەن، تابلۆ دابنێن‌و ئەو ئاگادارکردنەوە تەندروستییەی کە لە بڕگەی (یەکەم/٢)ی مادەی پێنجەمدا هاتووە بەجۆرێکی بەرچاو، کە بخوێنرێتەوە لەسەری بدرێت، سەرپێچیکەریش بەغەرامەیەک سزا دەدرێت، کە لە(٥٠) هەزار دینار کەمتر نەبێت‌و لە(٥٠٠) هەزار دیناریش زیاتر نەبێت، ئەگەر سەرپێچییەکەی دووبارەکردەوە، ئەوکات کۆگاکەی بۆ ماوەی یەک مانگ دادەخرێت، ئەگەریش بۆ جاری دووەم دووبارەیکردەوە، ئەوکات مۆڵەتەکەی لێدەسەندرێتەوە».



فۆتۆ: ئاسۆ عەلی

مادەی شەشەم: «ریکلامکردن بۆ جگەرە یان توتن یان پێکهاتەکانی لەهەموو شوێنەکان لەهەرێم‌و لەهەموو هۆیەکانی راگەیاندن قەدەغە دەکرێت‌و سەپێچیکەر بەغەرامەیەک سزا دەدرێت لە(٤٠٠) هەزار دینار کەمتر نەبێت‌و لە (٢) ملیۆن دیناریش زیاتر نەبێت‌و ناچاردەکرێت ئەو سەرپێچییە لاببات».


فۆتۆ: جەمال پێنجوێنی

ماددەی دووەم: «نابێت منداڵ بەرهەمەکانی توتن‌و پێکهاتەکانی بکێشێت یان پیشەی فرۆشتن‌و کڕینیان دەست بداتێ‌و هەرچی سەرپێچی بکات بەسزای سەرپێچیکردن بەپێی یاسای نەوجەوانان ژمارە (٧٦)ی ساڵی ١٩٨٣ی هەموارکراو سزا دەدرێت».

مادەی هەشتەم: «جگەرەکێشان‌و نێرگەلە قەدەغەیە لە دامودەزگا رەسمییەکان‌و هۆیەکانی هاتوچۆی گشتیی‌و تایبەتی، قوتابخانەو بنکەکانی فێرکردن‌و زانکۆو نەخۆشخانەکان‌و بنکە تەندروستییەکان‌و نۆڕینگەی پزیشکی‌و مزگەوت‌و شوێنە گشتییەکان‌و دەزگا پیشەسازییەکان، مەڵبەندەکانی بەبازاڕکردنی بازرگانی، چێشتخانەکان، چایخانەکان‌و وێستگەکانی بەنزین‌و پێدانی سووتەمەنی».



جۆرێک لە شیرینی کە لەسەر شێوەی جگەرە دروستکراوە لە قوتابخانەکاندا دەفرۆشرێت